# زانستی کۆمەڵناسیی ڕۆژئاوا

## لێپێچینەوە و دادگاییکردن

### گەورەزانای نێو زانایانی کۆمەڵناس پێداچوونەوەیەك بۆ فیکری پێشەنگەکانی ئەم زانستە دەکات


ئیمانوێلا والەرستین

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی
مەحمود ئەلزەوادی

وەرگێڕانی بۆ کوردی
کۆسار بەرزنجی



لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٣٠)


## ئەم پەرتـووکە




ئەم پەرتووکە باس لە هەندێک لەو کاتیگۆری (وتەزا)انە دەکات کە بـووبـوونە بابەتی سەرەکی زانستی کۆمەڵناسی ڕۆژئاوا و وەک سەلمێنراو و گـومانهەڵنەگر سەیر دەکرا. لێرەدا نـووسەر لە دیدگایەکی رەخنەیی سۆسیۆلۆجییەوە ئەو کاتیگۆرییانە دادگایی دەکات و رەخنە لە بونیادی مەعریفی سێ زانای هاوچەرخ و پێشەنگی زانستی کۆمەڵناسی دەگرێت (دورکهایم ـ مارکس ـ ماکس فیبەر) کە نـوێنەرایەتی زانستی کۆمەڵناسی تەقلیدی دەکەن و کاریگەرییان لە سەر زانایانی کۆمەڵناسی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەیە.

نـووسەر کە یەکێکە لە بەناوبانگترین زانایانی کۆمەڵناسی ئەمڕۆ، داوای بەدیهێنانی «کـولتـووری کۆمەڵناسی»دەکات، وە داوای دارشتنەوەیەکی نـوێی زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتی یە مرۆییەکان دەکات، وە باوەڕی وەهایە کە دەبێت ئەم کـولتـوورەش لە سەر بناغەی پرۆگرامێک بێت کە زانست و مەعریفەکانی مرۆڤـ یەک دەخات، ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ دیدی مەعریفیی ڕۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامی کە داکۆکی دەکات لە سەر یەکیەتی زانست و مەعریفەکان. بۆیە خـوێندنەوەی ئەم پەرتـووکە پێـویستە، بـۆ پسپۆڕان و بۆ کەسانی ئاساییش.

---

ئیمانـوێل والڕستین (Emmanuel Wallenstein)، سەرۆکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی زانستی کۆمەڵناسی (١٩٩٤ — ١٩٩٨) و سەرۆکی لیژنەی (جـولبنکیان)ی نێـودەوڵەتی یە بۆ بـونیاتنانەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان (١٩٩٣ ـ ١٩٩٥). لەم سێ بـوارەدا دەنـووسێت کە پەیـوەندی بە شیکردنەوەی سیستەمە جیهانیەکانیەکانەوە هەیە: پەرەسەندنی مێژوویی سیستەمە جیهانی یە هاوچەرخەکان، کێـشەی هاوچەرخی ئابـووری سەرمایەداری جیهانی، بـونیادە مەعریفیەکان. وە لە هەریەک لەم بـوارانەدا پەرتـووکی نـووسیـوە. وەک (سیستەمی نوێی جیهانی) و (یـۆتۆبیاییەکان: یان بژاردەگەلێکی مێـژوویی بۆ سەدەی بیستویـەکەم) و (پێویستیی دارِشتنەوەیەکی نـوێ بۆ زانستە کۆمەڵایەتی یەکان: سنـوری چـوارچێـوە فیکرییەکان بۆ سەدەی نۆزدەیەم.

ئەم زانایە لەمڕۆدا لە ئەمریکا و هەمـوو جیهاندا بە یەکێک لە بەناوبانگترین زانایانی کۆمەڵناسی دادەنرێت و ئێستا لە زانکۆی (ییل) لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکادا کار دەکات.

# زانستی کۆمەڵناسیی رۆژئاوا
# لێپێچینەوە و دادگاییکردن

# زانستی کۆمەڵناسیی ڕۆژئاوا
# لێپێچینەوە و دادگاییکردن

گەورەزانای نێو زانایانی کۆمەڵناس پێداچوونەوەیەك
بۆ فیکری پێشەنگەکانی ئەم زانستە دەکات

ئیمانوێلا واڵەرستین

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی
مەحمود ئەلزەوادی

وەرگێڕانی بۆ کوردی
کۆسار بەرزنجی

**زانستی کۆمەڵناسیی رۆژئاوا لێپێچینەوە و دادگاییکردن**

نووسینی: ئیمانوێلا والەرستین

وەگێڕانی: کۆسار بەرزنجی

بابەت: کۆمەڵناسیی

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

تیراژ: دانە

نرخ:

چاپی یەکەم: چاپخانەی (شڤان) ساڵی ٢٠١٤. کوردستان ـ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (  )ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# ناوەرۆك


پێشەکیی وەرگێڕی کوردی ................................ ٧
پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی ................................ ١٠
کەلەپووری کۆمەڵناسیو پەیمانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ........ ١٧
کەلەپوور ................................................ ٢١
دۆرکهایم سێ حەقیقەتی سەلمێنراوی خستۆتە پێش چاو ........... ٢٨
ئاستەنگەکان ............................................. ٣٩
دەسپێکە تیۆرییەکان ...................................... ٧٢
پەراوێزەکان .............................................. ٨٩
فەرهەنگۆك ............................................... ١١٩

# پێشەکیی وەرگێڕی کوردی

**بە ناوی خودای زانای بێ هاوتا**

برایــانی دڵــسۆزو ماندووییـنەناســانی ســەنتەری زەهــاوی لــە کــاتی دەستبەکاربوونیانەوە هەوڵیانداوە هەموو توانایەکی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو پەرتووکانەی کە دەبنە مایەی کرانەوەی بیری مەعریفی لـە کوردسـتاندا بخەنەگـەڕ، هــەروەها بــە دەستنیــشانکردنی هەنــدێك پــەرتووکی گــرنگو دەوڵەمەنـد بـە بیرمەنـدیی، بـە مەبەسـتی وەرگێڕانـی بـۆ زمـانی کـوردی، توانیویانـە گـەلێك کـەلێنی پەرتووکخانـەی کـوردی پڕبکەنـەوە، دیـارە ئـەم هــەنگاوە پیرۆزانــەو ڕێکخــستنی گــەلێك کــۆڕو ســیمیناری فیکــری، وزەو گەرموگوڕییــەکی دیــاری مەعریفــەخوازی لــە کوردســتاندا هێناوەتــە ئــاراو پێویستە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستانیش گرنگیەکی شـایانتر بـەمجۆرە سەنتەرە مەعریفیانە، بدەن.

ئەم پەرتووکەش کە وتارێکی زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی واڵەرسـتین (لـە دایکبـووی ١٩٣٠ ــ نیویـۆرك)ە، لەسـەر پێـشنیازی ئـەم سـەنتەرە بـەڕێزەو بەتایبەت لە لایەن بیرمەندی بەڕێز دکتۆر سەباح بەرزنجییەوە وەرگێڕانی بـە بەندە سپێردرا.

کاتێك لێی وردبوومەوە سەرەڕای ئەوەی کە وەرگێڕی عەرەبی بەشـێکی گرنگی ئەم پەرتووکەی لە دیـدی خۆیـەوە باسـکردووە، منـیش بەشبـەحاڵی

خۆم بە سەرنجو دیدێکی گرنگی مەعریفی زانایەکی هاوچەرخی دەزانم لە بارەی فەلسەفەی کۆمەڵناسییەوە، تەنانەت ئەگەر ناونیشانێکی دووەم بۆ ئەم پەرتووکە دابنێم، باش وایە ناوی بنێم (خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ یەکخستنەوەی کۆمەڵناسیو زانستەکانی دیکە)، هەوڵێکی جیددییشە بۆ دووبارە خوێندنەوەی کەلەپووری کۆمەڵناسیو ئاستەنگەکانی بەردەم رێکخستنەوەی بنەما مەعریفیەکان، بە شێوەیەك کە هەموو زانستەکان بتوانن لە ئاوێنەیەکی مەعریفیدا خۆیان ببینن، سەرنجو گلەیی چەند بیرمەندێکی فیمینیستیشی لەم بوارەدا باس کردووە.

واڵەرستین، بە سوودوەرگرتن لە وتەو دیدی گەلێك لە زانایان و فەیلەسوفان ئەوەی سەلماندووە کە مرۆڤەکان بە هەموو رەنگو ناوچەو بیرو دیدیانەوە دەبێ تەواوکەری یەکدی بنو چیدی تەنها رۆژئاوا ناتوانێت سەرچاوەی هەموو فیکرو مەعریفەیەك بێتو تەنانەت مرۆڤ بە گشتی، پێویستە لەو لووتبەرزییەی سەردەمی مۆدێرنە بێتە خوارەوەو کەماسیەکانی خۆیو زانستو تەکنەلۆجیا دەرك بکاتو زیاد لە پێویست عەقڵ گەورە نەکات، هەروەها ئاماژەیەکی جوان دەکات بە (ئەنوەر عەبدولمەلیك) کە لە پەرتووکێکیدا لە ساڵی ١٩٦٣ توانیویەتی بە پتر لە دەساڵ پێش (ئەدوارد سەعید) بکەوێت لە باسکردنی هەڵەی ئەورووپا سەنتەریدا، ئەوەش ناشارمەوە کە وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە ئەوە ناگەیەنێت کە لەگەڵ هەموو ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکەدا هاوڕابم.

خوێندنەوەی بابەتەکە وشکییەکی تێدایە بە هۆی وردی و کورتی و دەوڵەمەندیەوە، چونکە کەمێك زانیاری پێویستە لەبارەی هەندێك دەستەواژە و دەربڕین و دیدگەی زانایانەوە، کە نەدەکرا بە ئاسانی

تێهەڵکێشی وەرگێڕانەکەی بکەین، بەڵام دڵنیام خوێندنەوەیەکی ئارامو ورد چێژی ئەم پەرتووکە بە خوێنەر ئاشنا دەکات، هەوڵیشم داوە فەرهەنگۆکێك بۆ هەندێك لەو وشانە دابنێم کە رەنگە لە دووتوێیٚ پەرتووکەکەدا بە خێرایی نەدۆزرێنەوە.

هیوادارم هەموو پێکەوە بتوانین لە دەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانەی کوردیدا رۆڵی گونجاوی خۆمان بگێڕین، لە کەموکوڕی منیش ببورن.

**کۆسار بەرزنجی**

**١٠ی ئەیلولی ٢٠١٤**

## پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی

ئەمڕۆ ئیمانوێل واڵەرستین Ammanuel Wallerstein بە یەکێک لە بەناوبانگترین زانایانی کۆمەڵناسی، نەك تەنها لە ئەمریکادا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا، دادەنرێت.

ئەم زانایە لە رێگای چەندین نووسینییەوە ناوبانگی دەرکردووە، وەك پەرتووکی: (سیستمی نوێی جیهانیی The Modern World System)، (پێویستبوونی دارشتنەوەیەکی نوێ بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان، Unthinking Social Sciences)، (کۆتایی جیهان بەو شێوەیەی ئێمە دەیزانین، The End of the World as We Know It) هەروەها وەك بەڕێوەبەری: (سەنتەری فیرنان برودال بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری‌و نەسەقە مێژووییەکان‌و شارستانییە مرۆییەکان) لە زانکۆی ویلایەتی نیویۆرك لە شاری (بنجهمتون) کاری کردووەو لێرەوە نازناوی (استاذ شرف متمیز)ی لە زانستی کۆمەڵناسیدا، وەرگرت.

ئێستاش مامۆستای کۆمەڵناسییە لە زانکۆی یایل YaleUniversity لە رۆژهەلاتی ئەمەریکا، بە هۆی بلندی بالای فیکریی ئەم زانایەوە، لە رێگای هەڵبژاردنەوە کرایە سەرۆکی کۆمەڵەی جیهانیی زانستی کۆمەڵناسی بۆ ماوەی چوار ساڵ، تا هاوینی ١٩٩٨.

ئەم دەقەی لەبەردەستاندایە دەگەڕێتەوە بۆ دیدارێکی (واڵەرستین) لەگەڵ زانایانی کۆمەڵناسی کە لە پێنج کیشوەرەوە هاتبوون، لە کۆنگرەی چواردەهەمی کۆمەڵەی جیهانیی زانستی کۆمەڵناسی لە شاری مۆنتریاڵ لە کەنەدا ١٩٩٨ هەروەك نەریتی پەیڕەوکراوی کۆمەڵە زانستییەکان،

سەرۆکەکانی چەند وتارێك بۆ ئەندامان دەدەن، لە بارەی بابەتو دۆزی جیاوازەوە کە پەیوەندییان بە لایەنی پسپۆڕی ئەو کۆمەڵەیەوە هەیە.

ئەم دەقە سۆسیۆلۆجیەی بەردەستمان وتارێکی سەرۆکایەتیە کە (واڵەرستین) لە ٢٦/ یۆلیۆ/ ١٩٩٨ز دا لە بەردەم ژمارەیەکی زۆری زانایانی کۆمەڵناسیدا، کە لە کەلتوور و کۆمەڵگەو رەگەز و زمانو رەنگی جیاوازەوە هاتبوون، خوێندیەوە.

بەپێی ئەوەی وەرگێڕی ئەم وتارەم (کە بۆ چەند جارێك بڵاوکراوەتەوە) پێموایە ناوەڕۆکی ئەم وتارە بۆ زانایانی کۆمەڵناسی عەرەب لە چەند ئاستێکی جیاوازدا بەسوودە، چونکە زۆربەی ئەو زانایانە پەیڕەوی تیۆریو مەنهەجەکانی زانایانی کۆمەڵناسی رۆژئاوا دەکەنو زۆر بە دەگمەن رەخنەیان لەسەری هەیە، لە بەرانبەردا (واڵەرستین) هەڵدەستێت بە لێپێچینەوە لەم بوارەدا و تەنانەت لەگەڵ سۆسیۆلۆجیای پێشەنگانی ئەم بوارەو ئەوانەی کە بە دامەزرێنەرانی کەلتووری زانستی کۆمەڵناسی دادەنرێن. هەڵدەستێت بە تەرکیزکردن لەسەر کەلەپوری فیکری سۆسیۆلۆژی رۆژئاوایی، کە ئەمڕۆ بونیاتنەری زانستی کۆمەڵناسییە لە رۆژهەڵاتو رۆژئاوا، دیارە (دۆرکهایم)و (مارکس)و (ڤێبەر) ئەو پێشەنگانەن کە فیکرو نووسراوەکانی ئەوان نوێنەری سەرچاوەی پلە یەکی رۆشنبیریی زانستی کۆمەڵناسی هاوچەرخن.

هەروەها لە دووتوێی ئەم دەقەدا دەبینین کە زاناکانی کۆمەڵناسی عەرەبو نەتەوەکانی دیکەیش، بە جۆرێك لە پیرۆزییەوە دووبارەی دەکەنەوە کە ئەو سێ پێشەنگە (لانەی شێر)ی زانستی کۆمەڵناسیی کلاسیکینو پێشیانوایە تەنها ئەو سێ کەسە خاوەنی مەقوولە هەرسکراو و

بەکارهێنراوەکانی زانایانی کۆمەڵناسیی رۆژئاواو رۆژهەڵاتن‌و راکانیان بەو سەلمێنراوانە دەزانن کە جیگای گومان و لێپێچینەوە نین!.

بێگومان ئەو ئاماژەو پێداویستییانەی لە لایەن یەکێك لە گەورەترین زانای سۆسیۆلۆجیای رۆژئاواییەوە کراوە بەرانبەر زانایانی کۆمەڵناسی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا، ئەو ڕاستیەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە کە زانستی کۆمەڵناسیی رۆژئاوا تەندروست نییە، هەم لەسەر ئاستی ئەپستمۆلۆجی‌و هەم لەسەر ئاستی فیکری پێشەنگە یەکەمینەکانی، بۆیە لێرەوە والڕستاین سەرۆکایەتی بزووتنەوەیەکی راستکەرەوە (تصحیحی)و نوێکەرەوە لەسەر ئەم دوو ئاستە، دەکات، ئەمەش بە تایبەتی لەو پەرتووکەیدا دەبینین کە ناوی (پێویستیی داڕشتنەوەیەکی نویێ بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان)ە.

لە بنەماکانی ئەم بزووتنەوە راستکەرەوەیە لای (والڕستاین)، داواکردن‌و بانگکردنییەتی بۆ یەکگرتنی زانستەکان‌و زەمینەیەکی ئەپستمۆلۆجی یەکتایی، ئەم بانگەوازەش لە قووڵایی رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامییدا پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێت.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ئاشناکردنی زانستی کۆمەڵناسی عەرەبی لەگەڵ ئەم رۆشنبیریەدا، لەسەر دوو بناغەی بەهێزی وەها دامەزراوە کە ئەستەمە رەخنە لە رەوابوونی بگیرێت:

یەکەم: گومان لەوەدا نییە رۆشنبیری عەرەبیی ئیسلامی لەسەر ئاستی پراکتیکی‌و فیکری، لە باوەڕهێنان بە دیدگای ئەپستمۆلۆجی یەکتایی بۆ هەموو مەعریفەو زانستەکان پێش هەموو کەس کەوتووە، ئەوەتا قورئانی پیرۆز، یەکەمین پەرتووکی رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی، بڕوای بە یەکتایی بەدیهێنەری گەردوون‌و لەوێشەوە باوەڕبوون بە یەکبوونی دیاردە

گەردوونییەکانە، سەرەڕای جیاوازییەکانیان، ئەمەش باشترین ئاماژەیە لەو ڕاستیەی کە بنەمای ئەپستمۆلۆجیای یەکگرتوو لە زانستەکانو مەعریفەی مرۆڤ راستیە سەلمێنراوەکانی دیدگای قورئانین، ئەوەتا پێکەوەبەسترانی توخمە زیندو و نازیندووەکانی گەردوونو یەکبوونیان، لە قورئاندا زۆر تەرکیزی لەسەر کراوەو لە سوورەتە درێژو ناوەندو کورتەکاندا چەندبارە دەبێتەوە.

لە دیدگای ئەپستمۆلۆجیای قورئانییەوە ئەم هێزی پەیوەستو یەکبوونە لەنێوان هەموو بەدیهێنراوەکانی گەردووندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەلایەن یەك خودای تاكو تەنهاوە دروستکراون، وەك خوا گەورە دەفەرموێ: (قل هوالله احد) واتە: تۆ بڵێ: ئەو خودای تاكو تەنهایە) الأخلاص [1]، یان دەفەرموێ: (لَو كانَ فِيهِما آلِهَـةٌ الاّ اللهُ لَفَسدَتا..) واتە: ئەگەر جگە لە الله خوداوەندانی دیکە لە ئاسمانەکانو زەویدا هەبوایە، تێکدەچوونو دەشێوان..) الأنبياء (٢٢).

دووهەم: بێگومان کە بانگکردنی واڵەرستین بۆ زانایانی کۆمەڵناسو بەردەوامیی داواکارییەکانی گەلێك لە زانایانی رۆژئاوا بۆ یەکخستنی ئەپستمۆلۆژیای زانستە سروشتیو کۆمەڵایەتیو مرۆییەکان، شایانی ئەوەیە پێشوازییەکی گەورەتری لێبکرێتو بە ئامادەییەکی بەهێزترەوە قەبووڵ بکرێت لە لایەن زانایانی کۆمەڵناسی عەرەبو پسپۆڕییەکانی دیکەیش لە زانکۆکانی کۆمەڵگە عەرەبیەکانەوە، کە رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی تێیدا زاڵە، چونکە ئەم رۆشنبیریە بە دەنگێکی بەرز داوای یەکبوونی ئەپستمۆلۆژیای زانست و مەعریفەتە مرۆییەکان دەکات، کەواتە گەڕانەوە بۆ ئەو ئەپستمۆلۆژیایە لە دیدگەی رۆشنبیری ئیسلامیەوە، گەڕانەوەیە بۆ

سەرچاوەو رەسـەنایەتی، گەڕانـەوەش بـۆ رەسـەنایەتیو سەرچـاوە ــ وەك دەڵێن ــ خۆی لە خۆیدا فەزیلەتە.

بێگومــان واڵەرســتینو ئــەو هاوڕێیانــەی کــە بــە دڵگەرمیــەوە هــەوڵی سەرلەنوێ یەکخستنی ئەپـستمۆلۆژیای (دوو رۆشـنبیرییەکە) دەدەن، ئـەوە دەزانــن کــە گــەلێك بەربەســتی زۆرو گــەورە لــە بــەردەم یەکخــستنی ئەپستمۆلۆژیای ئەم دوو رۆشنبیریەدا لـە کۆمەڵگـەکانی رۆژئـاوادا هەیـە، لـە لایەکــەوە دامــەزراوە ئەکادیمیــەکانی رۆژئــاوا هەســتاون و هەڵدەســتن بــە پتــەوکردنی ئــەو پـسپۆرییانەی کـە دابڕانێکـی لـە نێـوان زانـستە سروشـتی وکۆمەڵایــەتی و مرۆییەکانــدا دروســتکردووە و دروســت دەکــات، لەلایــەکی دیکەوە ئەم بونیادە ئەکادیمیانەش بوونە هۆی بەدیهێنانی عەقڵیەتی دوور لە پەیوەندی دوو لایەنە، یان لاوازبوونیو لێکدابڕان و بێمەیلی نێوان لێکۆڵـەران و زانایانی ئەو دوو رۆشنبیریە.

دیـارە زیادەڕەوییمـان نـەگوتووە ئەگـەر بڵـێین سـەرکەوتنی پرۆژەکـەی واڵرستاینو هاوڕێکانی پشتیوانییەکی باشی دەبوو ئەگەر کۆمەڵگە رۆژئاواییە هاوچــەرخەکان دیدگایــەکی هاوێنــەی دیدگــەی ئەپــستمۆلۆژی رۆشــنبیری عەرەبی ئیسلامیان هەبوایە.

بە دەربڕینی (ماکس ڤێبەر)، گونجـانی ئـەخلاقیاتی رۆشـنبیری عـەرەبی ئیـسلامی لەگـەڵ ئـەو بانگـەوازە هەڵـچووەی رۆژئـاوادا بـۆ ئـەم یەکخـسنەی ئەپستمۆلۆژیایە، لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ بانگکردنی قورئانی پـیرۆز (کـە پــەرتووکی شارســتانییەتی عــەرەبی ــ ئیــسلامیە) بـۆ یــەکبوونی دیــاردە جۆراوجۆرەکانی گەردوون کە عەقڵی مرۆڤ بە زەحمـەت بتوانێـت بیـژمێرێت، لەلایەکی دیکەوە لۆجیكو لێکۆڵینەوەکانی فەلسەفەو کۆمەڵناسـی هاوچـەرخ

زەرورەتــی هــەبوونی ئەپــستمۆلۆژیایەکی یەکخــەری زانــستەکانو مەعریفــە نوێکانمان بۆ دەسەلمێنێت.

ئەو زانستو مەعریفانەش دەبنە هۆی هەستانەوەو گۆڕانکاری لـە جـۆردا بۆ سەدەی بیـستویەکەم، هــەروەك واڵەرسـتینو هاووێنــەکانی هــەمان رایـان هەبوو، وەهاش چاوەڕوان دەکرێت لە دیدگەی رۆشنبیری عــەرەبی ئیـسلامی لە جیهانی زانستەکانو مەعروفەکاندا پێشوازییەکی تەواو لەم پەرەسەندنەی نێــو زانایــانو بیرمەنــدانی رۆژئــاوا بکــات کــە بــە ســوودی یەکخــستنی ئەپستمۆلۆژیاکان هاتۆتە ئاراوە.

ئایـا رۆشــنبیری عــەرەبی ئیــسلامی بــەو دروشمــە بــەناوبانگ نییــە کــە کۆکــەرەوەی هاوئاهــەنگی نێـوان مەعریفــەکانو زانـستەکانە لەســەر بناغــەی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان عەقڵو نەقڵ داڕێژراوە؟

**محمود الذوادي**

**مامۆستای کۆمەڵناسی**

**زانکۆی تونس**

## کەلەپووری کۆمەڵناسی و پەیمانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان [٢]

لێرەدا گفتوگۆ لەسەر بابەتی مەعریفەی کۆمەڵایەتی و کەلەپوورەکانی و بەربەستەکانی و سەرچاوە تیۆریەکانی دەکەم و هەوڵ دەدەم بەڵگەی تەواو لەسەر ئەوە بهێنمەوە کە کەلەپووری کۆمەڵناسی بریتیە لە خودی (رۆشنبیری کۆمەڵناسی) و پێناسەیەکی لە دیدگایەکی دیکەوە بۆ بکەم، هەروەها دەمەوێت بیسەلمێنم کە ئەم رۆشنبیریە چەند دەیەیەکە رووبەڕووی چەندین بەربەست و لەمپەری گەورە بۆتەوەو لە بناغەشدا خۆی لەو بانگانەدا دەنوێنێت کە رۆشنبیری کۆمەڵناسی نابینێت و دانیشی پێدانانێت، لەبەر داکۆکیە بەردەوامەکانی رۆشنبیری کۆمەڵناسی لە روویەکەوەو هێزی ئەم لەمپەرانەش لە روویەکی دیکەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بسەلمێنم کە تەنها خواستی مومکین و سوودبەخش ئەوەیە کە رۆشنبیریەکی نوێ و کراوە بەدیبێت، نەك تەنها بۆ کۆمەڵناسی (ئەم جارە)، بەڵکو بۆ هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ئەم رۆشنبیریە لە چوارچێوەی جیهانێکی مەعریفی یەکگرتوودا بێت. بێگومان ئێمە مەعریفە دابەش دەکەین و لە سێ گۆشەی جیاوازەوە بەشەکانی پێکەوە دەبەستینەوە: لە گۆشەی فیکرییەوە دابەشی دەکەین بۆ چەند پسپۆڕییەکی مەعریفی disciplines و لە گۆشەی ریکخستنەوە دابەشی دەکەین بۆ چەند بونیادێکی هاوبەش corporate، لە گۆشەی رۆشنبیریشەوە دابەشی دەکەین بۆ کۆمەڵێك لە زانایان کە هاوبەشن لە هەندێك پێشەکی لۆجیکی سەرەتایی دیارییکراودا premises، دەشکرێت هەر پسپۆڕیەکی مەعریفی بکرێت وەك بینایەکی فیکری، یان کەرەستەیەکی رێنموونیار (بۆ لێکۆڵینەوە) سەیری بکرێت.

پسپۆڕییەتی رێگایەکە بۆ دانانی هەر شتێك لە چێوەی بابەتێکی دیراسیو لە بوارێکی تایبەتداو چەند مەنهەجێکی لێکۆڵینەوەی گونجاو، لە ئەنجامی ئەمەوەیە کە سنووری کێشراوی خۆی هەیە. پسپۆڕی بەو مانایەی هەوڵ دەدات بۆ رێکوپێککردنو لە قاڵبدانی فیکر، تەنها ناوەڕۆکی بیرکردنەوەو رێگاکانی سنووردار ناکات، بەڵکو ئەودیوی بازنەی خۆیشی سنووردار دەکات، دیارە کە تەنها بەوەی بڵێین بابەتێکی دیارییکراو پسپۆڕیەکی مەعریفیە، بەس نییە بۆ دیارییکردنی ئەوەی کە ئەو پسپۆڕیە مەعریفیە چیە؟ بەڵکو ئەوەش پێویستە کە دیاری بکەیت کە ئەم پسپۆڕیە کام کایە ناگرێتەوە، بەو واتایەی کە لە هەمانکاتدا (جامیعو مانیع) بێت، واتە ئەوەی پێناس دەیگرێتەوە لە خۆی بگرێتو ئەوەی لە دەرەوەی پێناسە دەریبکات. کەواتە کاتێك کە دەڵێین: کۆمەڵناسی پسپۆڕیەکی مەعریفیە، یەکێك لە واتاکانی ئەوەیە کە داکۆکی لەسەر ئەوە بکات کە ئەم زانستە، زانستی مێژوو، یان زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا نییە، زانستی کۆمەڵناسی جیاوازە لە زانستەکانی دیکەو بۆ لێکۆڵینەوەش بواری جیاوازی هەیەو سیستمێکی جیاوازیشی لە پرۆگرامەکانیو لێکدانەوەیەکی approach فیکری جیاوازی لە باسکردنی مەعریفەی کۆمەڵایەتی، هەیە.

کۆمەڵناسی وەك پسپۆڕییەکی مەعریفی لە تەنیشت پسپۆڕیە مەعریفیەکانی دیکەداو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت، ئەم زانستەش لە ژێر چەتری زاراوەیەکی فراواندایە کە پێی دەوترێت زاراوەی (زانستە کۆمەڵایەتیەکان).

کۆمەڵناسیی، وەك پسپۆڕیەکی مەعریفی لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ ــ ١٩٤٥ز دا پەرەی سەند، لەم گۆڕەپانو لەم ماوەیەدا هەموو پێشەنگەکانی

کۆمەڵناسی، هەوڵیانداوە لانیکەم پەرتووکێك بنووسن کە کۆمەڵناسییان لەو پەرتووکەدا وەك پسپۆڕیەکی مەعریفیی ناساندووە، رەنگە دوا کاری فیکریی گرنگ لەسەر ئەم شێوازە، پەرتووکی (بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی).[٣] بێت کە لە لایەن تالکۆت پارسنس (Talcott Parsons)ەوە لە ١٩٣٧ نووسراوە.

ئەم پەرتووکەش گرنگیەکی گەورەی لە کەلەپووری ئێمەدا هەیە، پاشان دەگەڕێمەوە سەر روونکردنەوەی رۆڵی گرنگی ئەم پەرتووکە، راستە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەشە جیاوازەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان توانی خۆی دابمەزرێنێتو دانپیانانی رەسمی بۆ خۆی وەربگرێت وەك چەند پسپۆڕییەکی مەعریفی، کاتێك هەریەك لەوان هەستا بە ناساندنی خۆی بە شێوەیەك کە زۆر بە ڕوونی سەلماندی کە جیاوازی لەگەڵ پسپۆڕیە مەعریفیەکانی نزیك لە خۆی هەیە، بۆیە لە ئەنجامدا، جگە لە خەڵکانێکی کەم، هیچ کەسێك گومانی نامێنێ لە کاتی دیاریکردنی پسپۆڕیی مەعریفەیی پەرتووکێك، یان نووسراوێك کە چەند وتارێکی گرتبێتە خۆی لەم بوارەدا، لەو ماوەیەدا کاتێك دەوترا "ئەمە کۆمەڵناسی نییەو مێژوویەکی ئابوورییە، یان زانستی رامیاریە" ئەم وتەیە واتایەکی روونی دەبەخشی.

نامەوێت لێرەدا ئەو بەڵگانە بهێنمەوە کە بوونە هۆی پتەوکردنی سنوورەکان لەو ماوەیەدا، بێگومان ئەم سنوورانە سێ جۆر دابەشبوونیان دەنواند لە بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکەداو لەو رۆژگارەدا لای زانایان روون بوو، ئاشکرا کراو بەرگرییەکی بەهێزی لێکرا وەك شتە جەوهەرییەکان، بێگومان ئەو کاتە دابەشبوونێك هەبوو بە پێی کایەی رابوردوو/ ئێستا، ئەمەش بووە هۆی جیاکردنەوەی مێژووی تاکی (idiographic history) لە یاساکانی

کۆمەڵـە سـیانییەکە (nomothetic trio) کـە زانـستەکانی ئـابووریو رامیاریو کۆمەڵناسیە.

دابەشـبوونێکی دیکـە هەیـە بـە پێـی کایـەی (پێـشکەوتووی هوشـیار/ ئەویتر)، یان (ئەوروپی/ نائەوروپی) کەوا بووە هۆی جیاکردنەوەی ئەو چوار پسپۆڕییەی کە پێشتر باسمان کرد ــ کـە لـە بناغـەدا لێکۆڵینـەوەی لەسـەر جیهـانی ئـەوروپی کـرد ــــ لــە زانـستی ئـەنترۆپۆلۆژیا (زانـستی مـرۆڤ) و لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتیەکان، هەر ئەوکاتیش دابەشکردنێکی سێهەم هەبوو، کە بریتیە لە دابەشکردن بە پێی کایەی بازاڕ/ دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، وە ئەوکاتەش باوەڕ وابوو کە تەنها بۆ جیهانی پیـشکەوتوو گونجـاو بێـت، یـەك لـەدوای یـەکیش بوارەکـانی زانـستەکانی ئـابووری و رامیـاریو کۆمەڵناسـیی گرتەوە[٤]، بەڵام ئەو کێشە فیکرییەی ئەم سنوورانە پەیدای دەکات، ئەوەیە کــە گۆڕانکارییــەکانی سیــستمی نــوێی جیهــانی پــاش ١٩٤٥ز، مەبەســتم هەڵکــشانی ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئەمەریکایــە بــەرەو دروســتکردنی هەژموون بەسەر جیهاندا، ژیانەوەی رامیاری لـە جیهـانی دەرەوەی جیهـانی رۆژئـاوا، فراوانبـوونی ئـابووری جیهـان بـە شـێوەیەك هاوکـات بـوو لەگـەڵ فراوانبوونی سیستمی زانکۆیی (زۆربوونێکی فراوان لە ژمـارەی زانکۆکانـدا)، هەموو ئەم هۆکارانە کۆبوونەوەو بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی لۆجیکی ئـەو سێ دابەشکردنە[٥].

لەگەڵ ساڵی ١٩٧٠دا تەمومژێکی چڕ بە شێوەیەکی کرداری سنوورەکانی ئەم دابەشکردنانەی گرتووەتەوەو بووەتە هۆی ناڕوونییەکی وەها کـە ــــ بـە بۆچوونی منو کەسانێکی دیکەیش ــ ناتوانرێت بەرگری لـەو ناوانـە بکرێـتو ئـەو کۆمەڵـە سـنوورانە بـە یەکلاکـەرەوە بزانرێـت لەسـەر ئاسـتی فیکـریو

تەنانـەت سـوودێكی شـایانیان هـەبێت، لـە ئـەنجامی ئەمەشـدا پـسپۆڕیە مەعریفیە جۆربەجۆرەكانی زانستە كۆمەڵایەتیـەكان پـسپۆڕی راسـتەقینەی مـەعریفی نـین، چـونكە چـیدی بـە ڕوونـی نوێنـەری بـوارە جیاوازەكـانی لێكۆڵینـەوە نـین بـە پرۆگرامـی جیـاوازەوە، كەواتـە سـنووری جـێگیر و جیاكەرەوەیان نییە.

لەگـەڵ ئەمەشـدا، نـاوی پـسپۆڕیەكان وەك خـۆی ماوەتـەوە، وا دیـارە كـە هەڵوەشاندنەوەیان كارێكی دوور بێت، چونكە ئەم پسپۆڕیە مەعریفیە جیاوازانـە زۆر دەمێكـە خزێنراونەتـە نێـو ئـەو رێكخـستنە دامەزراوەییانـەی لـە بەشـە زانكۆییەكاندا چێوەیان بۆ دانـراوەو لـە نێـو پرۆگرامـەكانی خوێنـدن‌و بڕوانامـە زانكۆییـەكان و گۆڤـارە زانـستیەكان و كۆمەڵـە نیـشتیمانی و جیهانییـەكان، تەنانـەت لـە پـۆلێنكردنی پەرتووكخانەكانـدا، بێگومـان دانـانی پـسپۆڕیەكی مەعریفی لە چوارچێوەیەكی دامەزراوەییدا، تەنها رێگەیەكە بۆ پاراسـتن‌و زامـنی دووبارە بەرهەمهێنانـەوەی، ئەمـەش بـە رۆڵـی خـۆی تـۆڕێكی كـاری مرۆییانـەی راسـتەقینە دروسـت دەكـات كـە سـنووری هـەبێت، تـۆڕێكی وەهـا كـە شـێوەی بونیادە دامەزراوەییەكان وەردەگرێت، كە مـەرجی خـۆی هەیـە بـۆ ئینتیمـابوون بـۆی، خـاوەنی ئـەو بنەمایانەیـە كـە ڕێگـا دانپێـدانراوەكان بـە دیـدەهێنێت بـۆ سەركەوتن بە پلەبەرزەكانی پیشەدا، ڕێكخـراوە زانستیەكان هـەوڵی لەقاڵبـدانی فیكـر نـادەن، بـەڵكو هـەوڵی لەقاڵبـدانی پیـادەكردنی فیكـر دەدەن، هـەوڵیش دەدەن چەند سنوورێك دابنێن كە سەختگیرتر بن لـەو سـنوورانەی كـە پـسپۆڕیە فیكرییەكان لە چوارچێوە فیكرییەكاندا دایان ناوە، ئـەم بونییـە دامەزراوەییانـە (ڕێكخـراوە زانـستیەكان) دەمێننـەوە، گەرچـی بیـانووە تیۆریـەكانی مانـەوەی سنوورە دامەزراوەییەكانیان نەمابێت، لە ڕاستیشدا ئەمە ڕوویدا.

شیکردنەوەی کۆمەڵناسی وەك ڕێکخستنێك لە جیهانی مەعریفەدا، گەلێك جیاوازترە لەوەی کە وەك پسپۆڕییەکی مەعریفی فیکری شیبکرێتەوە، ئەگەر وترابێت مێشێل فۆکۆ (Mechel Foucault) لە پەرتووکی (هەڵکۆڵینەکانی مەعریفە، Archaelogy of Knowledge) دا هەوڵی بۆ شیکردنەوەی چۆنییەتی پێناسەکردنی پسپۆڕیە مەعریفیە ئەکادیمیەکانو دامەزراندنیانو دووبارە پێناسەکردنیان هەوڵی داوە، ئەوا پییێر بۆردیۆ (Pierre Bourdieu) لە پەرتووکەکەیدا (مرۆڤی ئەکادیمی، Homo Academicus) هەستا بە شیکردنەوەی چۆنییەتی دروستبوونو بەردەوامبوونی ڕێکخراوە ئەکادیمییەکانو دووبارە دروستکردنەوەی لەنێو دامەزراوە مەعریفیەکاندا.[٦]

من ئێستا هیچ یەك لە دوو ڕێگەیە ناگرمەبەر، هەروەك پێشتر باسم کرد، من بڕوام وایە کە کۆمەڵناسی پسپۆڕییەکی مەعریفی نییە ــ هەمان شتیش بەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا جێبەجێ دەبێت ــ، بە تەواوی باوەڕم وایە کە خۆمان لە دۆخێکی نارێکداینو بە هەرشێوەیەك لە شێوەکان درێژە بە ڕابوردوویەکی ئەفسانەیی دەدەین، ئەمەش ئەنجامەکانی دەخاتە ژێر گومانەوە، بۆیە تەرکیز لەسەر ئەوە دەکەم کە کۆمەڵناسیی ڕۆشنبیریە، واتە کۆمەڵێك لە زانایان لەسەر هەندێك پێشەکی لۆجیکی (premises) ڕێکدەکەون، چونکە من دڵنیام داهاتووی ئێمە لە ناخی ئەم گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوانەدا دروست دەبێت کە لەم بوارەدا دەکرێت، دەیسەلمێنم کە ڕۆشنبیری کۆمەڵناسی نوێو بەهێزە، بەڵام لە هەمانکاتدا فشەڵیو لاوازییەکیشی لە ناخدا هەیەو ناتوانێت گەشە بکات ئەگەر (گۆڕانکارییەکی جۆریی) تێدا نەکرێت.

## کەلە پوور

### مەبەستمان چیە لە رۆشنبیری کۆمەڵناسیی؟

### بەخستنەڕووی دوو تێبینی وەڵام دەدەمەوە:

یەکەم: بە شێوەیەکی ئاسایی مەبەستمان لە وشەی (رۆشنبیری) ئەوەیە کە کۆمەڵێك پێشەکی لۆجیکی یان کۆمەڵێك گریمانەو پیادەکردنی هاوبەشە، نەك بەو واتایەی لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵەکەداو لە هەموو کاتێکدا، بەڵکو لە نێوان زۆرینەی تاکەکانداو لە زۆربەی کاتەکاندا هاوبەشە، پێویستە ئەو بەشدارییکردنەش بە ئاشکرا بێت، بەڵام لە ئاشکراییەکەش گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت لە نەست (لاشعور)ەوە هەڵقوڵابێت، بە شێوەیەك زۆر بە دەگمەن ئەم گریمانە/ پێشەکیانە، جێگای مشتومڕو ڕاجیایی بێت، پێویستیشە زۆر سادەو تەنانەت کەمنرخیش بن، چونکە کاتێك ئەو وتەزایانە (مقولات) بەرزو پەنهانکراو و ئەنجامی فێربوون بن، بێگومان ئەستەمە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لەسەری یەکدەنگ بن، لەوێشەوە دەتوانن کۆمەڵێکی جیهانیی لە زانایان دروست بکەن، من وای بۆ دەچم کە کۆمەڵێك لەو پێشەکیە لۆجیکیە سادانە هەن کە لە نێوان زانایانی کۆمەڵناسدا هەیە، بەڵام مەرج نییە لە نێوان ئەو کەسانەدا هەبێت کە خۆیان ناو ناوە مێژوونووسان، یان، زانایانی ئابووری.

تێبینی دووهەم: من باوەڕم وایە کە پێشەکیە لۆجیکیە هاوبەشەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆو بێ پێناسەکردن لەو کەسانە وەرگیراون کە بە بیرمەندە دامەزرێنەرەکانیان دەزانین، لیستی بیرمەندە دامەزرێنەرەکان لای زانایانی کۆمەڵناسی لە هەموو جیهاندا، کەسانێکی وەك: دۆرکهایم (Durkheim) و مارکس (Marx) و ڤێبەر (Weber)ی تێدایە. یەکەم

تێبینییەك لەسەر ئەم لیستە ئەوەیە ئەگەر پرسیار بکرێت لە مێژوونووسان، زانایانی ئابووریو ئەنترۆپۆلۆژیا و جوگرافیا دەربارەی بیرمەندە دامەزرێنەرەکانیان، ئەوا بە لیستێکی تەواو جیاواز وەڵام دەدەنەوە، لیستەکەی ئێمە کەسانێکی وەك: جولیس میشلی (Jules Michelet) ئێدوارد گیبن (Eduard Gibbon)، ئادەم سمیث (Adam Smith)، جۆن مەینارد کینز (John May)، میکیاڤیلی (Machiavilli) و کانت (Kant)، هیگڵ (Hegel)، برۆنیسلاو مالنۆفسکی (Bronislaw Malinowski)، فرانز بوواس (Franz Boas)ی تێدایە. لێرەوە ئەو پرسیارەی ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین ئەوەیە: ئەم لیستەی ئێمە لە کوێوە هات؟ ئەگەر دوورکهایم خۆی ناوناوە زانای کۆمەڵناس، ئەوا ماکس ڤیبەر لە کۆتایی ژیانیدا بە شێوەیەکی ناڕوونو ناڕاشکاوی خۆی وەك زانای کۆمەڵناس ناساندووە و.[٧]

گومان لەوەشدا نییە کە مارکس هیچ کاتێك خۆی وەك زانایەکی کۆمەڵناسی نەناساندوە، سەرەڕای ئەوەی گەشتووم بە هەندێك لە زانایانی کۆمەڵناس کە خۆیان بە دۆرکهایمیو هەندێکی تریش خۆیان بە مارکسی و هەندێکی تریش خۆیان بە ڤیبەری ناو دەبەن، بەڵام تا ئێستا کەسێکی لەو جۆرانەم نەبینیوە کە بڵێ لەهەمانکاتدا من دۆرکهایمی و مارکسیو ڤیبەریم، کەواتە چ واتایەك دەمێنێتەوە بۆ ئەو قسەیەی کە دەڵێت: ئەو سێ کەسایەتیانە دامەزرێنەرانی بواری کۆمەڵناسیین؟ لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پەرتووك و پەرتووکە بڕیاردراوەکانی زانکۆکان (textbooks) بەردەوام سوورن لەسەر ئەوەی ئەم کەسایەتیانە بە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسیی دادەنێن.[٨]

هەمیشە دۆخەکە بەم شێوەیەش نەبووە، لە راستیدا کۆکردنەوەی ئەم سێ کەسایەتیە دەگەڕێتەوە بۆ تالکۆت پارسنز (Talcott Parsons) لەو کارەیدا کە بە خشتێکی بناغەیی دادەنرێت لە رۆشنبیری کۆمەڵناسییدا، لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (بونیادی فرمانی کۆمەڵایەتی ـــ The Structure of Social Action). ئامانجی پارسنز ئەوە بوو کە دان بنێت بە فەزڵی ئەو سێکوچکەیەی لە دۆرکهایم و ڤێبەر و ڤیلفریدۆ (Vilfredo Pareto) پێکهاتبوو، بەڵام لەبەر هۆیەك لە هۆیەکان، نەیتوانی قەناعەت بکات بە کەسانی دیکە کە رۆڵی باریتۆ چەند گرنگ بووەو باریتۆش هەروا بە داپۆشراوی مایەوە، مارك خرایە نێو ئەو لیستەوە، سەرەڕای هەوڵەکانی پارسنز بۆ دوورخستنەوەی، سەرەڕای ئەمەش ئەو لیستە بە بۆچوونی من توانی لەسەر دەستی پارسنز رووناکی ببینێت، ئەمەش واتای ئەوەیە ئەم لیستە زۆر نوێیە، بێگومان کە پاش ساڵی ١٩٤٥ ز دەرکەوتووە.

کاتێك پارسنز لە ساڵی ١٩٣٧دا پەرتووکەکەی نووسی، دۆرکهایم گرنگیو پێگەی لە زانستە کۆمەڵایەتیە فەرەنسییەکاندا کەمتر بوو لەو پێگەیەی کە پێش بیست ساڵ هەیبوو، هەروەها لەو پێگەیەی کە پاش ساڵی ١٩٤٥ هەیبوو.[٩]

دۆرکهایم لە لای هیچ یەك لە کۆمەڵە نیشتیمانییە سەرەکیەکانی دیکەی کۆمەڵناسی کەسایەتییەکی سەرچاوەیی (مەرجەعی) نەبوو، ئەوەی کە زۆر سەیرە لێرەدا ئەوەیە کە لە پێشەکی چاپە ئینگلیزییەکەی پەرتووکی (بنەماکانی پەیڕەوی سۆسیۆلۆژی) لە ساڵی ١٩٣٨دا جۆرج کاتلین ( George E.G.Catlin ) ـــ بۆ خوێنەرە ئەمریکیەکان ـــ بەرگری لەوە دەکات کە گرنگی بداتە رۆڵی دۆرکهایمو لە ریزی گرووپی چارلس بوث ( Charles

Booth) و فلەكسنەر (Flexner) و تۆماس (W.I.Thomas)دا دایبنێت. دەڵێت: گەرچی هەریەك لە فونت (Wundt) و ئیسپیناس (Espinas)و تونیز (Tonnies) و زیمەل (Simmel) لە ئەندێشەكانیدا پێش دۆركهایم كەوتوون، بەڵام ئەمە هیچ لە گرنگی دۆركهایم كەمناكاتەوە[١٠]. هیچ گومان لەوەدا نییە كە لەم رۆژەدا مرۆڤ ناتوانێت بەم شێوە دەربڕینە دۆركهایم پێشكەش بكات، ئەوەی شایانی ئاماژە پێكردنە كە بیروبۆچوونەكانی ڤێبەر لە ساڵی ١٩٣٧دا لە زانكۆكانی ئەڵمانیادا نەدەخوێندرا، ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بكەین ئەوا تەنانەت ساڵی ١٩٣٢ ئەو كەسایەتیە سەركردایەتیە نەبوو كە ئێستا لە كۆمەڵناسی ئەڵمانیادا حسابی بۆ دەكرێت، نووسینەكانی تا ئەو كاتەش بۆ زمانەكانی ئینگلیزیو فەرەنسی وەرنەگێڕرا بوو، بەڵام ماركس، زۆر بە دەگمەن ناوی لە بازنە ئەكادیمیە متمانەپێكراوەكاندا دەهات.

كۆنێل (R.W. Connell) لە ڕاپرسییەكی نوێدا روونیكردەوە كە پەرتووكەكانی زانكۆ هەندێكجار باسی لەو سێ نووسەرە كردووە، بەڵام لە ناو لیستێكی درێژدا كە گەلێك ناوی دیكەی تێدا بووە، كۆنێل ئەمە ناو دەنێت "دیدگایەكی ئەنسكلۆپیدیایی بۆ زانستی نوێ لە لایەن ئەو كەسانەوە كە مومارەسەی دەكەن، نەك پشتبەستوو بێت بە لیستێكی دانپێدانراو، كە ناوی دامەزرێنەرانی تێدا بێت"[١١].

ئەم ئەنجامەی كە كۆنێل پێیگەیشتووە، منیش زۆر دەمێكە باوەڕم پێی هەبووە، لە راستیدا لیستی دامەزرێنەران دەبێتە ناسێنەری رۆشنبیری، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ ـــ ١٩٧٠ز گەیشتە لووتكەی خۆی، كە ماوەیەكی زۆر تایبەتی بوو، زانایانی كۆمەڵناسی ئەمریكی بەسەر كۆمەڵناسییدا

زاڵبووبوون‌و لەو کاتەشدا قوتابخانەی (بونیادگەری ـ وەزیفی) پێشەنگ بوو و لەنێو زانایانی کۆمەڵناسییدا بە بێ ڕکابەر پەسەندکراوترین بوو.

پێویستە لیستی دامەزرێنەران بە دۆرکهایم دەستپێبکات ـ کە لە نێو سێ پێشەواکەدا پتر هەست دەکات کە شایستەترینە بۆ خۆدیتنەوەی لە زانستی کۆمەڵناسیدا. دۆرکهایم دامەزرێنەری گۆڤارێکە، ناوی (ساڵنامەی زانستی کۆمەڵناسی) (L`Anne`e Sociologique) کە لە ساڵی ١٩٩٨ز دا ئاهەنگی یادی ١٠٠ساڵەی یەکەم ژمارەیمان بۆ کرد، هەروەها ئاهەنگی بیرەوەری پەنجا ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی جیهانی زانستی کۆمەڵناسی (ISA)مان گێڕا.

دۆرکهایم وەڵامی یەکەمین و ڕوونترین پرسیاری داوەتەوە، کەوا هەر توێژەرێکی واقیعی کۆمەڵایەتی لە کاتی توێژینەوەی مەیدانییدا پرسیاری لەبارەوە دەکات، پرسیارەکەش ئەوەیە: چۆن هەندێك مرۆڤ پابەند دەبن بە کۆمەڵێك نەریتی تایبەتەوەو پابەند نابن بە هەندێکی دیکەوە؟ چۆن هەندێك مرۆڤی خاوەن "باکگراوەندی جیاواز" حەز لە پابەند بوون بە هەمان نەریتەوە بکەن، زیاتر لەو کەسانەی کە خاوەنی باکگراوەندی جیاوازن؟ ئێمە ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە بە باشی دەزانین‌و لە لامان پرسیار نییە.

سەرەڕای ئەمەش، دەتوانین دووبارە سەرنجی وەڵامەکەی پێشووی دۆرکهایم بدەینەوە، دۆرکهایم بە ڕوونی داکۆکی لەسەر بەڵگە بناغەییەکانی دەکات لەسەرەتای چاپی دووەمی پەرتووکەکەیدا "بنەماکانی پەیڕەوی سۆسیۆلۆژی" کە لە ساڵی ١٩١٠ز دا نووسیویەتی، ئامانجی لەم پێشەکیەدا ئەوە بوو کە وەك بەرپەرچدانەوەیەك بێت بۆ ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لە چاپی یەکەمی پەرتووکەکەی گرتبوو، هەوڵدەدات ئەو قسانەی خۆی ڕوون بکاتەوە کە هەستی کردووە خەڵکی بە هەڵە لێی تێگەشتوون.

## دۆرکهایم سێ حەقیقەتی سەلمێنراوی خستۆتە پێش چاو

یەکەم: "پێویستە مامەڵە لەگەڵ ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەین، بەو پێیەی کە ـ شت ـــ ن". هەروەها داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم قسەیە: "لە کرۆکی پەیڕەوی ئێمەدایە"، سووریشە لەسەر ئەوەی کە واقیعی کۆمەڵایەتی لە بناغە/ قەوارەیەکی ماددیدا کورت ناکرێتەوە، بەڵام بە سادەیی "پلەیەك لە واقیعیەت دەبەخشێتە جیهانی کۆمەڵایەتی کە یەکسان بێت بەو ئەندازەیەی هەر تاکێك دەیبەخشێت بە جیهانی ماددسی". دەڵێت: " شت لە بەرانبەر بیرۆکە (فیکرە)دایە، هەروەك چۆن ئەوەی لە دەرەوەدایە لە بەرانبەر ئەو شتەدایە کە لە ناوەوەدا ناسراوە"[(١٢)].

دووەم سەلمێنراو ئەوەیە: "بێگومان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە دەرەوەی تاکەکاندایە"[(١٣)].

لە کۆتاییدا دۆرکهایم داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە کۆت (القید)ی کۆمەڵایەتی وەك کۆتی ماددیی نییە، چونکە لە ناوەوە هەڵناقوڵێت، بەڵکو لە دەرەوە سەپێنراوە(١٤). پتر داکۆکی دەکات بۆ ئەوەی ڕاستیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت، پێویستە لە نێوان تاکەکاندا کارلێکردنی کۆمەڵایەتی هەبێتو لە ئەنجامدا: "هەندێك بیروباوەڕو چەندین جۆر لە هەڵسوکەوت دروست دەبێت کە لە سرووشتی کۆمەڵیەوە سەرهەڵدەدات، لێرەوە دەکرێت پێناسەی زانستی کۆمەڵناسیی بکرێت بەوەی ئەو زانستەیە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر بنەماکانو ئەرکەکانی دامەزراوەکان دەکات"(١٥).

بەم شێوەیە ئێمە بە ڕوونی قسە لەسەر داکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەین کە بە شێوەیەکی کۆمەڵی دروست بووە و ئەم داکەوتەیە پێویستە لە لایەن زانایانی کۆمەڵناسییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، کەواتە

کۆمەڵناسیی بریتیە لە زانستی دامەزراوەکان، تەنانەت دۆرکهایم پێشبینی ئەم گرنگیپێدانەی ئێستای ئێمەی کردبوو بە بکەری کۆمەڵایەتی (agency)، کاتێك لەم خاڵەدا تێبینییەك ئیزافە دەکات کە دەیسەلمێنێت سنوورەکانی" جۆرایەتیە ڕێپێدراوەکان" وەك مەسەلەیەك هەیە.[١٦]

بێگومان ئەم سێ گوتەیەی دۆرکهایم پێکەوە بەڵگەی دۆرکهایم پێکدەهێنن بە قازانجی "ئەو مەبدەئە بناغەییەی کە داکۆکی دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان داکەوتەیەکی بابەتییان هەیە، لە کۆتاییشدا هەموو شتەکان پشت بەم بنەمایە دەبەستن و دەگەڕێنەوە سەری"[١٧].

نامەوێت لێرەدا گفتوگۆ لەسەر دیدگاکانی خۆم دەربارەی ئەم تێزانەی دۆرکهایم بکەم، بەڵام دەمەوێت پێشنیازی ئەوە بکەم کە هەوڵەکانی دۆرکهایم بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی گۆڕەپانی کۆمەڵناسی، ئەو گۆڕەپانەی ناوی دەنێت "راستیە کۆمەڵایەتییەکان" وەك بوارێکی جیاکراوە لە هەردوو گۆڕەپانی بایۆلۆجیاو دەروونناسی، لە ڕاستیدا پێشەکیەکی لۆجیکیو بناغەییە بۆ ڕۆشنبیری زانستی کۆمەڵناسی. ئەگەر بڵێین هەندێك کەس لە زانایانی کۆمەڵناسی ئێمە، خۆیان ناو دەنێن زانایانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، یان سەر بە قوتابخانەی کارلێککەری رەمزیین، یان سەر بەقوتابخانەی تاکگەرایی پەیڕەوگەر (منهجی) یان سەر بە قوتابخانەی دیارگەرایی ـ یان وەك هەندێك دەڵێن دیاردەگەرایی ـ (فینۆمینۆلۆژیا) یان سەر بە قوتابخانەی پۆست مۆدێرنە، ئەوا لە وەڵامدا دەڵێم: ئەو کەسانە سەرەڕای ئەو ناوانەش هەر هەوڵە مەعریفیەکانیان لە ژێر ناوی زانستی کۆمەڵناسییدا درێژە پێدەدەن، نەك لە ژێر ناوی دەروونناسی یان بایۆلۆجیا،

یان فەلسەفەدا، بێگومان ئەمەش هۆکارێکی فیکریی هەیە، ئەمەش لە دیگای منــەوە قبــوڵکردنی ناڕاســتەوخۆی دۆرکهایمیــە بــۆ واقیعییــەتی راســتیە کۆمەڵایەتیەکان، هەرچەند زۆر زۆریش ئارەزوویان لەوەیە ئەم بنەمایە پیادە بکـەن بـە چـەند رێگایـەکی زۆر جیـاواز لـەو شـێوازەی دۆرکهـایم پێـشنیازی کردبوو.

لە پێشەکی چاپی یەکەمی پەرتووکی ناوبراودا، دۆرکهایم گفتوگۆ لەسـەر ئەو ئاکارە دەکات کە دەبێت بۆی دابنرێت و دەڵێـت: ڕێگـای دروسـت ئـەوە نییە کە ناوی بنرێت "مـاددیی " یـان "میـسالی"، بـەڵکو دەبێـت ناوبنرێـت "عـەقلانی"[١٨] ( rationalis)، لـە کاتێکـدا وشـەی "عـەقلانی" خـۆی لـە خۆیدا بۆ چەندین سەدە بابـەتێك بـوو بـۆ موجادەلـەی فەلـسەفی و ڕاجیـایی، بەڵام بێگومان لانیکەم لە سەردەمی دۆرکهایمەوە تاساڵی ١٩٧٠ز ناوێـك بـوو هەموو زانایانی کۆمەڵناسی بەکاریاندەهێنا[١٩].

دەمـەوێت ئـەوە تەئکیـد بکەمـەوە کـە کـاتیگۆری (مەقولـە)ی دۆرکهـایم بەڵگەنەویـستی (ژمـارە یـەك)ە بـۆ رۆشـنبیریی کۆمەڵناسـی، پوختەکەشـی ئەوەیە: هەندێك گرووپی کۆمەڵایـەتی هـەن خـاوەنی پێکهاتەیـەکی عـەقلانی وەهان کە قابیلییەتی لێکدانەوەیان تێدایە، بەم داڕشتنە سادەیە، من باوەڕم وایە ژمارەیەکی زۆر کەم هەیە لە زانایانی کۆمەڵناسی کـە ڕاسـتیو دروسـتی ئەم بەڵگەنەویستە نەسەلمێنن.

ئەو کێشەیەی کە ناوی دەنێم بەڵگەنەویستی ژمـارە یـەك لـە بـوونی ئـەو گرووپانەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە یەکێتی ناوەکی نییـە، ئـا لێـرەوە رۆڵـی مارکس دێت، کاتێك هەوڵی داوە وەڵامی ئەو پرسـیارە بداتـەوە کـە دەڵێـت: چـــۆن ناکۆکیـــە ناوخۆییـــەکان لـــە نێـــوان گرووپـــە کۆمەڵایەتییـــەکان

سەرهەڵدەدات، لە کاتێکدا پێویست وایە کە یەك یەکە بن (وشەی گرووپیش پێش هەر شتێك ئەم واتایە دەگەیەنێت)؟ هەمووشمان وەڵامی مارکس لەم بارەیەوە دەزانین، کە لەو ڕستەیەدا کورت دەبێتەوە کە لەسەرەتای مانیفێستی کۆمۆنیستیدا هاتووە: "بێگومان مێژووی کۆمەڵگەکان تا ئەمڕۆش بریتیە لە ململانێی چینەکان"[٢٠]. دیارە مارکس ئەوەندە سادە عەقڵ نەبووە کە بە ئاشکرا دەربڕینی گوتارەکەی دەربارەی سروشتی ململانێکەو لێکدانەوەی هۆکارەکانی، دەقاودەق وەك خۆی وەربگیرێت، یان بە یەکێك لە واتاکان لە دیدگای کەسی توێژەرەوە[٢١] بەڕاست دەزانرێت. کارەکانی دیکەی مارکس پێکدێن لە لێکدانەوەی زانستی مێژووی ململانێی چینەکانو شیکردنەوەی ئالیەتەکانی کاری سیستمی سەرمایەداریو ئەو ئەنجامگیرییە ڕامیاریانەی پێویستە لەسەر مرۆڤ لەم چێوە شیکاریەدا پێیبگات، هەموو ئەمانە پێکەوە مارکسییەت بە واتا وردەکەی پێکدەهێنن، کە دیارە ڕێچکەو دیدگایەکی شیکارییە کە هەردووکیان جێگای ڕاجیاییەکی تووند بوو لە نێو گۆڕەپانی زانستی کۆمەڵناسیو دەرەوەی کۆمەڵناسییدا.

نامەوێت گفتوگۆ لەسەر خاڵە بەهێزەکانی مارکسییەت بکەم، یان بەڵگەی دژەمارکسیەکان بهێنم، تەنها ئەمەوێت بپرسم بۆچی هەوڵی (پارسنز) بۆ دوورخستنەوەی مارکس لە زانستی کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی ئابڕووبەرانە شکستی هێنا، سەرەڕای ئەوەی شەڕی سارد لە ئارادا بوو، وە چەند ئارەزوویەکی رامیارییش هەبوو بۆ دوورخستنەوەی لە لایەن زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسیەوە لە جیهاندا هەبوو؟ وای بۆ دەچم مارکس گفتوگۆ لەسەر مەسەلەیەکی ناوەندیی (مرکزی) لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکات کە بە سادەیی پشتگوێ ناخرێت، ئەو بابەتەش ململانێی چینایەتیە.

مارکس لێکدانەوەیەکی تایبەتی بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی هەبوو، تەرکیزی لەسەر ئەو ڕاستیە کرد کە خەڵکی پەیوەندی جیاوازیان بە هۆکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە، ئەوەتا هەندێکیان خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنانن‌و هەندێکیان لێی بێبەشن و هەندێکیان مافی بەکارهێنانیان هەیەو هەندێکی دیکەیان ئەو مافەیان نییە، بێگومان بۆ ماوەیەك ئەو قسەیە زۆر بڵاوبووەوە کە مارکس لەم قسەیەیدا بە هەڵەدا چووە و هەرگیز ململانێی چینایەتی تاقە سەرچاوەی ململانێی کۆمەڵایەتی نییەو تەنانەت یەکەم سەرچاوەش نییە، بێگومان کە چەند جێگرەوە (ئەڵتەرناتیڤ)ێکی جیاواز خرایە روو: وەك پێگەی کۆمەڵەکان (ئاستی کۆمەڵایەتی)، ئەو کۆمەڵانەی پەیوەندیە ڕامیارییەکانیان پێکەوە بوو، رەگەز، پەیوەندی نێر و مێ، هەموو پەیوەندییەکانی دیکە.

جارێکی دیکە دەڵێم: ئێستا نامەوێت گفتوگۆ لەسەر دروستی و نادروستی ئەم ئەڵتەرناتیڤانە بکەم کە لەبری "چین" دانراون؟، بەڵام تەنها دەمەوێت ئامـاژە بەو تێبینییە بکەم کە هەر جێگرەوەیەك بۆ زاراوەی "چین"، گریمانەی مەرکەزیەتی ململانێ دەکاتو بە سادەیی یاری بە لیستی جێگرەوە رکابەرەکان دەکات، یەکیان پێشدەخاتو ئەوی دی دەخاتە دواوە، بەڵام ئایا هیچ کەسێك مارکسی ڕەفز کردوە بەو شێوەیەی کە بڵێت: ئەم قسانە هیچ واتایەکی نییە، چونکە هیچ ململانێیەکی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نییە؟

با ڕاپرسی وەربگرین کە چالاکیەکی سەرەکییە لە پیشەی زانایانی کۆمەڵناسییدا، داخۆ چ کارێك دەکەین؟ وەك نەریتی هەمیشەیی، نموونەیەکی نوێنەر هەڵدەبژێرین‌و کۆمەڵە پرسیارێك ڕووبەڕووی ئەو نموونەیە دەکەینەوە

که پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە، لە بارودۆخە ئاساییەکاندا گریمانـەی ئـەوە دەکــەین کــە زنجیرەیــەك وەڵام بەدەســتدەهێنین، ســەرەڕای ئــەوەی کــە بیرۆکەیــەکی پێــشوەختی ڕوونمــان نییــە دەربــارەی ئــەوەی کــە زنجــیرەی پرسیارەکان بـەرەو کـوێ دەڕوات، جـا ئەگـەر باوەڕمـان وابێـت کـە وەڵامـی هــەموو پرســیارێك وەك وەڵامــی پرســیارەکانی دیکــە، ئــەوا هــیچ ســوودێك نامێنێتــەوە بـۆ ڕاپرسـیەکە، کـاتێکیش وەڵامـەکانمان دەسـتکەوت، ئـەرکی سەرشانمان چی دەبێت؟ بێگومـان کۆپەیوەندیـەك (correlati) لـە نێـوان پرسیارەکانو کۆمەڵێك گۆڕاوی (variable)ی بنەڕەتیدا دروست دەکـەین، وەك: پێگــەی کۆمەڵایــەتی، ئــابووری، پیــشەو رەگــەزو تەمــەنو ئاســتی خوێندنو..... ئایا بۆچی هەوڵی دروستکردنی ئـەم پەیوەندییانـە دەدەیـن؟ چونکە گریمانەی ئەوەمان داناوە کە هەر گۆڕاوێك زۆربەی جار، یان ئاسـایی زنجیرەیەك کەسی لەخۆگرتووە کە لە کایەیەکی دیارییکراودا پێکەوە دەژین، کرێکـارانو بازرگانــانو پیــاوانو ئافرەتــانو لاوانو بەتەمەنــەکان کەســانی دیکەیش چەند وەڵامێکی جیاوازیان بۆ پرسیارەکان هەیە.

ئەگەر گریمانەی هەبوونی جۆرە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانمان نەکردایە ــ زۆربەی کات بۆ دڵنیابوون لە جۆرەجیاوازەکان روو لە پێگەی کۆمەڵایەتی ــ ئابووری دەکەین ـ ئەوا هەر لەسەرەتادا ئەم راپرسیەمان نەدەکرد، بێگومان کە گواستنەوە لە جۆراوجۆربوونەوە بۆ ململانێ هەنگاوێکی گەورە نییە، بـە شـێوەیەکی گـشتی، ئـەو کەسـانەی دەیانـەوێت نکـوولی لـەوە بکـەن ئـەو جۆربەجۆر بوونە دەبێتە هۆی ململانێ، ئەوا گومانی ئەوەیان لێـدەکرێت کـە رێز لە داکەوتەیەکی روون و ئاشکرا ناگرن، بە هۆی بەسترانەوەیان بە چـەند هۆکارێکی ئایدیۆلۆجی رووتەوە.

ئەمەش ئەو دۆخەیە کە ئێستا ئێمـەی تێـداین، هـەموومان مارکسین لـەو شێوە سووککراوەی (مخفـف) کـە نـاوی دەنـێم سـەلمێنراوی ژمـارە دوو بـۆ رۆشـنبیریی زانـستی کۆمەڵناسـی، کورتەکەشـی دەڵێـت: هــەموو کۆمەڵـە کۆمەڵایەتییـەکان لقـە کۆمەڵـەکانیان ( subgroups) لـەخۆگرتووەو لـە شێوەی هەرەمیدان، لـە ململانێدان لەگـەڵ یەکدی. ئایا ئەمـە شـێوەیەکی سووککراوی مارکسیەتە؟ گومان لـەوەدا نییـە کـە پرۆسـەیەکی سـووککراوی ترسـناکە، بـەڵام ئایـا ئەمـە پێـشەکیەکی لـۆجیکی (premise) نییـە بـۆ زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی؟ بێگومان وەهایە.

ئایا دەتوانین لێرەدا راوەستین؟ نەخێر، نـاتوانین لێـرەدا راوەسـتین. لـە دوای ئەوەی کە بڕیارمان دا کە گرووپە کۆمەڵایەتیەکان واقیعین بەو رادەیەی دەتوانین لەگەڵیدا لێکدانـەوە بـۆ شـێوازی کـارکردن بکـەین (بەڵگەنەویـستی ژمـارە یـەك)، پـاش ئـەوەش کـە سـەلماندمان لـە نـاخی خۆیـدا ململانێـی بـەردەوامی حەشـارداوە (بەڵگەنەویـستی ژمـارە دوو) بێگومـان پرسـیارێکی جەوهەریی رووبەڕوومان دەبێتەوە: بۆچی هەموو کۆمەڵگەکان بە رێگەیەك لە رێگـەکان ناتەقێتـەوە، یـان پارچـە پارچـە نابێـت، یـان خـۆی لـەناو ببـات؟ سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئـەم تەقینەوانـە ناوبـەناو روو دەدەدەن، بـەڵام زۆر ئاشکرایە زۆربەی کاتەکان روونادات، بێگومان جۆرێك لە "سیستم" هەیە لـە ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا سـەرەڕای داکـۆکییکردنی بەڵگەنەویـستی ژمـارە دوو، لێرەوە رۆڵـی ڤێبـەر دەردەکـەوێت بـۆ ئـەوەی لێکدانەوەیـەکمان پێـشکەش بکات بۆ سیستم سەرەڕای هەبوونی ململانێ.

وا راهاتووین کە ڤێبەر بە ئۆپۆزسیۆنی مارکس بزانین، ئـەو زۆر داکـۆکیی دەکات لەسەر ئەو لێکدانەوە رۆشـنبیرییانەی پێـچەوانەیە لەگـەڵ لێکدانـەوە

ئابوورییەکانـداو سـووره لەسـەر بیرۆکراسـیەت لــە بــریتی کەڵەکــەبوونی سەرمایە، وەك هێزێکی سەنتەریی کە جیهانی نوێ دەجوڵێنێـت، بـەڵام ئـەو چەمکی سەرەکییەی لای ڤێبەر سنوورێك بۆ مارکس دادەنێت، یـان لانیکـەم گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دەهێنێت، بریتیە لە چەمکی یاسامەندی ـ الشرعية ـ (legitimacy).

ئەنجا بزانین ڤێبەر دەربارەی شەرعیەت چی دەڵێـت؟ ڤێبـەر گرنگـی بـە بناغەی دەسەڵات دەداتو دەپرسێت: بۆچـی ژێردەسـتان ملکەچـن بـۆ ئـەو کەسانەی کە فـەرمانیان بەسـەردا دەکـەن؟ چـەند هۆیـەکی روونو جیـاوازی هەیە، وەك: لاساییکردنەوە (تقليد)، حـسابکردن بـۆ قـازانجی مـاددیی، وەك دەرەنجامی ملکەچییەکە، بەڵام ڤێبەر دەڵێت: ئەم هۆکارانـە بـەس نییـە بـۆ لێکدانەوەی فراوانیو بڵاوبوونەوەی ئەم گوێڕایەڵییە، بۆیە هۆیـەکی دیکـەش دەهێنێتە ئارا کـە بـە " باوەڕهێنـان بـە شـەرعیەت"[٢٢] نـاوی دەنێـت، وەك هۆکارێکی بکەری کاریگەر، لەگەڵ ئەم خاڵەدا ڤێبەر سـێ جـۆرە پاڵفتەکـەی دەسەڵات، یان زاڵبوونی رەواو شەرعی، کە بریتیە لە: شەرعیەتێکی وەسـتاو لەسـەر بنەمایـەکی عـەقڵی، شـەرعیەتێکی بونیـاتنراو لەسـەر زەمینەیـەکی تەقلیـــدیو شـــەرعیەتێکی بونیـــاتنراو لەســـەر بناغەیـــەکی کـــاریزمی (کەسایەتیەکی ئیلهامبەخش بۆ شـوێنکەوتووانی)، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە دەســەڵاتی تەقلیـدی لای ڤێبــەر بونییــەی رابــووردووە، نــەك تازەگــەری، بێگومان کاریزما، هەرچەند رۆڵی گرنگی لـە داکەوتـەی مێـژوویی و شـیکاری ڤێبەریـدا گـرنگ بێـت، ئـەوا لـە بناغـەدا دیاردەیـەکی تێپـەڕە، لـە کۆتاییـدا دەگۆڕێت بۆ رۆتینێك، ئـەوەی بۆمـان دەمێنێتـەوە "دەسـەڵاتێکی عـەقڵانی یاسایی" وەك شێوازێکی نوێی بەڕێوەبردن"[٢٣]

بـە دڵنياييـەوە ئـەو وێنەيـەی ڤێبـەر بۆمـان دەكێـشێت لـەوەدا خـۆی دەبينێتەوە كە دەسەڵات پێويستە لە لايەن كارمەندانەوە بەڕێوەببرێت، واتە پێويستە بيرۆكراتی بێت، بەو واتايەی سيستمێكی بێلايەنـەو لايـەنگری هـيچ كام لە خەڵكو دەسەڵات ناكات، دەوترێت بيرۆكراسيەت سيستمێكی بێلايەنە بەو واتايەی بڕيارەكانی بەپێی ياسايە، ئەمـەش وای لـە ڤێبـەر كـردووە ئـەم جۆرە دەسـەڵاتە بـە (عـەقڵانی ــ ياسـايی) legal_ rational، بێگومـان ڤێبەر دان بەوەدا دەنێت كە بارودۆخەكە لەسەر ئاستی كرداریو پيادەبووندا لەوە ئاڵۆزترە.[٢٤]

ئەگەر ئێستا بيری ڤێبەر سادە بكەينەوە ئـەوا دەگەينـە لێكدانەوەيـەكی عەقڵانی بـۆ ئـەو راسـتيەی كـە دەوڵەتـەكان وەك نـەريتێك رێكخـراون، واتـە بێگومان دەسـەڵات تـا رادەيـەك وەك نـەريتێك قبـووڵ دەكرێـتو گوێڕايـەڵی دەكرێـت، چ زۆر، چ كـەم، ئەمـەش بـە بەڵگەنەويـستی ژمـارە سـێ نـاوزەد دەكەين، دەتوانين بەم شێوەيە دايبڕێژينەوە: بێگومان توانـای كۆمەڵـەكان/ دەوڵەتەكان بۆ كۆنترۆڵكردنی ململانێكانيان تا رادەيەكی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی كـە لقەكۆمەڵـەكان subgroups كـە خـاوەنی پێگـە كۆمەڵايەتيـە نزمەكانن شـەرعيەت دەبەخـشنە پێكهاتـەی دەسـەڵاتی فـراوانترين كۆمـەڵ/ دەوڵەت، لەو باوەڕەوە كە ئەم شەرعيەتە زامنی بـەردەوامبوونی (كۆمـەڵ)ە وەك گـشت، هــەروەها ئـەم لقــە گرووپانــە ســوودگەلێكی درێژخايـەن لـەم بەردەواميەدا دەبينێت.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت روونی بكەمـەوە، ئەوەيـە كـە ئـەو رۆشـنبيريەی زانــستی كۆمەڵناســيی كــە هــەمووومان تێيــدا بەشــدارين و لــە ســاڵەكانی ١٩٤٥ــ١٩٧٠ز گەشتبووە لوتكە، سێ بەڵگەنەويستی سادەی لەخۆگرتووە:

١. واقیعیبوونی راستیە کۆمەڵایەتیەکان.

٢. بەردەوامبوونی ململانێی کۆمەڵایەتی.

٣. بوونی ئالیاتی شەرعیەتبەخشین بۆ کۆنترۆڵکردنی ململانێ.

کۆی ئەم بەڵگەنەویستانە سنووری لانیکەم پێکدەهێنن، لە زەمینەیەکی هەماهەنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی، هەوڵیشم داوە روونیبکەمەوە چۆن هەریەك لەم سێ بەڵگەنەویستانە، لەلای یەکێك لەم سێ دامەزرێنەرە: دۆرکهایمو مارکسو ڤێبەر باس دەکرێن، وای بۆ دەچم کە ئەم هۆکارەیە وای لێکردووین بە پیرۆزییەوە بڵێین: ئەم سێ بیرمەندە نوێنەری "کۆمەڵناسیی کلاسیکی"ن.

جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە کە بێگومان ئەم سێ کۆمەڵە لە بەڵگەنەویستەکان axioms پێشکەوتوو نین، دڵنیاشم رێگەیەکی گونجاو نییە بۆ وێناکردنی داکەوتەی کۆمەڵایەتی ئەم بەڵگەنەویستانە ئەو خاڵی دەستپێکردنەیە کە زۆربەمان باوەڕمان پێی هەیەو بە شێوەیەکی گشتی بەکاریاندەهێنین، بەو سیفەتەی چەند پێشەکیەکی وەهان کە گفتوگۆو مشتومڕ هەڵناگرن، ئەمەیە کە من ناوی دەنێم "رۆشنبیری زانستی کۆمەڵناسی"، لە دیدگای منەوە ئەم راستیە کرۆکی کەلەپوورەکەمانە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە کەلەپوورێکی نوێیە، گەرچی خاڵی بەهێزی تێدایە، لە هەمانکاتیشدا خاڵی نییە لە لاوازیو فشۆڵی.

## ئاستەنگەکان

ئێستا لێرەدا شەش ئاستەنگ دەخەمە پێشچاو کە بە رای من هەندێك پرسیاری زۆر ترسناك دەربارەی کۆمەڵەی بەڵگەنەویستەکان دەوروژێنن کە ناوی دەنێم "رۆشنبیریی زانستی کۆمەڵناسی" ئەم ئاستەنگانە بەو پلەبەندیە دەخەمە پێشچاو کە لە بواری زانستی کۆمەڵناسییدا کاریگەری دروست کردبوو، بە شێوەیەکی گشتی تر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بێگومان ئەم کاریگەریە لە پاش نووسینی ئەو ئاستەنگانەوە دەرکەوت. وە لەسەرەتادا داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەم ئاسەنگانە راستیەکی حاشاهەڵنەگر نین، بەڵام دەبێتە کارێکی گرنگ و جیددی، ئەگەر خواستگەلێکی گونجاو و عەقڵانی روو لە زانایان بکات کە خوازیاری دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پێشەکییەکانی نێو زانیارییەکانیان بێت، کاتێك باوەڕمان بەوە هەبوو کە ئەم ئاستەنگانە گرنگن، رەنگە ناچار بین بە دارشتنەوەیەکی نوێ بۆ پێشەکییەکان، بە شێوەیەك کە کەمتر رووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە ببنەوە، رەنگە ناچاریشمان بکات واز لەو پێشەکیانە بهێنین، یان لانیکەم دووبارە چاوپیاخشاندنەوەیەکی ریشەییان بۆ بکەین، کەواتە ئاستەنگەکان سەرەتای پرۆسەکەیە، نەوەك کۆتایی.

### ئاستەنگی یەکەم:

پەیوەندی بە سیگمۆند فرۆیدەوە هەیە، ئەمەش رەنگە لەبەر دوو هۆکار شتێکی کوتوپڕ بێت:

یەکەم: فرۆید هاوچەرخی دۆرکهایم و ڤێبەر بووەو بە ماوەیەکی کورت پاش ئەوان هاتووە.

دووهەم: ڕادەی گونجان و تێکەڵبوونی فرۆید لەگەڵ ڕۆشنبیری زانستی کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی باش، بێگومان ئێمە زۆر دەمێکە ئەو دابەشکردنەی فرۆیدمان بەکارهێناوە کە دەروون دەکات بە سێ بەشەوە: ئەو ــ من ــ منی باڵا، بۆ ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە لەو گۆڕاوە دەستێوەردەرانەی intervening variables کەوا پێمان دەڵێت چۆن لای دۆرکهایم خستنەناوەوەی ڕاستیە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو هەستی تاکەکاندا ڕوودەدات، ئەگەرچی زمانی فرۆید بە تەواوی بەکارناهێنین، بەڵام بیرۆکە بنەماییەکەی دەنوێنین و لە ناخماندایەو گومانیش لەوەدا نییە کە دەروونناسی فرۆیدی، بە هەر شێوەیەك بێت بووەتە بەشێك لە گریمانە گرووپییەکانمان.

لەگەڵ ئەمەشدا من ئێستا گرنگی بە دەروونناسی فرۆیدی نادەم، بەڵکو گرنگی بە کۆمەڵناسیی فرۆیدی دەدەم، یەکەمجار دەمانەوێت گفتوگۆ لەسەر کەمێك لە بەرهەمەکانی بکەین، بۆ نموونە پەرتووکی "شارستانییەتی و شێوێنەرانی"[٢٥] گومان لەوەشدا نییە کە هەموو کارەکانی گرنگە، بەڵام دەمانەوێت پراکتیکە سۆسیۆلۆجیەکانی بۆ شێوەکانی تەشخیسکردن و چارەسەری دەروونیی پشتگوێ بخەین، گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەم کە باوەڕم وایە بەرانبەرکێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی پەنهانی فرۆیدی هەیە بۆ خودی عەقڵانییەت، دیارە کە دۆرکهایمیش خۆی بە عەقڵانییەتگەرا ناساندووە، بەڵام ڤێبەر شەرعیەتی عەقڵانی یاسایی کردە بناغەی شیکارییەکەی بۆ دەسەڵات، مارکسیش خۆی خستبووە ژێر هەژموونی ئەو ڕێبازەی ناوی لێنابوو سۆشیالیستی زانستی (واتە عەقڵانی)، هەموو بیرمەندە پێشەنگەکانمان ڕۆڵەی سەردەمی ڕۆشنگەریی بوون، تەنانەت ئەو

کاتانەی کە چەند پرسیارێکی ڕەشبینانەشیان لەسەر داهاتوومان دەکرد، وەك ئەوەی لای ڤێبەر دەیبینین (بەڵام شەڕی جیهانی یەکەم ڕەشبینییەکی زۆری لە نێو زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەوروپادا بەرهەمهێنا).

فرۆیدیش بە هیچ شێوەیەك لەم کەلەپوورە بەدوور نەبوو، کەواتە لە ڕاستیدا چی سەرقاڵی کردبوو؟ فرۆید بە جیهانی گوت، بەتایبەتی جیهانی پزیشکی، ئەو هەڵسوکەوتەی لە دیدی ئێمەوە نامۆ و ناعەقڵانییە، لە ڕاستیدا لێکدانەوە و واتایەك لەخۆدەگرێت، بە مەرجێك تێبگەین کە بەشی زۆری عەقڵی تاك لەژێر هەژموونی نەست (عەقڵی نائاگا/ اللاشعور)دایە، وەك فرۆید ناوی ناوە. بە پێی پێناسەی فرۆید، نەست تەنانەت لەلایەن خودی تاکیشەوە نابینرێتو نابیسترێت، بەڵام دەڵێت: بێگومان چەند ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ هەیە بۆ زانینی ئەو شتانەی لە نەستدا ڕوودەدەن، پەرتووکی سەرەکی یەکەمی (لێکدانەوەی خەونەکان)[٢٦] تایبەتە بەم بابەتەوە.

فرۆید باوەڕی وایە خەونەکان ئەو شتانە دەردەخەن کە (من) لە نەستدا سەرکوتی کردووە[٢٧] وە خەونەکان تەنها کەرەستەی شیکاریی نین لە بەردەستماندا، چارەسەری دەروونشیکاریی هەمووی، کە پێیدەوترێت شیفا بەخشین بە قسە، لە ئەنجامی زنجیرەیەك لەو کردارانەوە دروست دەبێت کەوا یارمەتی هەریەك لە پسپۆڕی دەروونشیکارو نەخۆش دەدات، کە ئاگاداربن بەو حاڵەتانەی لە نەستدا ڕوو دەدەن.[٢٨].

کرۆکی ئەم پەیڕەوە لە باوەڕەکانی سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە وەرگیراوە، ئەمەش ئەو بۆچوونە دەنوێنێت کە دەڵێت: زۆربوونی هۆشیاریی ڕەنگە ببێتە هۆی باشتربوونی بڕیاردان، واتە، بەرەو هەڵسوکەوتێکی عەقڵانییتر، بەڵام ڕێگای هەڵسوکەوتێکی عەقڵانیتر پێویستی بەوە هەیە دان

بنێین بەوەدا کە پێیدەوترێت کرداره دەروونییـە شـێواوەکان ( neurotic behavior ) لـە راسـتیدا هەڵـسوکەوتێکی "عەقڵانییـە"، ئەگـەر ئامـانجی کەسەکەمان لەم هەڵسوکەوتەدا زانی، پاشـانیش تێگەشـتین کـە بۆچـی بـەم کـارە هەڵدەسـتێت؟. هەڵـسوکەوتی دەمـاریی رەنگـە بـە رای دەروونـشیکار باشترین هەڵسوکەوت نەبێت، بەڵام ئەمە مەرج نییە کە "ناعەقڵانی"بێت.

لە مێژووی پیادەکردنی دەروونشیکارییدا، تەنها فرۆیـدو دەروونـشیکارە پێشەنگەکان هەستان بە چارەسـەرکردنی ئـەو مرۆڤـە باڵغانـەی کـە تووشـی پەرێشانی دەروونیی بوو بوون (لانیکەم لەسـەرەتادا)، بـەڵام پاشـان لەگـەڵ فراوانبـــوونی دەروونـــشیکارییدا، دەروونـــشیکارەکان ئامـــادەبوون کـــە دەروونـشیکاریی بـۆ منـداڵان بکـەن، تەنانـەت بـۆ منـداڵانی شـیرەخۆرەش، ئەوانەی نەگەیشتوونەتە قۆناغی قسەکردن، تەنانەت هەندێك دەروونشیکاری دیکە دەستیانکرد بە داهێنانی چەند رێگەیەکی چارەسەر بـۆ ئـەو کەسـانەی تووشی نەخۆشی کێشەی مێشك (Psychosis) بوون، کە ئەو کەسانەن وا گریمانە دەکرێت توانای گفتوگۆکردنێکی عەقڵانی راشکاوییان لەدەستدابێت.

لای خودی فرۆید چەند بیرۆکەیەکی سەیر هەبوو بۆ ئەوکەسانەی تووشی هەردوو نەخۆشی پەرێشانی توند و پەرێشانی مێشك بوون، ئەوەتا فرۆید لـە کاتی گفتوگۆکردنی لەسەر ئەو بابەتەی نـاوی دەنێـت "پـاش دەروونناسـیی سـەرکوتکردن ــ کـەبت ــ"(metapsychology of repression ) ئاماژە بەو شێوە جیاوازانە دەکات کـە سـەرکوتکردنە دەروونییـەکانی لێـوە دەردەکـــەوێت، جـــۆرە جیاوازەکـــانی نەخۆشـــی دەروونـــی گواســـتنەوەیی (transference neuroses)، بـــۆ نموونـــە، لـــە دۆخـــی دڵـــەڕاوکێی هیستیریدا یەکەمجار گەڕانەوە لە هەڵپەی بەرەوپێشچوون دروست دەبێـت و

راکـــردن بـــۆ بیرۆکەیـــەکی جێگـــرەوە، واتـــە: لادانو جێگرتنـــەوە( displacement)، بـەڵام پاشـان رەنگـە ئەوکەسـە هەسـت بکـات کـە پێویـستی بـە "جڵـەوگرتنی... ئـەو دڵەڕاوکێیـەی لـە ئـەنجامی شـتە لەبریتیهێنراوەکەوە دروست دەبێت"، پاشان فرۆید تێبینی ئەوە دەکات کە "لەگـەڵ زۆربـوونی هەڵـچوونی غەریزیـەوە، ئـەوا پێویـستە ئـەو بەرگـە پارێزەرەی بە دەوری بیرۆکە گۆڕراوەکەدایە بگوێزرێتەوە بەرەو دەرەوە[٢٩]، لەگەڵ ئەم حاڵەتـەدا ترسـەزاڵی (فۆبیا ــ phobia ) ئـاڵۆزتر دەبێـت لـەو هەوڵە بەردەوامانەی تری بۆ راکردن[٣٠].

ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین بریتیە لە پرۆسـەیەکی کۆمەڵایـەتی پاڵنـەر، ئەگەر شـتێك دڵەڕاوکێیـەکی دروسـتکرد، ئـەوا مـرۆڤ هـەوڵ دەدات بـە هـۆی بـەکارهێنانی ئالیـەتی کەبتـەوە لـە هەسـتە نـەرێنیو ئەنجامـەکانی دووربکەوێتـەوە، ئەمـەش دڵـەڕاوکێ کەمدەکاتـەوە، بـەڵام لـە بەرانبـەردا پێویستە مرۆڤ نرخەکەی بدات، فرۆید رای وایە کە گەلێك گران لەسـەر مـرۆڤ دەکـەوێت، یـان دەکرێـت بپرسـین ئایـا لـە راسـتیدا وەهایـە؟. ئـەوەی کـە دەروونـشیکار دەیکـات بریتیـە لـەوەی کـە یارمـەتی مرۆڤەکـە بـدات بـۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو شتەی دڵەڕاوکێکە دروست دەکات، لێرەوە دەتوانێت بە ئەرکێکی کەمتر ئازارەکە کەمبکاتەوە، بەم شێوەیە ئەو مرۆڤـە دەیـەوێت بە رێگایەکی عەقڵانی ئازار کەمبکاتەوە، دەروونـشیکاریش هـەوڵ دەدات بـە رێگایـەکی عـەقڵانی رێنمـوونی نـەخۆش بکـات، تـاکو بزانێـت کـە رەنگـە رێگایەکی باشتر (عەقڵانی دیکە) بۆ کەمکردنەوەی ئازار هەبێت.

ئایا دەروونشیکار راستیی دۆزیوەتەوە؟ ئایا ئەم رێگە نوێیـە عـەقڵانیترە بۆ کەمکردنەوەی ئازار؟ فرۆید گفتوگۆکانی بە چـەند هەڵوێـستێکی قورسـتر

کۆتایی پێدەهێنێت‌و داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە سەیری ئـەوە بکەین کە "تـا چ رادەیـەك هێـز و قـووڵیی راکردنـی ـــ مـن ـــ لـە نەخۆشـیە دەروونییە نەرگسیەکاندا رەنگدەداتـەوە"(۳۱)، بـەڵام تەنانـەت لێرەشـدا کـە فرۆید بە نەخۆشـیەکی قورسـی دەزانێـت، بێگومـان هـەروەك هـەمان بابـەت سەیری دەکات کە بابەتێکی عەقڵانییە بۆ کەمکردنەوەی ئازار.

بە دڵنیاییەوە کە فرۆید ئاگاداریەکی زۆری دەربارەی سـنوورەکانی رۆڵـی دەروونشیکار، هەیە، ئەوەتا لە پەرتووکەکەیدا (منو ئەو ـــ The Ego and the Id) زۆر بە روونی هۆشداری ئەوە دەدات کە رۆڵـی درۆزنانـەی "پێغەمبەر و رزگارکەر و گیانبەخش" ببینرێـت.(۳۲). هـەروەها خودداریـەکی هاووێنـەی لـە پەرتووکەکەیـدا "شارسـتانییەتی‌و شـێوێنەرانی" نیـشانداوە، کاتێك دەیەوێت بیسەلمێنێت ئەستەمە بتوانین بگەینە بەدیهێنانی ئەو ئەرکە پێویستەی لەسەرمانە بۆ گەشتن بە شـادومانی، دەڵێـت: "یاسـایەکی زێـڕین نییە کە بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێ بکرێت، پێویستە لەسەر هەر تاکێك ئەو رێگە تایبەتـە بدۆزێتـەوە کـە بـە هۆیـەوە رزگـاریی بەدەسـتدەهێنێت". هەروەها دەڵێت: بێگومان کاتێك هەڵبژاردنەکانمان پەڕگیر (متطرف) دەبێت، ئەوا دەرەنجامەکەی ترسـناکی تووشـبوون بـە نەخۆشـی دەروونـی دەبێـت، دەگاتە ئەو ئەنجامەی: "ئەوکەسـەی لەگـەڵ بەساڵاچـوونیدا وا دەزانێـت کـە سەرکەوتوو نـەبووە لـە هەوڵـەکانی بـۆ بەدەسـتهێنانی بەختـەوەری، رەنگـە سەبووری خۆی لە ئالوودەبوونێکی قورسدا بدۆزێتـەوە، یـان رەنگـە دەسـت بکات بە هەوڵێکی شۆڕشگێڕانەی نائومێدانە کە خۆی لە نەخۆشی پەرێشانی مێشك (psychosis )دا دەبینێتەوە(۳۳)

به راستی چەندین شت لەم کۆپلە هەلبژێراوانەی فرۆیددا سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەو نەخۆشیانەی لە نەخۆشدا تێبینی دەکات بە ڕاکردن لە ترسناکی پێناس کراوە، من جارێکی دیکە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەم ڕاکردنە کارێکی عەقڵانییە، تەنانەت ئەوەی کە وەها دیارە کە لە هەموو جۆرەکانی ڕاکردن ناعەقڵانییەو لە پەرێشانی مێشکدا دەردەکەوێت، ئەوا هەر بە "هەوڵێکی نائومێدانە دادەنرێت بۆ شۆڕش" وەك ئەوەی کە چەند جێگرەوەیەکی کەم نەبێت بوارێکی دیکە لەبەردەم ئەو کەسەدا نەبێت، بۆیە لە دۆخی بێئومێدبووندا پەنا دەباتە بەر پەرێشانیی مێشك، لە کۆتاییدا، توێژەری دەروونشیکار تەنها دەتوانێت شتێکی سنووردار بکات، نەك لەبەر ئەوەی پێغەمبەر نییە، بەڵکو "پێویستە لەسەر هەموو کەسێك ڕێگای تایبەتی ڕزگاربوونی خۆی بدۆزێتەوە".

ئێمە لە کۆنگرەی توێژەرانی دەروونشیکاردا نین، ئەم بابەتانەم نەوروژاندووە بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەرکەکانی دەروونو تیۆریەکانی چارەسەری دەروونی، بۆیە ئەم چەند وتەیەم لە فرۆیدەوە گواستەوە، چونکە تیشکێك دەخاتە سەر ئەو گریمانەی پێشوختمان بۆ عەقڵانییەت، چونکە تەنها کاتێك دەتوانین پێناسی شتێك بکەین کە عەقڵانییە کە چەند شتێکی دیکە بن پێناسی ناعەقڵانییان پێدرابێت. دیارە فرۆید چۆتە ناو ئەو گۆڕەپانەوە کە لە بواری کۆمەڵایەتیدا بە هەڵسوکەوتی ناعەقڵانی و دەروونپەرێشانیی دادەنرێت، ڕێگەکەی فرۆید پەردە هەڵماڵینە لەسەر ئەو عەقڵانییەتەی خۆی حەشارداوە لە پشتی ئەو هەڵسوکەوتەوەی لە ڕووکەشدا ناعەقڵانییە، لەسەر لێکۆڵینەوەی بەردەوام بوو تەنانەت دەربارەی ئەو شتەی کە زۆر ناعەقڵانییە، واتە پەرێشان بوونو ناهاوسەنگی

بیرکردنـەوەی مێـشك، لێکدانەوەیەکیـشی دۆزیـەوە کـە ڕەنگـە نـاوی بنـێین عەقڵانی، کە ڕاکردنـە لـە تالووکـە جـارێکی دی. بێگومـان، دەروونـشیکاریی تەرکیز لەسەر ئەو گریمانەیە دەکات کە چەندین شێوازی باشترمان هەیـە بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ تالووکـەدا و هەندێکیـشیان سـوودی کـەمترە، کەواتـە چاکبوون و شـیفا جیاوازەکـانی هـەر تاکێـك پێویـستی بـە بەخـشینی نرخـی جیاواز هەیە، ئەگەر دروست بێت خوازەی ئابووری فرۆید لێرەد بەکاربهێنین.

لەگــەڵ ئەمەشــدا، فرۆیــد بــە خــستنەگەڕی لــۆجیکی لێکۆڵینــەوە لــە لێکدانەوەی عەقڵانی بۆ شتە ناعەقڵانییەکان، ڕێبەرایەتی ئێمەی کرد بۆ ئـەو ئەنجامگیریە لۆجیکیەی کە دەڵێـت: هـیچ شـتێکی ناعـەقڵانی نییـە لای ئـەو نەخۆشــەی هەڵــسوکەوتێك دەکــات، کــێ دەتوانێــت بڵێــت لەســەر هەقــەو نەخۆشەکەش بە هەڵـە بزانێـت؟ فرۆیـد زۆر بـە جیـددیی هۆشـداریی دەداتـە دەروونــشیکارەکان لــەبارەی ئــەوەی کــە نابێــت لــە کــاتی چارەســازیدا لەپێشترینەکانی (أولویات) خۆیان بەسەر نەخۆشـەکاندا بـسەپێنن‌و دەڵێـت: "پێویستە لەسەر هەرکەسێك ڕێگای تایبەتی ڕزگاربوونی خۆی بدۆزێتـەوە"، بەڵام ئەگەر هیچ شتێکی ناعـەقڵانی نـەبێت لـە دیـدی تاکێکـەوە، ئـیتر ئـەم پیاهەڵدانـە بەســەر تازەگــەری و شارسـتانییەتی و عەقڵانییەتـدا لـە کوێـوە سەرچاوەی گرتووە؟ بێگومان ئەم ئاستەنگە ئەوەنـدە بـەهێزە کـە دەتـوانم بڵـێم هێـشتا دەسـتمان نـەکردووە بـە ڕووبەڕووبوونـەوەی، دڵنیـام کـە ئـەو ئەنجامگیریە جێگیر و تاقانەیەی دەتوانین بەدەستی بهێنین ئەوەیە کە هـیچ شتێك نییە کە ناوی بنێین عەقڵانییەتی ڕەسمی، یان بە دەربڕینێکـی دیکـە، دەکرێت بڵێین: بـۆ ئـەوەی بڕیـار بـدرێت کـە شـتی عـەقڵانی ڕەسمـی چـیە، پێویستە لەسەر مرۆڤ ـــ بـە وردەکارییـەکی تـەواو ئـاڵۆزو تایبەتمەنـدەوە ـــ

ئامانجو خواستی کەسەکە لێکبداتەوە، لەم حاڵەتەشدا هەموو شتێك لەسەر دیدگای ئەو کەسە وەستاوە کە هەڵسوکەوتەکە دەکاتو دەیەوێت هاوسەنگیی لەنێوان ویستو خواستەکانیدا بکات، گومان لەوەشدا نییە کە قوتابخانەکانی پۆست مۆدێرنە لە پەڕگیرترینو خۆپەرستترینیاندا ئەو پێشەکیەی فرۆید لەم پرۆسەیەدا تا ئەوپەڕی بەکاردەهێنن، بە بێئەوەی دان بە چاکەی فرۆیددا بنێن (گەرچی کەمیش بێت).

ئەوەی شایانی تێبینییە ئەوەیە رەنگە پۆست مۆدێرنیستەکان ئاگایان لەسەرچاوەی رۆشنبیری قوتابخانەکەیان نەبێت، شتێکی سروشتیشە کە ئەوان وەك ئاستەنگێك سەیری ئاستەنگی فرۆیدی نەکەن، بەڵکو وەك راستیەکی ئەزەلی گەردوونی، واتە وەك گەورەترین وتەی نێو وتەکان لێکیبدەنەوە، بەم چەشنە لە لێکدژییە زاتییە ئەم هەڵوێستە خۆی بە دەستی خۆی، خۆی دەڕووخێنێت.

لە بەرانبەر ئاستەنگەکەی فرۆیددا هەندێکیان دەستیان بە چەپڵە لێدان کردو وایانلێهات تەنها خۆیان ببینن، بەڵام هەندێکیان گەڕانەوەو دەستیانکرد بە پیاهەڵدانی عەقڵانییەت، بەڵام ئێمە دەتوانین لەم دوو هەڵوێستە بەدوور بین، چونکە ئاستەنگی فرۆید بۆ ئاستی پراکتیکی چەمکی عەقڵانییەتی رەسمیی، ناچارمان دەکات بە تێڕوانینێکی جیددیتر سەیری چەمکی ڤێبەری بکەین بۆ عەقڵانییەتی جەوهەری (substantive rationality) و شیکردنەوەیەکی وەهای بۆ بکەین کە خودی ڤێبەر بۆ کردنی ئامادە نەبووبێت.

ئەو شتەی کە فرۆید بەرانبەری بوویەوەو رەنگە هەوڵیشیدابێت بۆ رووخاندنی، بریتیە لە سوودی چەمکی عەقڵانییەتی فەرمی، ئایا شتێك هەیە

ناوی عەقلانییەتی رەسمی رووت بێت؟ بێگومان عەقلانییەتی رەسمیی هەمیشە بریتیە لە عەقلانییەتی رەسمیی کەسێك، ئیتر چۆن دەتوانین دان بنێین بە هەبوونی عەقلانییەتێکی رەسمیی جیهانیی گەردوونی؟ دەشزانین کە عەقلانییەتی رەسمی بریتیە لە: بەکارهێنانی باشترین هۆکار بۆ گەشتن بە ئامانج، بەلام ئاسان نییە پێناسێك بۆ ئامانجەکان بکەین، چونکە پێویستی بەو پێناسە هەیە کە گیرتز (Geertz) ناوی لێناوە "باسکردنی ئەستوور thic description".

لێرەوە فرۆید ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەموو کەسێك بە رەسمیی عەقلانییە، عەقلانییەتی جەوهەرییش بەتەواوی بریتیە لە هەولدانێك بۆ لێکگەیشتن لەگەڵ ئەو زاتیەتەدا کە ناتوانین کورتی بکەینەوەو تێیبئاخزێنین ــirreducible subjectivity ــ وە پێشنیازکردنی ئەوەی کە سەرەڕای ئەوەش چەند بژاردەیەکی کۆمەلایەتی هۆشیار و واتادارمان هەبێت، پاشان لە باسەکانی داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەر ئەم مەسەلەیە.

### ئاستەنگی دووهەم:

ئاستەنگی دووهەم کە دەمەوێت باسی بکەم، بریتیە لە ئەورووپا سەنتەری (Eurocentrism)، کە لەم سەردەمەدا ئاستەنگێکی بەربلاوە، گەرچی پێش سی ساڵ زۆر بە دەگمەن قسەی لەسەر دەکرا، ئەنوەر عەبدولمەلیك یەکێك بوو لەو پێشەنگانەی ئەم دۆزەیان بە ئاشکرا لە نێوماندا وروژاند، ئەو لە پەرتووکە رەخنەییەکەیدا (رۆژهەلاتناسی) ١٩٦٣ز، پتر لە دە ساڵ پێش رەخنەکانی ئیدوارد سەعید کەوت، ژیانی خۆی بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە خۆی ناوی نابوو "پرۆژەی شارستانی جیگرەوە ــ ئەلتەرناتیف ـ"(٣٤) تەرخانکردبوو.

دەمەوێت گفتوگۆ لەسەر بەڵگەکانی بکەم، بە تایبەتی، لە پەرتووکەکەیدا (دیالێکتی کۆمەڵایەتی ــ Social Dialects) کە لە ساڵی ١٩٨١ز بە چاپی گەیاندووە، دیارە بۆیە قسەکردنم لەسەر ئەم پەرتووکە هەڵبژارد، چونکە عەبدولمەلیك رەخنەگرتنی لە کارە ناشیرینەکانی رۆژئاوای تێپەڕاندووە بۆ گەڕان بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤەکان، نووسەر بەو گریمانەیە دەستپێدەکات کە لە داکەوتەی جوگرافی رامیاری گۆڕاودا "جاڕدان بۆ گەردوونییەتێکی حاشاهەڵنەگر repostulated universalism وەك رەچەتەیەك بەس نییە"[٣٥]. بۆ ئەوەیش بگەینە ئەوەی کە نووسەر پێیوایە کە "تیۆریەکی کۆمەڵایەتی کرۆکدار"ە ئەوەمان بۆ پێشنیاز دەکات کە پەیڕەوێکی هاوتاییکەرو کورتنەهێن پەیڕەو بکەین، کە بوارمان دەداتێ هاوتاییکردنێك دەستپێبکەین لە نێوان ئەو سێ بازنە تێکەڵبووەی جیهاندا کە بریتین لە:

- شارستانییەکان
- ناوچە رۆشنبیرییەکان
- نەتەوەکان (پێکهاتە نەتەوەییەکان national formation).

لە دیدی عەبدولمەلیکەوە تەنها دوو شارستانی هەیە: شارستانی هیندی ــ ئاری و شارستانییەتی چینی، هەریەکێکیان چەندین ناوچەی رۆشنبیرییان هەیە، شارستانییەتی هیندی ــ ئاری، ئەم شارستانییەتانە لەخۆدەگرێت: میسری، هەردوو شارستانییەتی گەورەی گریکیو رۆمانی، ئەورووپاو ئەمریکای باکوور، شێوەبیابانی ئەفریقی، ناوچە عەرەبیو فارسیە ئیسلامیەکان، بەشێکی زۆر لە ئەمریکای لاتینی.

وه شارستانییەتی چاینی(صینی)ش پێکهاتووه له: خودی چین و یابان و ئاسیای ناوەڕاست و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و شێوه کیشوەری هینـدی و ئۆقیانوسیا و ناوچه ئیسلامیەکانی کیشوەری ئاسیا.

ئەگەر "شارستانی" کارکەر و بکـەری سـەرەکی بێـت لای عەبدولمـەلیك، ئەوا چەمکی سەرەکی بریتی دەبێت لـه "تایبەتمەنـدیی specificity"، و هەر بە وتەی خۆیشی، ئەمـەش پێویـستی بـەوە هەیـه کـه تـاڵێکی جـوگرافی (خیط جغرافي) بخەینه سەر "تـاڵی مێـژوویی"[٣٧]. پاشـان دەڵێـت: کێـشەی سەرەکی له تیـۆری گـشتیو ئەپـستمۆلۆجیادا بریتیـه لـه: "قووڵکردنـەوه و پێناسەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان چەمکی کاتو گروپی ئەو بیرۆکانەی که بـه تایبـەتی گرنگـی دەدات بـه چـڕبوونەوەی کـات لـه بـواری کۆمەڵگـەکانی مرۆڤایەتیدا"[٣٨]. سەرەڕای ئەوەی که مرۆڤ دەتوانێـت هاوتاکـاری (مقارنـة) بکـات لــه نێــوان شارســتانییەتەکاندا لەســەر ئاســتی بەرهــەمهێنان و هاوسەرگیریی‌و هێزی کۆمەڵایەتی، بـەڵام جیـاوازی یەکلاکـەرەوەی نێوانیـان خـۆی لـەو کایـەی کاتـەدا دەبینێتـەوه کـه بریتیـه لـه گـەورەترین "چـڕی تایبەتمەندی ئاشکرا و روون، که لێردا خۆمان له جەرگەی فەرهەنگ و فیکردا دەبینینەوه".

ئەنوەر عەبدولمەلیك باس لـەربارەی "کاریگـەری پێکهێنـەری سـەنتەریی (مرکـزي) گـشتگیر بـۆ کـات" دەکـات کـەخۆی دەبینێتـەوه لـه قـووڵایی گۆڕەپانی مێژوویی" [٣٩].

بەم شێوەیه ئاستەنگی جوگرافی دەبێتـه چـەمکێکی جێگـرەوه بـۆ کـات، پێویسته ئەوەمان لـه یـاد بێـت کـه لای عەبدولمـەلیك تـەنها دوو شارسـتانی هەیه بەو واتایەی خۆی بەکاریدەهێنێت، بۆیه تـەنها دوو پـەیوەنـدی هەیـه و

بەس لەگەڵ هۆکاری کاتدا، لە ڕوویەکەوە دیدی ڕۆژئاوا هەیە بۆ کات، کە "دیدێکی پراکتیکیە"و هۆکەی بۆ ئەرەستۆ دەگەڕێنێتەوە، بە هۆی بەسترانەوەی بە سەرهەڵدانی لۆجیکی ڕەسمی و هەژموونی بیری شیکاری" کە کات (زەمەن) وەك کەرەستەیەکی کارکردن، نەوەك چەمکێك بۆ جێگای مرۆڤ لە ماوەیەکی مێژووییدا"[٤٢]، بەڵام لە لایەکی دیکەوە "چەمکێکی شیکاری دەبینین، کە "کات هەموو شتەکانی خستۆتە ژێر دەستی خۆی"، بۆیە ناکرێت "وەك ماددەیەکی بەکاربراو"[٤١] لێی تێبگەی، عەبدولمەلیك دەگاتە ئەو ئەنجامەی بانگمان بکات بۆ" کارلێکردنێکی دیالێکتیکی هاودژ، بەڵام بە بێ دژایەتی لە نێوان هەردوو کەناری ڕووبارە هاوبەشەکەی نێوانمان"[٤٢] دەتوانین بپرسین: ئەم دیدگایە تا کوێمان دەبات؟ دەمانباتە سەر هەردوو کەناری ڕووبارێکی هاوبەش، کە زۆر دوور بێت لە دیدگای دۆرکهایمو مارکسو ڤێبەر، ئەم دیدەش دەمانگەیەنێتە چەند تایبەتمەندییەکی وەها کە بە ئاسانی قابیلی کورتکردنەوە نەبن، بەڵام دەتوانین هەندێك قسەو باسو بۆچوون بە دەوریدا بهێنین، هەروەها دەمانگەیەنێتە بەربەستێکی شارستانییەتی دەربارەی سروشتی ئەو کات (الزمن)ەی کە نەبوو بووە بابەتو دۆزێك بۆ فەرهەنگی کلاسیکی زانستی کۆمەڵناسی، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەمانگەیەنێتە بەربەستی سێهەم.

بەربەستی سێهەم کە ئەویش پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، بە هۆی ئەوەوە نییە کە دوو دید هەبێت بۆ کات، بەڵکو لەو ڕووەوە کە چەند داکەوتەیەك بۆ کات هەیە، واتە، دەربارەی بونیادنراوە کۆمەڵایەتیەکەی، ئەوەتا لە دیدی فیرنان برودال (Fernand Braudel)ەو ڕەنگە کات ببێتە سەردار، ئەگەر واشبێت، ئەوا خۆمان کردوومانە بە گەورەی خۆمان،

زۆر ئەستەمە رووبەڕووی ببینەوە.. برودال دەیەوێت بیسەلمێنێت کە چوار جۆر کاتی کۆمەڵایەتییمان هەیە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەمو زۆربەی سالآنی سەدەی بیستەم، تەنها دوو جۆریان زانیوە، لە روویەکەوە، هەندێکیان وەهای بینیوە کە کات لە بنەڕەتدا پێکهاتووە لە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکی رووداوەکان، ئەمەش لای پۆڵ لاکۆمب Paul Lacombe ناوی لێنراوە گێڕانەوەی مێژووی رووداوەکان "evenementille" histoire وردترین زاراوە لە زمانی ئینگلیزیدا بریتیە لە "مێژووی زنجیرەیی episodic history".

بەپێی ئەم دیدگایە، کات هاوتا بووە بۆ (دێڕی یۆقلیدۆس) کەوا ژمارەیەکی خاڵی ناکۆتای لەخۆگرتووە، ئەم خاڵانەش لە زنجیرەی بەشوێنیەکداهاتنیان نیشاندەری "رووداوەکانن". دیارە ئەم دیدگایە گونجاوە لەگەڵ دیدگا کۆنەکەدا، کە دەڵێت: هەموو شتێك لە هەموو ساتێکدا بەردەوام دەگۆڕێت، لێکدانەوە بەدواداهاتووە، بەو واتایەی هۆکار (السبب) لە کاتدا پێش ئەنجام دەکەوێتو پسپۆڕیی دووبارە نابێتەوە. لە راستیدا ئەم بۆچوونە بناغەی ئەو زانستە پێك دێنی تکە ناوی دەنێین زانستی مێژووی تاك idiograohic historiography، بەڵام لە هەمانکاتدا بناغەی عەقلئەزموونیی ناتیۆریشە atheoretical empiricism کە هەردووکیان لە زانستە کۆمەڵایەتیە نوێکاندا بەربڵاون.

لە لایەکی دیکەوە دیدگایەکی ئەڵتەرناتیڤو بەربڵاوی دیکە بۆ کات رای وایە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان کات سنوورداریان ناکات، واتە کۆمەڵێك یاساو تیۆر هەیە کە رووداوەکان مانا دەکاتو دەتوانین لە هەموو کاتو شوێنێکدا جێبەجێی بکەین، گەرچی ئێستا ناتوانین لێکدانەوەمان بۆ هەموو ئەم

یاسایانە هەبێت، بێگومان ئەم دیدگایانە هەندێکجار لە سەدەی نۆزدەدا وەك ئاماژەیەك بۆ میکانیکای نیوتن، بە "فیزیای کۆمەڵایەتی" ناودەبرا، کەوا نموونەیەکی بۆ ئەم جۆرە لە شیکردنەوە خستەبەردەست. برۆداڵ ئەم چەمکەی ـ کات ـ ی ناونابوو ماوە زۆر درێژەکە " la tres longue duree" (بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت بە زاراوەی ماوە درێژەکە " la longue duree") و دەکرێت ناوی بنێین کاتی ئەبەدی.

برۆدال گفتوگۆی لەسەر فیکرەکانی کلۆد لیڤی ستراوس " claude Levi ــ Strauss" کرد وەك نموونەیەکی سەرەکی بۆ ئەم پەیڕەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەم کەسانی دیکە ئەم چەمکەیان بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێنا، ڕەنگە کەسێك بڵێت ئەم چەمکەی کات هەر ئەو بەکارهێنراوە فراوانەیە کە لە رۆشنبیری کۆمەڵناسییدا هەیەو هەمان ئەو مەبەستەیە کە لە باسی "پۆزەتیڤیزم"دا هەمانە، کاتێك برۆداڵ دەربارەی ئەم فرەجۆرییەی کاتی کۆمەڵایەتی قسە دەکات، دەڵێت: "ئەگەر ئەم زەمانە هەبێت، ئەوا دەبێت تەنها لە نێو کاتی فەیلەسووفەکاندا هەبێت"[٤٣].

ڕەخنەی بناغەیی برودال لەم دوو چەمکەی زەمان، ئەوەیە کە هیچکامیان بە یەکبێژی (جیددیي) لە کات نانوارێت، چونکە برودال رای وایە کە کاتی ئەبەدی جگە لە ئەفسانەیەك هیچی دیکە نییە، کاتی ئەڵقەییش، یان کاتی ڕووداو، بریتیە لە "تۆز" هەروەك لە دەستەواژە بەناوبانگەکەیدا هاتووە، ئەو بڕوای وایە کە داکەوتەی کۆمەڵایەتی لە بنەچەدا لە سیاقی دوو جۆری دیکەی کاتدا ڕوو دەدات کە گەلێك لە لایەن مێژوونووسانی تاکگەرایی "idiographic historians" و ئەو پسپۆڕانەی زانستە

کۆمەڵایەتیەکانـەوە کـە سـەرنجێکی گـشتگیرانەیان هەیـە، بـە شـێوەیەکی یەکسان، پشتگوێ خراون.

بروداڵ بە یەکێك لەم دوو کاتـە دەڵێـت: کـاتی مـاوە درێژەکـە " long duree" یـان: کـاتی بونییـەوەی "structural time" کـە کـاتێکی درێژە، بەڵام ئەبەدی نییە، جۆرەکەی دی ناو دەنێت: کاتی پێکەوەبەستران "conjucture"، یـان کـاتی بازنـەیی، یـان کـاتی مامناوەندەکایـە "range time_middle" کە کاتی بازنەکانی ناو بونییەکانە، سەرەڕای ئەوەی کە توێژەری شیکار هەڵدەستێت بە بونیاتنانی ئەم دوو جۆرەی کات، بەڵام نوێنەری چەند رووداوێکی کۆمەڵایەتین کە دەبنە هۆی سنووردارکردنی بکەرەکان، رەنگە تێبینی ئەوەتان کردبێت کە مارکس و دۆرکهایم و ڤێبەر بـە تەواوی دژی ئەم چـەمکانەی بـروداڵ نـەبوون، ئەمـەش تـا رادەیـەك راسـتە، بێگومان هەرسێکیان بیرمەندی لێهاتوو زیرەك بوون، دەربـارەی گـەلێك لـەو شتانەی کە ئەمڕۆ خۆمانی لـێ گێـل دەکـەین لێکۆڵینـەوەیان کـردووەو بـەم کارەش ئێمە خۆمـان دووچـاری تالووکـە دەکـەین، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە هەرسێکیان سەر بە فەرهەنگی کۆمەڵناسیین، بوار نەبووە کـە بونیاتنـانێکی کۆمەڵایەتیان بۆ کات هەبێت، لێرەوە بروداڵ نوێنەری رووبەڕووبوونەوەیەکی بنچینەییە بۆ ئەو فەرهەنگـە، هـەروەك چـۆن ئاسـتەنگی ئـەوروپا سـەنتەری پاڵی پێمانەوە ناوە بەرەو جوگرافیایەکی ئاڵۆزتر، چونکە ناڕەزایی دەربـڕین دژی پشتگوێخستنی کاتی کۆمەڵایەتیش ناچـارمان دەکـات بـە بـەکارهێنانی دیدگەیـەکی زەمـەنی زۆر درێـژتر لـەوەی کـە لەسـەری راهـاتووین، بـەڵام وەبیرتان دێنمەوە کە هەرچەند درێـژ بێـت هـەر دیدگەیـەکی زۆر نـزمترە لـە دیدگەی کاتی بێکۆتایی، گومان لەوەدا نییە دەرکەوتنی ئـەو زانـستەی پێـی

دەڵێین زانستی کۆمەڵناسی مێژوویی لە ساڵی ١٩٧٠ز دا وەڵامدانەوەیەکی (لانیکەم پاژی ـ جزئی ـ) بوو بۆ ئەو ئاستەنگەی بڕوودانێ، بەڵام بە خێرایی هێنرایە نێو کۆمەڵناسییەوە، رووبەڕووبوونەوەی خواستی ئامادەو پەنهانی بڕوودانێ بۆ لە ئەستۆگرتنی دووبارە دروستکردنەوەی بینشێکی ئەپستمۆلۆجی گەورەتر بەردەوام بوو.

## ئاستەنگی چوارەم:

لە دەرەوەی زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەریهەڵداوە و لە پاش ئەو بزووتنەوە مەعریفیەوە بوو کە لە زانستە سروشتیەکانو ماتماتیکدا سەری هەڵدا کە ئەمڕۆ بە لێکۆڵینەوەکانی ئاڵۆزی complexity studies دەناسرێت. ئەم بزووتنەوەیە ژمارەیەك لە کەسایەتیە گرنگەکانی تێدایە، بەڵام لێرەدا تەرکیز لەسەر ئەو کەسەیان دەکەم کە رادیکاڵترین ئاستەنگی خستۆتە روو، ئەویش بە رای من، ئیلیا پریگۆگین " Iilya Prigogine"ە.

دیارە سێر جۆن مەدۆکس "Sir John Maddox" سەرنووسەری پێشووی گۆڤاری "سروشت ــ Nature ــ" ئاماژە بە گرنگی ناوازەی پریگۆگین دەکات، داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە توێژەران زۆر قەرزاری ئەم نووسەرەن: "لە سایەی ئەوەوە کە سەرەڕای نیمچە تەنهابوونی بۆ پتر لە چل ساڵ مامەڵەی بەردەوامی لەگەڵ کێشەکانی ناهاوسەنگیو ئاڵۆزییدا کردووە"[٤٤]. ئەوەی شایانی باسە کە پریگۆگین خەڵاتی نۆبڵی لە کیمیادا وەرگرت لەسەر ئەو کارەی کە ناوی نابوو بونییە پەرتەوازەکان "dissipative structure"، بەڵام لە دیدگەی فیکری پریگۆگینەوە

دوو چەمکی سەرەکی بەردەوام لە نوێبوونەوەدان، بریتین لە: تیری کات ــ سهم الزمن ــ"the arrow of time" کۆتایی یەقینیاتەکان " end of cirtainties"[٤٥].

ئەم دوو چەمکە دەیانەوێت زۆربەی گریمانە بنچینەییەکانی زانستی میکانیکای نیوتن هەڵبوەشێننەوە، کە بریتین لەو گریمانانەی بە بڕوای پریگۆگین سەرکەوتوو بوون لە رووی ئەو چاوپیاخشاندنەوانەدا زانستی میکانیکی کوانتۆم "quantum mechanics" و رێژەیی پێویستیان پێی بووە.[٤٦] ئەوەی شایانی گوتنە کە چەمکەکانی کورتهێنانی گەرمیو ئەگەرەکان، کە لە دەرەوەی تیۆری نیوتندان، نویٚ نین، بێگومان لە بناغەکانی زانستی کیمیا بوون، هەروەك لە سەدەی نۆزدەدا گەشەی کردو بوونە پاساوی جیابوونەوەی زانستی کیمیاو فیزیا، بەڵام زانایانی فیزیا لە پەنابردن بۆ ئەم چەمکانەدا ئاماژەیەکیان دەبینی بۆ کەلێنی فیکریی لە زانستی کیمیادا، کە ئەوکات بە ناکامڵ دادەنرا، چونکە خاوەنی دیدێکی حەتمی تێروتەسەل نەبوو، بێگومان پریگۆگین تەنها رەفزی بەکەمزانینی ئەم دوو چەمکە ناکات، بەڵکو گەلێك دوورتر دەڕوات، کاتێك پێشنیازی ئەوە دەکات کە دەبیٚ زانستی فیزیا لەسەر ئەم دوو چەمکە راوەستێت، بەم کارەش دەیەوێت پێش کارەساتەکە بکەوێتو لەناوی بەرێتو داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە (نەتوانینی گەڕانەوە "irreversibility") شتێکی خراپ نییە، بەڵکو "سەرچاوەی سیستمە"و "رۆڵێکی بنچینەیی بونیاتنەر لە سروشتدا دەبینێت"[٤٧].

پریگۆگین هەڵوێستی خۆی بە باشی روونکردەکاتەوەو دەڵێت کە نکوڵی لە راستیەتی فیزیای نیوتن ناکات کە مامەڵە لەگەڵ ئەو سیستمانەدا دەکات کە

یەکدی کامڵ دەکەنو لە ناخی خۆیاندا "گۆڕەپانی متمانەداربوونیان"(٤٨) هەڵگرتووە، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم گۆڕەپانە سنووردارە، چونکە "ئەو سیستمانەی یەکدی کاملکردن قبوول دەکەن چەند حاڵەتێکی ریزپەڕییە - استثنائي ـــ [٤٩] لە کاتێکدا زۆربەی سیستمەکان پرۆسەگەلێکی "processes" حەتمی (لە نێوان لقو پۆپەکانی bifurcation) دیکەدا ئیحتیمالی (لە هەڵبژاردنی لقەکاندا) لەخۆدەگرێت(٥٠)و هەردوو پرۆسەکە پێکەوە کایەیەکی مێژوویی دروست دەکەن کە بژاردە - یەك لەدوای یەکەکان ـــ ی لەخۆگرتبێت.

وە هەروەك لێرەدا لە کۆنگرەی دەروونشیکارەکاندا نین، بە هەمانشێوە لە کۆنگرەی زانایانی فیزیادا نین، وە هۆکاری سەرەکی بۆ وروژاندنی باسی ئەم ئاستەنگە لێرەدا ئەوەیە کە وەها راهاتووین لەسەر ئەو گریمانەیەی کە میکانیکای نیوتن ئەو نموونە ئەپستمۆلۆجیەیە کە پێویستە شوێنکەوتەی بین، زۆر گرنگە دان بەوەدا بنێین کە ئێستا ئەم نموونە ئەپستمۆلۆجیە هەر لە ناو هەمان ئەو فەرهەنگەوە کە بەدیهێناوە ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە دارشتەی نوێی زانستی جووڵە پەیوەندی نێوان زانستە کۆمەڵایەتیەکانو زانستە سروشتیەکانی ئاوەژوو کردووە، ئەم هەڵوێستەی پریگۆگین وتەکەی فرۆیدمان بیر دەخاتەوە کە دەڵێت: خۆبەگەورەزانینی مرۆڤ سێ جار زەبری لێکەوتووە:

یەکەمین جار: کاتێك کۆپەر نیکۆس Copernicus سەلماندی کە زەوی چەقی سیستمی ئەستێرەکان نییە. دووهەمین جار: کاتێك روونیکردەوە کە مرۆڤەکان لە رەگەزی ئاژەڵەوە هاتوون. سێهەمین جار: کاتێك فرۆید سەلماندی کە نەست هەژموونی بەسەر هەموو چالاکیە دەروونییەکانماندا هەیە.

هەروەها دەڵێت: "ئێستا دەتوانین ئـەم دیدگەیـە بـەم شـێوەیە ئـاوەژوو بکەینەوە: دەتوانین لە داهێنانی مرۆڤ تێبگەین وەك گەورەکردنێکی ئەو یاسا سروشتیانەی پێشتر لە زانستی فیزیاو کیمیـادا هـەبووە"(٥١) سـەرنج بـدەن پریگـــۆگین لێـــرەدا چـــی کـــردووە، ســـەرلەنوێ زانـــستە کۆمەڵایـــەتیو سروشتیەکانی یەکخستووەتەوە، بەڵام نەك لەسەر بنچینەی ئەو گریمانەیەی سەدەی نۆزدە کە دەڵێت: " دەکرێت سەیری چالاکییەکانی مرۆڤ تەنها وەك لقێك بۆ چالاکیەماددیەکانی تری سەیر بکـەین"، بـەڵکو لەسـەر بنەمایـەکی ئـاوەژوو، وەهـای دەبینێـت کـە دەکرێـت چـالاکیە ماددییـەکانی مـرۆڤ وەك داهێنان سەیر بکەین. ئەمەش بێگومـان ئاسـتەنگێکە بـۆ فەرهـەنگی ئێمـەی مرۆڤ وەك ئەوەی کە پیادە دەکرێت، هەروەها پریگۆگین دەربـارەی بابـەتی عەقڵانییەت قـسە دەکـات، کـە پێـشتر ئێمـە ئـەو بابەتـەمان وروژانـد، داوای "گەڕانـەوە بـۆ واقیعیـەت" دەکـات کـە دیـارە "گەڕانـەوە بـۆ حەتمییـەت" نییـــە(٥٢). بەدڵنیاییـــەوە عەقڵانییـــەتی واقیعـــی کتومـــت هـــەمان ئـــەو عەقڵانییەتەیە کە ڤێبـەر نـاوی نـابوو جەوهەریـەت، واتـە عەقڵانییـەتێك کـە بەرهەمی هەڵبژاردنێکی واقیعی بێت(٥٣).

## ئاستەنگی پێنجەم:

ئاســتەنگی پێنجــەم کــە دەمــەوێت قــسەی لەســەر بکــەم، لــە لایــەن بزووتنەوەی ژنانەوە پێشکەش کـراوە، تیۆریـسیەنەکانی ئـەم بزووتنەوەیـە دەڵێن، جیهانی مەعریفەو زانین لە زۆر رووەوە لایـەنگیری لـە دژایـەتی ژنـان کردووە، جیهـانی زانـین (مەعریفـە) ژنـانی وەك کەسـایەتی کاریگـەر لەسـەر چارەنووسی مرۆڤ نادیـدە گرتـووەو نەیهێـشتووە وەك توێـژەرو لێکۆڵـەر لـە

واقیعـی کۆمەڵایەتیـدا بوونیـان هـەبێت، جیهـانی زانـین چـەند گریمانەیـەکی پێشوەختی بەکارهێناوە دەربـارەی جیـاوازی هـەردوو رەگـەز (gender ــ خۆڕەگەزاندن) کە پشتئەستوور نییە بە لێکۆڵینـەوەی واقیعـی، پاشـان ئـەو راستیەش دەبێت بوترێت کە ئەم جیهانی مەعریفەتە حسابی بـۆ هەڵوێـستی ژنان نەکردووە[٥٤].

من وای دەبینم کە هەموو ئەم تۆمەتانە تەنها پەیوەندی بە رابـوردووەوە هەیـە، بزووتنـەوەی ئافرەتانـە لـە کۆمەڵناسـی و بـواری فـراوانتری جیهـانی مەعریفەی کۆمەڵایەتیدا هەندێك کاریگەریی هەبووە لەم چەند دەیەی دواییدا لە گۆڕینی ئەو لایەنگیریانە، بەڵام هێشتا رێگایەکی درێژ لە پێشە تـا وەهـای لێبێـت کـە ئـیتر ئـەو بابەتانـە چـار بکرێـت و چـیدی پێویـست بـە گفتوگـۆ نەکات.[٥٥] لەگەڵ ئەمەشـدا، لـە رێگـای لێکۆڵینەوەکانـەوە کـە لـەم بـوارەدا کردوویانە، بیرمەندەکانی بزووتنەوەی ژنان کێبـەرکێیان لەگـەڵ رۆشـنبیریی کۆمەڵناسییدا نەکردووە، بەڵکو بەکاریانهێناوەو تەنها ئـەوەیان گوتـووە کـە زۆرینـەی زانایـانی کۆمەڵناسـی (پـسپۆڕەکانی زانـستە کۆمەڵایەتیـەکان بـە گـشتی) رێزیـان لـەو یاسـا و بنەمایانـە نـەگرتووە کـە خۆیـان داینـاوە بـۆ مومارەسەکردنی زانستە کۆمەڵایەتیەکان.

گومان لەوەدا نییە کە ئەوەی بیرمەندانی بزووتنەوەی ژنان کردوویانە بـە کـارێکی زۆر گـرنگ دادەنرێـت، بـەڵام پێموایـە لـە کـاتی رووبەڕووبوونـەوەی ئاسـتەنگی رۆشـنبیریی کۆمەڵناسـییدا کـارێکی گرنگتریـان لـەوە کـردووە، ئەوەش دەرخستنی هەبوونی لایەنگیریەکی نێرینانەیە، نەك تـەنها لـە بـواری بینشی کۆمەڵایەتیدا (کە لە رووی تیۆریەوە بۆی هەبوو چـاوەڕوان بکرێـت)، بەڵام ئەم لایەنگیریە بە هەمان شێوە لە کایـەی بینـشی جیهـانی سروشـتیدا

هەیە (کە لە بواری تیۆریدا نەئەبوا روو بدات)، بەم قسەیان هێرشیان کردە سەر لاف بابەتییبوون لە پیرۆزترینی پیرۆزیەکانیدا، ئەوەش لاف سەرەکی رۆشنبیری کلاسیکی زانستی کۆمەڵناسیە، هەروەك چۆن پریگۆگین قەناعەتی بەوە نەبوو کە رێگەی پێبدرێت زانستی کیمیا جیابکاتەوە لە حەتمیەتی زانستی فیزیا، بەڵکو پێداگیریشی لەسەر ئەوە کرد کە خودی زانستی فیزیا حەتمی نییە، نابێت بەم شێوەیە بێت، بیرمەندەکانی بزووتنەوەی ئافرەتانیش رازی نەبوون بە پێناسەکردنی بینشی کۆمەڵایەتی وەك گۆڕەپانێك، کە هەموو لایەنگیریە کۆمەڵایەتیەکان تێیدا چاوەڕوانکراوە (سەرەڕای ئەوەی کە بێزراوە)، پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەمە بە سەر زانینی دیاردە سروشتیەکاندا وەك یەك جیبەجێ دەبێت.

لێرەدا دەربارەی ئەم دۆزە دەدوێم بە گفتوگۆکردن لەگەڵ هەندێك لەو زانا ئافرەتانەی لە بواری بزووتنەوەی ژناندا کار دەکەنو خاوەنی باکگراوەندێکن لە زانستە سروشتیەکاندا (یان سەرەتای مەشقکردنیان لەم بوارەدا بووە)، بۆیە بڕوایان وایە کە بە هۆی بینشی تەکنیکی پێویست لە بواری زانستە سروشتیەکانداو بە هۆی ئەو مەشقەی لەو بوارەدا هەیانە سەرەڕای هاوسۆزیشیان لەگەڵ بابەتەکەدا، دەتوانن لەم دۆزەدا قسە بکەن.

لێرەدا سێ زانای ئافرەتی بواری بزووتنەوەی ژنانم هەڵبژاردووە: ئیڤلین فۆکس کلێر Evelyn Fox Keller پسپۆڕ لە فیزیای حەیەوی ماتماتیکیو دۆنا هاراوای Donna J. Harraway کە پسپۆڕە لە بایۆلۆجیای مرۆییدا ڤاندانا شیڤا Vandana Shiva پسپۆڕ لە فیزیای تیۆریدا.

ئـیڤلین کلـیر دەگێڕێتــەوە کـە چـۆن لـە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـدا، ئـەو پرسیارەی کە پێشتر زۆر بەسـووك تەماشـای دەکـرد، مێشکی داگـیر کـرد، پرسـیارەکەش ئـەوەبوو: "تـا چ رادەیـەك سروشـتی زانـست پەیوەنـدی بـە بیرۆکەی نێرینەییەوە هەیە؟ چی دەبوو ئەگەر مەسـەلەکە پێـچەوانەی ئـەوە بێت؟" پاشان ئاماژەی بـەوە کـرد چـۆن وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەداتـەوە: "بابەتەکەی من ئەوەیە کە چۆن پێکهاتەی ژنانو پیاوان کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی زانیاری هەبووە".

تائێستا لە زانستی ـ کۆمەڵناسیی بینش ـ (علم اجتماع المعرفـة)یـان لـە زانستی ـ کۆمەڵناسی زانست ـ دوورنەکەوتووینەوە، کلیر دەڵێـت (لەمەشـدا لەسەر هەقە)، بێگومان پرسـیار خـستنە پێشـچاو بـەم رێگـە سـادەیە تـەنها کاریگەرییـەکی پـەراوێزیی دەبێـت ـــ لـە باشـترینی حاڵەتەکانـدا ـــ لەسـەر رۆشـنبیریی زانـستە سروشـتییەکاندا، بـەڵام ئـەوەی کـە پێویـستمان بـە روونکردنەوەی هەیە ئەوەیە کە جەنـدەر کاریگـەری لەسـەر "بەرهـەمهێنانی تیۆری زانستی" هەیە[٥٦].

ئایا ئەم کارە دەکرێت؟ ئیڤلین کلیر باوەڕی بە بوونی ـ وەژوورکەوتنێکی ناپایەدار ـ intervening variable لە لایەنی دەروونی زاناکاندا هەیـە، بـاس لـە " کاریگــەری هۆکـاری شەخـسیی نـاوەکی intrapersonal dynamics لە هەڵبژاردنی تیۆردا دەکـات"[٥٧]. هـیچ سـەختیەکی وەهـای تووش نەبوو، لە روونکردنـەوەی ئـەوەی کـە چـۆن پێـشەنگانی قوتابخانـەی فرانسیس باکۆن، کارەکەیان بە خواستە ـ استعارە ـ ی نێرینەیی رەنگکرد، تەنانەت هێز و هەژموونی سروشـت، داوای ئـەوەش کـە زانایـان جیـاوازن لـە فەیلەسوفانی سروشتی، لەو پێگەوە کە تەنها ئـەوانبوون کـە زیهنگـەرایی ـــ

الزاتيه subjectivity ـــ يان قبوولّ نەكرد، دیاره ئەمەش گەر بە وردی نۆڕینی بۆ بكەی ناتوانێت لەبەردەم شیكردنەوەدا خۆی بگرێت[٥٨].

بەم شێوەیە كلێر دان دەنێت بە بوونی "نێرینە سەنتەری androcentrism" لە زانستەكاندا، بەڵام هەرگیز رازی نابێت بەوەی كە بگەینە ئەو ئەنجامەی زانست لە خۆیدا رەفز بكەین، یان بانگەشەی دامەزراندنی زانستێكی دیكە بكەین كە لە ریشەوە جیاواز بێتو دەڵێت:

تێڕوانینم بۆ زانست ـ لانیكەم بۆ جیاكردنەوەی پارەیی (جزئـي) لایەنە مەعریفیەكان لە لایەنە ئایدیۆلۆژیەكان ـــ زۆر گەشبینترە، بۆیە بەدەستهێنانی ئامانجی ئەم وتارانە ئەستەمە، بێگومان هەوڵێكە لە ناو زانست خۆیەوە دێت، بۆ گەڕاندنەوەی رێز و ئیعتیبار بۆی، بەو پێیەی پرۆژەیەكی مرۆییە لە بریتی ئەوەی پرۆژەیەكی نێرینەیی بێت، وازهێنان لە جیكردنەوەی كاری فیكریو كاری سۆزداری كە زانست وەك گۆڕەپانێكی تایبەت بە پیاوان دەهێڵێتەوە[٥٩].

دۆنا هاراوای: رەخنەكەی لە پێگەی گرنگی پێدانەكانییەوە دەستپێدەكات وەك ژنە پسپۆڕێكی بایۆلۆجیای مرۆیی، هێرش دەكاتە سەر دوو هەولّی كەمێك جیاواز كە لە لایەن (یەركەس R.M.Yerkes) و (ویڵسن E.O.Wilson)ەوە بۆ گۆڕینی بایۆلۆجیا درا "لە زانستی بوونەوەرە رەگەزیەكانەوە بۆ زانستی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی كۆمەڵگە جینییەكان reproducing genetic assemblage"[٦٠]، رای وەهایە كە ئامانجی ئەم دوو تیۆریە بریتیە لە ئەندازەی مرۆیی لە دوو شێوەی جیاوازو یەكلەدوای یەك، لە كاتێكدا جیاوازییەكە تەنها گۆڕانەكانی ژینگەی

کۆمەڵایەتی فراوانتر دەنوێنێتو دەپرسێت: کێ سوود لە ئەندازەی مرۆیی وەردەگرێت؟ خانم هاراوای باوەڕی وایە کە کاری ئەو دەربارەی "داهێنانی سروشتو دووبارە داهێنانەوەی، رەنگە گرنگیی لە هەموو بوارەکان پتر بێت، کە هیواو چەوساندنەوەو جەنگەکانی دانیشتوانی سەرزەوی ئەم سەردەمە لەخۆدەگرێت". داکۆکی لەسەر ئەوە دەکات کە قسە لەسەر سروشت ناکات بەو شێوەی کە هەیە، بەڵکو دەڵێ: قسە لەسەر ئەو چیرۆکانە دەکەم کە دەربارەی سروشتو ئەزموون بۆمان باسکراوە، زانای بایۆلۆجیا کە (کە دەیگێڕێتەوە) رۆڵێکی سەرەکی تێیدا هەیە.

من لێرەدا بەڵگەکانی خانمی هاراوای دووبارە بەرهەم ناهێنمەوە، بەڵکو تەنها دەمەوێت سەرجی خوێنەر بۆ ئەو ئەنجامگیرییانە رابکێشم کە هیوای وەها بوو لە رێگای رەخنەکەیەوە بەدەستیبهێنێت، ئەویش وەك کلیر ئەوەی قبووڵ نەبوو کە خەڵکی وا بزانن بە رەخنەگرتنی لە "حەتمیەتی بایۆلۆجی" "biological determinism" تەنها خەڵکی بۆ دیدگەی بونیادگەرایی کۆمەڵایەتی بانگ دەکات، بەڵکو باوەڕی وایە کە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی سەدەی بیستەم ئەو حاڵەتەیە کە ئێمەی مرۆڤ تێیدا گۆڕاوین بۆ چەند بوونەوەرێکی سەیر، تێکەڵ لە چەند ئامێرێکی دروستکراوو پرۆگرامداروو بوونەوەرانی ئەندامی ـ عچوی ـ، کە ناوی "cyborgs" یان بۆ دانراوە، واتە بوونەوەرێك نیوەی مرۆڤ و نیوەی ئامێرە، هاراوای بە راشکاوی هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت "لە روویەکەوە ئەوە مشتومڕێکە لە پێناو خۆشیدا کاتێك سنوورەکان تەماوین، لە پێناوی هەستکردن بە لێپرسراوییدا لە بونیاتنانی ئەو سنوورانە لە رووەکەی ترەوە"(٦٢)، بڕوای وایە ئەو سنوورانەی کە پێویستە بڕووخێنرێت بریتیە لەو سنوورانەی لە نێوان شتە

مرۆیینەکانو شتە ئاژەڵیەکاندان، هەروەها رووخاندنی سنوورەکانی نێوان ئەوەی کە مرۆیی ئاژەڵی (یان ئەندامییەکان)ە، لەگەڵ ئەوەی کە ئامێریە، لە نێوان ئەوەی ماددییەو ئەوەی ماددیی نییە.

هاراوای هۆشدارییمان دەربارەی "تیۆریەکی گەردوونی گشتگیر" دەداتیۆ ناوی دەنێت "هەڵەیەکی گەورە کە زۆربەی داکەوتە ــ واقع ــ پشتگوێ دەخات، باوەڕیشی وەهایە کە "هەر یەك لە زانستو تەکنەلۆژیا خستنە ژێر بەرپرسیاریەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، واتە رەفزکردنی میتافیزیکیای دژەزانست، واتە بە شەیتانکردنی تەکنەلۆجیا[٦٣]. بێگومان بیرۆکەی سەنتەریی ـ مەرکەزی ـ لەم ئاستەنگەدا بریتیە لە بەرپرسیاریەتی، ئەوەتا هاراوای رێژەیی بوون رەفز دەکات، نەك بە ناوی "بینشە سەرتاپاگیرەکان"، بەڵکو بە ناوی " مەعریفە پارەیی ـ جزئی ـ و شوێنیو رەخنەییەکان، کە دەبێتە هۆی بەردەوامی ئیمکانییەتی بوونی پێکهاتەیەك لە پەیوەندی کە لاڤ "هاوکاری" لە زانستی رامیاریداو "گفتوگۆی هاوبەش"یش لە ئەپستمۆلۆجیادا"[٦٤] لێدەدات، بەڵام رەخنەی ڤاندانا شیڤا Vandana Shiva بە پلەیەکی کەمتر تەرکیز دەکاتە سەرپەیرەوە زانستیە ناسراوەکان وەك تەرکیزی لەسەر ئەو پیادەکردنە رامیارییانەی لە هەڵوێستی زانست وەرگیراون لە سیستمی رۆشنبیری هیرارکی cultural hierarchy وە ئەو وەك ئافرەتێکی باشوور قسەی دەکرد، بۆیە رەخنەکەی لەگەڵ رەخنەکانی عەبدولمەلیك[٦٥].

شیفا بیرۆکەی "هەژموونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا " لە بەرانبەر "دیموکراتیەتی هەموو ژیان" دادەنێت، ودەڵێت ئەمە"بناغەی زۆربەی رۆشنبیریە ناڕۆژاواییەکانە"[٦٦]. وە پێیوایە پاراستنی رەنگاڵەبوونی ژیانو

ڕەنگاڵـەبوونی ڕۆشـنبیریی مرۆیـی دوو مەسـەلەی پێکـەوە گرێـدراون، بۆیـە نیگەرانـە ـــ بـە تایبـەتی ـــ لـە کاریگەرییـەکانی شۆڕشـی هاوچـەرخی تەکنیکەکانی زانستی ژیان[٦٧]. دوو بیرۆکەی جێگیر سەرنجیان ڕاکێشاوم کە پەیوەنـدییان بـەو ئاسـتەنگەوە هەیـە کـە بـە شـێوازی تایبـەت بـە کلـیر و هاراوای‌و شیفا پێشچاو خراوە.

یەکەمینیان دەڵێت: ڕەخنەگرتن لە زانستە سروشتیەکان هیچ کاتێك بـەو مەبەسـتە نییـە کـە زانـست وەك چـالاکیەکی مـەعریفی ڕەفـز بکـات، بـەڵکو مەبەست شیکردنەوەی زانستیە بۆ مەعریفەو مومارەسەی زانستی.

بیرۆکـەی دووەم ئەوەیـە: بـەو شـێوەیەی کـە ئـەمڕۆ ڕەخنـە لـە زانـستە سروشـتیەکان دەگیرێـت، دەمانبـات بـەرەو بـانگکردن بـۆ فـەرمانێکی کۆمەڵایەتی بەرپرس، ڕەنگە وەها هەست بکەن کە بەڵگەیەك نـەبێت لەسـەر داتاشـینی لایـەنگیری جەنـدەری ""gender bias لـە زانـستە سروشـتیەکاندا. پێموایـە کـە سـاندرا هـاردینگ "Sandra Harding" وەڵامی گونجاومان پێدەبەخشێت کاتێك دەڵێت: " وە هەر چۆن هەوڵـەکانی ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە یاساکانی نیوتن‌و ئەنیـشتاین دەربـارەی سروشـت ڕەنگـە ڕۆڵـی هـەبووبێت لـە زاڵکردنـی بـەڕەمزبوونی جەنـدەردا gender symbolization بـە نـاومکین دەربکـەوێت، بـەڵام هـیچ هۆکارێـك نییـە وەهامان لێبکات بڵێیین توانای سەرکەوتنی نییـە"[٦٨]. دەسـتەواژەی گـرنگ لێرەدا بریتیە لە دەستەواژەی "سەرەتاییانە" لەسەر بنەمای ئـەم تێبینییـە کورتـەش کـە داوا دەکـات زۆربـەی مومارەسـە بناغەییـەکانی زانـست بـە تەرازووی پێوەرەکانی دڵنیـابوونی مەیـدانیی (ئیمبریقـی) بـۆ زانـینی ڕاسـتی ناڕاستییەکانی، بکێشرێت.

بزووتنەوەی ژنانە پشت ئەستوورە لە وەستانەوەی بە رووی زانستدا.
بزووتنەوەی فیمینیستی بە وروژاندنی گومانەکان دەربارەی هەر پێشباوەڕێك کە بڵێت جەندەر پەیوەندی بە مومارەسەی زانستیەوە نییە، رووبەڕووبوونەوەیەکی جەوهەریی دەخاتە پێشچاو لە بەرانبەر رۆشنبیری کۆمەڵناسییدا، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی فیمینیستی ئاستەنگێکی یەکسان بە رۆشنبیری زانستەکانی سروشت بێت ــ کە ئەم زانستەش حسابی بۆ دەکات ــ ئەوە لە داهاتوودا بۆمان دەردەکەوێت(٦٩).

## ئاستەنگی شەشەم و کۆتایی:

ئەم ئاستەنگە کە رەنگە لە هەموو ئاستەنگەکانی دیکە پتر تووشی سەرسوڕمانمان بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا لە هەموو ئاستەنگەکان کەمتر گفتوگۆی لەسەر کراوە.

ئەم ئاستەنگەش باس لەوە دەکات کە تازەگەریی (مۆدێرنێتە)، بەو شێوەیەی کە کۆڵەکەی کارەکانمانە، لە راستیدا هیچ بوونێکی نەبووە، ئەم وتەزا (کاتیگۆری ــ مقولە)یە بە شێوازێکی روونتر لە لایەن برونو لاتور Bruno Latour خرایە روو، ناوی پەرتووکەکەی پەیامێکە تێیدا دەڵێت: "ئێمە هیچکات نوێخواز نەبووین".

برۆنۆ لاتۆر پەرتووکەکەی بە هەمان بەڵگەی هاراوای دەستپێدەکات کە دەڵێت: ئەوە تێکەڵەی ناپاڵاوتەکانە کە واقیع دروست دەکات، ئەو دەربارەی زۆربوونی "جۆرە دووڕەگەکان hybrids" قسە دەکات کە هاراوای ناوی نابوو "بوونەوەری نیوە مرۆڤ و نیوە ئامێر".

بـۆ هــەردوو لــە (هــاراوای و لاتــۆر) جـۆرە دووڕەگــەکان دیاردەیــەکی سەنتەرین و لەگەڵ تێپـەڕبوونی کاتـدا پـتر دەبێـت و لـە شـیکردنەوەدا مـافی خۆی نادرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ترس دروست ناکەن، مەسەلەی گرنگ لای لاتــور ئەوەیــە کــە زاڵ بــبین بەســەر ئــەو دابەشــکردنە زانــستیو کۆمەڵایەتیەی کە واقیع دەکات بە سێ بەشەوە: سروشتو رامیاری و گوتار، چونکە لاتۆر پێی وایـە کـە تۆڕەکـانی واقیـع " لـە هەمانکاتـدا واقیعیـە وەك سروشت، گوفتارە وەك گوتار، کۆمەڵییە وەك کۆمەڵگە"[(٧٠)]

زۆرجار بە هەڵە وەها تەماشای لاتۆر دەکرێت، کـە سـەر بـە قوتابخانـەی پۆست مۆدێرنەیە، زۆر جێگای سەرسوڕمانە کە خوێنەری وریـا ئـەم هەڵەیـە بکات، چونکە لاتۆر هەروەك چۆن هێـرش دەکاتـە سـەر نـەیارانی مۆدێرنـە، هێرشیش دەکاتە سەر ئـەو کەسـانەی خۆیـان بـە مۆدێرنیـست دەزانـنو بـە هەمانشێوە هێرش دەکاتـە سـەر ئـەو کەسـانەی کـە ناویـان دەنێـت پۆسـت مۆدێرنەکان، لاتۆر باوەڕی وایە کە ئەو سێ کۆمەڵە پێیانوایە ئـەم جیهانـەی کـە لـەم سـێ سـەدەیەی دواییـدا تێیـدا ژیـاوینو ئێـستەش تێیـدا دەژیـن جیهانێکی"نوێ"یە، بەپێی ئەو پێناسـەیەی کـە ئـەو سـێ کۆمەڵـە لەسـەری یەکـدەنگنو پێناســەی مۆدێرنێتــە (تازەگــەری) دەکــەن کــە بریتیــە لــە: "خێراییــەکی بــەردەوامو دابــڕانو شۆڕشــێك لــە کاتــدا (لــە بەرانبــەر) رابوردوویەکی پاشماوەیی‌و جێگیر"[(٧١)]

لاتۆر پێیوایە وشەی تازە (نوێ) لە دووتوێی خۆیدا دوو کۆمەڵی جیاوازی لــە پیادەکــاری (تگبیقــات) حەشــارداوە، لــە روویەکــەوە دروســتکردنێکی بــەردەوام هەیــە کــە بەرهــەمی "وەرگێڕانــی" دووڕەگــە نوێکــانی سروشــتو رۆشنبیرییە، لە روویەکی دیکەوە، پرۆسەیەکی "سازگارکردن" هەیە کـە دوو

ناوچەی وجودی جیاواز لە یەکدی جیادەکاتەوە، یەکیان بۆ مرۆڤ و یەکیان بۆ دەرەوەی بازنەی مرۆڤ. ئەو پێیوایە ئەم دوو پرۆسەیە لە یەکدی جیاواز نین، ناشکرێت بە رێگەیەکی جیاواز شیکردنەوەیان بۆ بکەین، چونکە سەیر لەوەدایە لەگەڵ قەدەغەکردنی جۆرە نوێیەکانی دووڕەگ (سازگارکردن)، ئەگەری دروستکردنی جۆرە نوێیەکانی دووڕەگ لە ئارادایە، پێچەوانەکەشی راستە، واتە بەرهەمهێنانی جۆرە نوێیەکانی دووڕەگ دەبێتە هۆی سنووردارکردنی[٧٢]. بۆ ئەوەی حەقیقەتی جیهانی نوێ بزانین، لاتۆر داوا دەکات کە "ئەنسرۆپۆلۆجیا"(زانستی مرۆڤ)یەك بەکاربهێنرێت کە "یەکجار مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێکدا دەکات".

لاتۆر باوەڕی وایە ئەم جیهانەی تێیدا دەژین لەسەر دەستوورێك بنیاتنراوە کە مرۆڤە مۆدێرنەکان (تازەگەرەکان) دەکاتە کەسانێکی "نەبەز"، باوەڕیان وەهایە کە سروشت (بالاچوو متعالی)یە transcendent و مرۆڤ رۆڵی لە بونیاتنانیدا نییە، بەلام کۆمەڵگە (بالا چوو– متعالی) نییە، بۆیە مرۆڤەکان بەتەواوی ئازادن[٧٤]، بەلام لاتۆر رای وایە کە پێچەوانەی ئەم بابەتە راستە و ئەمەش کەمترین شتێکە کە بوترێت[٧٥]، بێگومان چەمکی مۆدێرنە بە تەواوی هەڵەیە:

هەرگیز مرۆڤی مۆدێرن نەبووە، مۆدێرنەش هیچکات دەستیپێنەکردووە و جیهانێکی نوێش بوونی نەبووە، بەکارهێنانی رانەبووردووی تەواویش[٧٦] لێرەدا گرنگە، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە نۆستالۆجی (گێڕانەوەی هەستەکانی رابوردوو)ەوەو دووبارەخوێندنەوەی مێژوومانەوە هەیە. نالێم ئێمە دەچینە سەردەمێکی نوێوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێویستە لەسەرمان بەردەوام نەبین لە فڕین بە سەرشێتی بەرەو ئەودیوی ئەودیوی ئەودیوی

تازەگەرەکانــەوە، ئــیتر ناچــار نــین بــە خۆهەڵواســین بــە پێــشەنگی پێشەنگەکاندا، بەڵکو ئیتر هەوڵی ئەوە نادەین کـە زیـرەکتر و رەخنـەگرتر و قووڵتر بین لە "سەردەمی گومـان"دا، نـەخێر بـەڵام لـە بـریتی ئـەوە بۆمـان دەرکەوت، کە هێشتا دەستمان نەکردووە بە چوونە ناو سەردەمی نویێ، بۆیە ئــەو ئامــاژە پڕوپووچــەی هەمیــشە لەگــەڵ بیرمەنــدانی پۆســت مۆدێرنــەدا هەیە،ئەوەیـە کـە لاف ئـەوە لێـدەدەن کـە ئـەوان پـێش کـاتێکی نـەهاتوو کەوتوون![79].

بەهــەرحاڵ، ئێمــە خــەریکی مەســەلەیەکی نــوێین، ئــەویش ئەوەیــە کــە گەیشتووینە خاڵی تێربوون (اشباع)[78]، ئەمـەش لاتـۆر رووبـەڕوو دەکاتـەوە لەگەڵ مەسەلەی کاتدا کە وەك ئێستا تێبـینی دەکـەن بۆتـە چـەقی زۆربـەی ئاستەنگەکان. لاتۆر دەڵێت:

گەر بۆتان روون بکەمەوە کە شۆڕشەکان هەوڵێکی نەزۆکن بۆ لەناوبردنی رابوردوو، ئەوا بێگومان خۆم تووشی تۆمەتباربوون بە کۆنەپەرستی دەکـەم، هۆکاری ئەمـەش ئەوەیـە کـە بـەلای تازەگەرەکانـەوە (مۆدێرنیستەکان) ــ هەروەها بەلای ئەو دوژمنانەیانەوە کە نەیاری مۆدێرنـەنو ئـەو دوژمنانـەیان کە پۆست مۆدێرنیستی خـەیاڵین ــ ئاڕاسـتەی تـیری کـات روونـە، دەکرێـت تیرێك بەرەوپێش بـڕوات، بـەڵام پێویـستە تیرێکـی تـر بـەرەو پەیوەنـدیبڕین لەگەڵ رابوردوودا بڕوات، دەکرێت تیرێکی دیکەیش بەرەو دواوە بڕوات، بەڵام پێویستە لەسەر تیرێکی دیکە دابڕانێك دروسـت بکـات لەگـەڵ ئـەو پێـشەنگە تازەگەرانەی لە رەگەوە لە رابوردوویان بڕاون، بۆیە هەروەك ئێستا دەزانین، ئەو شتەی ناتوانین بیکەین، شۆڕشە، چ لە بـواری تەکنـەلۆجیادا بێـت، یـان

زانست، یان رامیاری، یان فەلسەفەدا بێت، بەڵام هەر بە مۆدێرنیستی دەمێنینەوە، ئەگەر ئەم راستیە وەك نائومێدیەك تەفسیر بکەین[٧٩].

لاتۆر دەڵێت: ئێمە هەمیشە "ناتازەگەر بووین".[٨٠] چونکە بە تەنها "فەرهەنگەکان (ثقافات)" یان تەنها "سروشتەکان" نین، بەڵکو " سروشتەکان ـ فەرهەنگەکان " هەیە[٨١]. کۆمەڵگەو سروشت دوو جەمسەری لێکجودا نین، بەڵکو یەك جەمسەر و بەرهەمی چەند دۆخێکی یەکلەدوای یەکی کۆمەڵگەکان ـــ سروشتەکانە، واتە لە ئەنجامی کارتێکەرە گروپیەکانە[٨٢]، ئەگەر دانمان بەم راستیەدا ناو کردمانە سەنتەری پرۆسەی شیکردنەوەمان بۆ جیهان، ئەوکات دەکرێت هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین.

پاش ژماردنی ئاستەنگەکان، دەمەوێت ئەوەتان وەبیر بهێنمەوە کە ئاستەنگەکان لای من راستی نین، بەڵکو چەند شتێکن ناچارمان دەکەن بە بیرکردنەوە لە پێشەکیە بنەڕەتیەکان، ئایا هیچ گومانێکیان لەسەر هیچیەك لەم ئاستەنگانە بۆ دروست دەبێت؟ رەنگە هەندێك گومانتان هەبێت، منیش بەهەمان شێوە، بەڵام کۆی ئەم ئاستەنگانە هێرش دەکەنە سەر فەرهەنگی زانستی کۆمەڵناسی، بە شێوەیەك کە ناتوانین پشتگوێی بخەین، ئایا شتێك بەناوی عەقڵانییەتی فەرمی هەیە؟ ئایا ئاستەنگێکی شارستانی هەیە بۆ دیدگای رۆژئاوا/ نویٚ کە بە جیددی حسابی بۆ بکەین؟ ئایا ئاستەنگی داکەوتەی کاتە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتیەکان لێمان دەخوازێت کە هەستین بە بونیاتنانێکی نویٚ بۆ تیۆریکردن و پرۆگرامەکانمان؟ چۆن لێکۆڵینەوەکانی ئالۆزی complexity studies و کۆتایی یەقینیاتەکان ناچارمان دەکەن بە سەرلەنویٚ داهێنانی میتۆدیگەرایی زانستی؟ ئایا دەتوانین بیسەلمێنین کە جەندەر گۆڕاوێکی بونیادیە (متغیر بنائی)و هەموو بوارێك

دەبڕێـت، تەنانـەت ئـەو بوارانـەی زۆر دوور دیـارن، وەك بونیـاتی چـەمکە ژمێرياريیەکان؟.

ئایا مۆدێرنیتە خەڵەتاندنێکە ـ خەیاڵ نییە ـ تووشی هـەموان بـووەو لـە پـێش هەمووانـەوەش پـسپۆڕەکانی بـواری کۆمەڵناسـی؟ ئایـا ئـەو سـێ بەڵگەنەویستەی کە لە مارکس و دۆرکهایم و ڤێبەر وەرگیراون بەو شـێوەیەی پێـشنیاز کـراوە و فەرهـەنگی کۆمەڵناسـی پێکـدەهێنێت، دەتـوانن بـە لێوەشاوەییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسیارانەدا بکـەن؟ ئەگـەر ئـەم کارەیـان پێنەکرا، ئایا ئەوە دەگەیەنێت کە رۆشنبیریی کۆمەڵناسـی لـە هەرەسـدایە؟ ئەگەر ئەمەش رووی دا، ئایا چی لە بریتی ئەم رۆشنبیریە دابنێین؟

## دەسپێکە تیۆرییەکان

لێرەدا دەمەوێت لە ڕێگای سێ پێشبینییەوە باس لە پەیمانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بکەم، کە بە لای منەوە لە هەمانکاتدا بۆ سەدەی بیستو یەکەم مومکینو ویستراویشە، کە بریتیە لە پێشبینیکردنی دووبارە یەکخستنەوەی ئەپستمۆلۆجی ئەو مەسەلەیەی کە بە فەرهەنگی ئەپستمۆلۆجیای زانستەکانو مرۆڤەکان ناسراوە، پێشبینی دووبارە یەکخستنەوەی ڕێکخراوەییو دووبارە دابەشکردنی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، پێشبینی ئەوەی کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی سەنتەرییان لە جیهانی مەعریفەدا، هەبێت.

ئەو ئەنجامگیریانە چین کە دەکرێت بە دەستیبهێنین لە شیکردنەوەکانم بۆ ڕۆشنبیری کۆمەڵناسی و ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟

یەکەم: زۆر بە سادەیی دەڵێم ئەو پسپۆڕییە پەڕگیرەی کۆمەڵناسیو هەموو زانستەکان لە واقیعدا بە دەستیەوە دەناڵێنن، مەسەلەیەکە ئەوساو ئێستەش ناتوانرێت خۆی لێ دەرباز بکرێتو لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی وێرانکردنی خود(٨٣).

لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە بەردەوام لەگەڵی بجەنگین، بە ئومێدی بەدیهێنانی پلەیەکی هاوسەنگی گونجاو لە نێوان قووڵیی مەعریفەو فراوانییەکەیدا، لە نێوان دیدێکی میکرۆسکۆبیانە microscopic و دیدێکی پێکهێنەرانە synthetic.

دووهەمین: نیل سمەلسەر Neil Smelser بە باشترین دەربڕین لەبارەیەوە دواوە، کاتێك نکوڵی لەوە کردووە کە "چەند بکەرێکی سادە هەبن لە دیدگای کۆمەڵناسییەوە"(٨٤)، بەڵام ئایا چەند بکەرێکی ئاستبەرزمان

له دیدگای کۆمەڵناسیەوە هەیە؟ واتە ئایا بکەرەکان عەقڵانین؟ کام زانا ئەو بکەرانە دەناسێت؟

ئەمن وەهای دەبینم کە ئەو ڕاستیە کۆمەڵایەتیانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین بە دوو واتا کۆمەڵایەتین: یەکەم: ئەویە کە ئەم راستیانە چەند بینش (تصور)ێکی هاوبەشن بۆ واقیع، کە ژمارەیەکی زۆر، یان ناوەند بە چەند پلەیەکی جیاواز تێیدا هاوبەشن، بەڵام لەگەڵ چەند جیاوازیەکی زۆر ورد لەلای هەر تاکێك، ئەم راستییانەش بینشگەل (تصورات)ێکن کە لە سیاقێکی کۆمەڵایەتیدا بونیات نراون، بەڵام با راشکاو بین، ئەو توێژەرەمان لا گرنگ نییە کە بونیاتی کۆمەڵایەتی جیهان دەخاتە پێشچاومان، بەڵکو ئەوەی گرنگە لامان بریتیە لە سیفەتی کۆمەڵگەرایی ئەو بکەرانەی واقیعی کۆمەڵایەتیان بەهۆی کارە یەك لەدوای یەکەکانیانەوە بەدیهێناوە، ئەم جیهانەی ئێستامان تەنها بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە بەم شێوەی ئێستامانی لێهاتووە کە پێش ئەم ساتە ڕوویداوە. ئەوەی کە توێژەر دەیەوێت لێی تێبگات ئەوەیە: چۆن مرۆڤەکان بە هۆی کۆبوونەوەیان توانیان جیهان بونیات بنێن، لەم کارەشدا پشتیان بە دیدگای کۆمەڵایەتی خۆیان بەستووە.

گومان لەوەدا نییە کە تێپەڕبوونی کات ئێمەش دەگرێتەوە، بەڵام ئاڕاستەکەی نازانین، چونکە هەمیشە چەندین ڕێگای جیاواز لە بەردەمماندایە، کە ناتوانین بیژمێرین، گەرچی یەك تیری کاتمان هەیە، بەڵام چەندین کاتمان هەیە، چونکە ناتوانین ماوەی بونیادیی درێژ پشتگوێ بخەین، بە هەمانشێوەش ریتمە بازنەییەکانی ئەو ڕێچکە مێژووییەی ئێمە توێژینەوەی لەسەر دەکەین، بێگومان کات پترە لە یەکەیەکی یەکسان و یەکلەدواییەك، هەروەها لە چەند ماوەو بازنەو ڕێجیابوونەوەیەك پێکدێت.

له روویەکەوە، جیهانێکی راستەقینە هەیە کە گومانمان دەربارەی نییـە، ئەگەر ئەم "جیهان"ە نەبوایە "ئێمە"ش بوونمان نەدەبوو، ئەم مەسەلەیەش زۆر بێبایەخ دێتە بەرچاو، چونکە ئەگەر باوەڕمان بەمە نـەبێت نـابێ خۆمـان بە لێکۆڵینـەوەی زانـای کۆمەڵناسـییەوە خـەریك بکـەین، ئەوانـەی جگـە لـە خۆیان باوەڕ بە هـیچ شـتێکی دیکـە ناکـەن، تەنانـەت نـاتوانن بـۆ خۆشـیان قـسەیەك بکـەن، چـونکە ئێمـە هـەموو سـاتێك لـە گۆڕانـداین، بۆیـە ئەگـەر بۆچوونی یەکێك لەو کەسانەمان قبووڵ کـرد کـە تـەنها باوەڕیـان بـە خۆیـان هەیە solipist ئەوا دیدگاکانی دوێنێمان بـە کـەڵکی ئـەمڕۆمان نایـەت، بـە ئەندازەی نەگونجانی لەگەڵ دیدگای کەسانی دیکە.

بە راستی باوەڕ نەبوون بە هیچ شتێك نابارترین جۆرەکانی خۆپەسەندیە، بەڵکو گەورەترە لەو خۆپەسەندیەی کە لە بابەتگەرایی داکۆکیکەر لە بـوونی راسـتیەکی بابەتییانـەدا هەیـە، بێگومـان بریتیـە لـە بـاوەڕبوون بـەوەی کـە ئەنجامگیرییەکانی مێشکمان دروستکەر و بەدیهێنی ئەو شتانەیە کە هەسـتی پێدەکەین، لە ئەنجامـدا ئـەوەی کـە هەیـە هەسـتی پێدەکـەین، ئـەوەی کـە خۆمان دروستمان کردووە.

لە روویەکی دیکەوە، وا دیارە راسـتە کـە ئێمـە تـەنها جیهـان لـە رێگـای دیتنمانـــەوە بـــۆی دەناســـین، ئەمـــەش بێگومـــان دیتنێکـــی کۆمـــەڵی و کۆمەڵایەتیە، سەرەڕای ئەمەش هەر دیتنێکی مرۆییانەیە، هەروەك چۆن ئەم مەسەلەیە راستە لە بارەی دیتنمان بۆ جیهانی سروشتیەوە، وەهـاش راسـتە دەربارەی دیتنمان بۆ جیهانی کۆمەڵایـەتی. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە هەموومان پشت دەبەستین بـەو چـاویلکانەی کـە لـە رێگـەی ئـەوەوە پـەی دەبەین، دەبینین، ئـەم پەیبردنـەش رێکخـەری ئـەو خورافاتەیـە (بـەڵێ ئـەو

چیرۆکە گەورانـە) کـەوا ویلیـام ماکنیـل William McNeil"" نـاوی دەنێت "مێژووی خورافە"[٨٥] mythistory"" کە بە بێئەو نـاتوانین هـیچ شتێك بڵێین.

لەم سنووردارکردنانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کـە هـیچ چـەمکگەلێکی نـەژمێرراو لـە ئـارادا نییـەو بابەتـەکانی گـەردوونیش لـە چـەند بەشـگەلێك (جزئیات) پێکهـاتووەو چـەنددانەبوونیش لـە نـاخی سروشـتی گەردووندایـە، بۆیە پێویستە ئەو فرمانانەی بەکاریدەهێنین رابـوردوو بێـت، چـونکە ئێـستا رابوردووە، تەنانەت پێش ئەوەی ببێتە گوفتاریش و دەبێ هەموو قسەکان لە سـیاقی مێـژوویی خۆیـدا بێـت، هەڵخەڵەتانـدنی بـاوەڕ بـوون بـە هـەبوونی یاساگەلی زانستی ترسناکە، وەك خەڵەتاندنی باوەڕبوون بە تاکوتـەنهابوونی حاڵەتەکان، چەند تەڵەزگەیەکی پەنهان پێکدەهێنن کە لە رێگەی رۆشـنبیری کۆمەڵناسیەوە زۆربەمان تێیکەوتووین.

راستە ئێمە لەسەردمی کۆتاییهاتنی دۆگماکاندا ین (الیقینیات)، بەڵام ئەمە لە رووی کردارەوە چی دەگەیەنێت؟ دیـارە مێـژووی فیکـر هەمیـشە هـەوڵی داوە بمانگەیەنێتە کـەنارەکانی یـەقین و دڵنیـایی، ئـەوەتا زاناکـانی لاهـووت بێگومانییان پێبەخشیوین بەو شێوەیەی کە پێغەمبەران و کاهینەکانو دەقە پیرۆزەکان دەیبینن، فەیلەسوفەکانیش بە بەکارهێنانی عەقڵو بەڵگەسـازیو گـشتژمێری (اسـتقراو)و هەسـتەناوەکی (حـدس)ەکانیـان ئـەم کارەمـان بـۆ دەکەن، زانا نوێکانیش بێگومانییو یەقینیاتەکانمان وەها پێدەبەخشن کە لە رێگەی ئەزموونە داهێنراوەکانیانەوە لە راستودروسـتبوونی دڵنیابوونەتـەوە، هەریەکێك لەوان ئـەوە رادەگەیـەنێت کـە راسـتیەکانی بـە بەڵگـە روونـەکانی جیهانی واقیعی سەلمێنراوە، بەڵام بۆمان ئاشکرا بوو کە ئەم بەڵگـە روونانـە

تەنها دەربڕینێکی دەرەکی و سنووردار بوون بۆ چەند راستیەکی قـوولتر و نادیارتر، ئەم کەسانەش هۆکارو نێوەندگیربوون بۆ دەرخستنی نهێنییەکانی.

بە دڵنیاییەوە هەر کۆمەڵێك لەو یەقینیاتـە لـە ماوەیـەكو لـە شـوێنێکی دیارییکراودا باڵادەست بوون، بەڵام هیچکامیان لـە هـەموو شـوێنێكو بـۆ هەمیشە باڵادەست نـەبووە، بـۆ نموونـە گومانگـەراکان و نیهیلیستەکان nihilists ئامـاژە بـۆ ئـەم ژمـارە زۆرەی راسـتیە دژبەیەکانـە دەکـەن کـە ئەوانیش لەو گومانانەوە هەڵقوڵیون کە ئەو گریمانەیەی چنیوە کـە دەڵێـت: راسترین قسە ئەوەیە کە هیچ کەسێك لاڤی حەقیقـەت لێنـادات، بـەڵام ئەگـەر گەردوون لە حەقیقەتی خۆیدا یەقینی لە خۆنەگرتبێت، واتای ئەوە نییـە کـە کارە لاهووتی و فەلسەفی و زانستیەکان هـیچ نرخێکیـان نییـە؟ ئایـا هـەموو ئەمانە تەنها فێڵێکی گەورە نینو بەس؟

ئـــەوەی لێــرەوە بـــە دەســـتیدەهێنین ئەوەیـــە کـــە دانـــایی لەوەدایـــە پرسـیارەکانمان لـە ژێـر تیـشکی دۆخـی نادۆگمـایی بەردەوامـدا دابڕێـژینو سـەیری ئـەم نایەقینییەتـەمان وەك کوێریـەکی شـووم و کـاتی و رێگرێکـی هەمیشەیی بەردەممان نەکەینو لەبری ئـەوە بیکەینـە هـەلێکی دەگمـەن بـۆ خەیاڵ و ئەفراندن و لێکۆڵینـەوە(٨٦). بـەم شـێوەیە لـەم خاڵـەدا فرەڕەنگـی تایبەت نابێت بە لاواز و نەزانەکانەوە، بەڵکو دەبێتە گۆڕەپـانێکی گونجـاو و پڕ لەو ئیمکاناتەی دەتوانێت جیهان باشتر بکات لەوەی کە ئێستا هەیە(٨٧).

لە ساڵی ١٩٩٨ز دا کۆمەڵێك لە زانایان کـە زۆربـەیان زانـای فیزیـا بـوون، پەرتووکێکیان بڵاوکردەوە بە ناوی: فەرهەنگی نەزانی " Dictionnaire de l`ignorance" تێیـدا دەڵـێن: "زانـست ئەوەنـدەی پانتـایی نـەزانین

فراوان دەكات ئەوەندە پانتایی زانین فراوان ناكات". ئەم چەند وتانەی كە لەسەر بەرگی كۆتایی پەرتووكەكەیان نووسیویانە دەخەمە پێشچاو:

"لەگەڵ فراوانبوونی گۆڕەپانی زانینمانەوە لە لایەن زانستەوە، بە شێوەیەكی دژەكۆ (متناقض) هەست بەوە دەكەین كە نەزانیمان زۆرتر دەبێت، وەهاش دیارە كە هەر چارەسەرێكمان بۆ كێشەیەك، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین مەتەڵی نوێ، بەشێوەیەك پرۆسەكانی لێكۆڵینەوە و دۆزینەوە ناچار دەبن كە بەردەوام خۆیان نوێ بكەنەوە، وا دیارە سنوورەكانی زانین (معرفە) بە بێ وەستان فراوان دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پرسیارگەلێك كە پێشتر گومانی نەدەوروژاند، بەڵام سوودی ئەم پرسیارە نوێیانە لەوەدایە كە لە رێگای دروستكردنی ئاستەنگی نوێوە زانست ناچار دەكات بە جووڵەیەكی بەردەوامی پێشكەوتن، كە بەبێ ئەم جووڵە بەردەوامەش رەنگە رووناكی زانست بكوژێتەوە". (٨٨)

یەكێك لەو كێشانەی پەیوەندی بە ئەفراندنی نەزانینە نوێیەكانەوە هەیە، ئەوەیە كە هۆیەكی گونجاو نییە وەهامان لێبكات گریمانەی ئەوە بكەین كە دەكرێت باشتر مامەڵە لەگەڵ ئەم نەزانینانەدا بكەین، چ لە نێو ئەو بوارە تەسكەدا كە نەزانینەكانی تێدا دۆزراوەتەوە، یان بەهۆی خودی نەزانینەكانەوە بێت، رەنگە هەندێكجار زانای فیزیا چەند نەزانینێكی نوێ بخاتە پێشچاو، كە چارەكردنی پێویستی بە مەسەلەیەك بێت كە پێشتر بایۆلۆجیاو فەلسەفەی سەرقاڵ كردووە، هەروەك دەزانین، هەمان بابەت راستە لە بارەی ئەو نەزانینانەی كە زانایانی كۆمەڵناسی دەیدۆزنەوە، بۆیە هەوڵدان بۆ پاراستنی بواری پسپۆڕی لە نەزانینە نوێیەكان خراپترین گوناهی زانستیین‌و گەورەترین بەربەستن لە رێگای رووونیدا.

به راستی کێشەی پسپۆڕیی سەرچاوەی ئەو کێشانەن کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە هەیە، لەم ڕۆژانەدا هەوڵدان بۆ دامەزراوەییکردنی ناوی بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان زۆر بەهێزە، سەرەڕای هەموو جۆرە ڕێزنوانەدنێك بۆ بیرۆکەی (یەکدیتەواوکردنی نێوان پسپۆڕییەکان) .interdisciplinarity

لە ڕاستیدا، من باوەڕم وایە کە ئەم یەکدی تەواوکردنە خۆی لە خۆیدا هەڵخەڵەتاندنە، چونکە زۆر بە توندی پشتیوانی ئەم لیستەی ئێستای پسپۆڕییەکان دەکات، ئەمەش بە ئاماژەیەکی پەنهانکراو کە ئەوە دەگەیەنێت هەموو پسپۆڕییەك خاوەنی زانینێکی تایبەتییەو دەکرێت لەگەڵ چەند زانینێکی تایبەتی دیکەداو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی پراکتیکی هەنووکەیی، تێکەڵی بکەین.

لە ڕاستیدا سێ دابەشبوونە گەورەکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم: ڕابوردوو/ ئێستا، پێشکەوتووەکان/ ئەوانی دیکە، دەوڵەت/ بازاڕ/ کۆمەڵگەی مەدەنی، لەمڕۆدا ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕەها بەرگری لێبکرێت، وەك ڕێنیشانگەلێکی (معالم) فیکری، ئەوەی کە پەیوەندی بە کایەی ڕابوردوو/ ئێستاوە هەیە، ناکرێت هیچ ڕاگەیاندنێکی دروست ڕابگەیەنین کە پەیوەندی بە هەریەك لە بوارەکانی کۆمەڵناسیەوە، یان زانستی ئابوورییەوە، یان زانستی فەلسەفەوە هەبێت، کە لە کایە مێژووییەکەی دابڕابێت، هەروەها ناتوانین هەستین بە چەند شیکردنەوەیەکی مێژوویی دروست گەر گشتگیریە (تعمیمات) بەکارهێنراوەکانی نێو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە بەکارنەهێنین، ئیتر بۆچی بەردەوام وا دەنوێنین کە بە چەند کارێکی جیاواز هەڵدەستین؟

بـەڵام ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بـە کایـەی (پێـشکەوتووەکان/ ئـەوانی دیکە)ەوە هەیـە، ئەوەیـە کـە نـە ئەوانـەی خۆیـان بـە پێـشکەوتوو دەزانـن، پێشکەوتوون، نە ئەوانی دیکەش ئەوانی دیکەن، دیـارە تایبەتمەنـدی هەیـە، بەڵام گەلێك زۆرن، سادەکردنەوە رەگەزپەرستانەکان بۆ جیهان، نـەك تـەنها بێزراوە، بەڵکو بیرکردنەوەمان ئیفلیج دەکات، بۆیە پێویستە لەسەرمان فێـر ببین چۆن مامەڵـە لەگـەڵ (گشتی)و (تایبـەت)دا دەکـەین، وەك جـووتێکی هەمیـــشەیی، نـــەك تـــەنها ئەمـــەش، بـــەڵکو پێویـــستە لـــە هـــەموو شیکردنەوەکانماندا سوودی لێوەربگرین.

لە کۆتاییدا داکۆکی لەسـەر ئـەوە دەکـەین کـە جیاکردنـەوەی دەوڵـەتو بازارو کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر بـە سـادەیی دەڵـێین کـە کـارێکی نابەجێیـە، هەرکەسێکیش ئاگای لە جیهانی واقیعی بێت ئەم راسـتیە دەزانێـت، چـونکە دەوڵـەتو کۆمەڵگـەی مـەدەنی بـازاڕ دادەمـەزرێننو سنورداریـشی (تقییـد) دەکەن، لەهەمانکاتدا دەوڵـەت رەنگدانـەوەی بـازارو کۆمەڵگـەی مەدەنییـە، هەروەها دەوڵەتو بازاڕ دەتوانن پێناسەی کۆمەڵگەی مـەدەنی بکـەن، بۆیـە ناکرێت ئەم سێ نموونەیە لێکجودا بکەینەوە بۆ دەربـڕینی مەسـڵەحەتەکانی خەڵکیو هەڵبژاردنی باشـترینەکانیانو شـوناسو ئیرادەیـانو دانـانی لـە نـاو چەند گۆڕەپانێکی بچووکدا کە چەند کۆمەڵێکی جیاواز قسەگەلێکی زانـستی دەربارە دەڵێنو هیچ گۆڕانێکیشی بەسەردا نایەت.

لەگەڵ ئەمەشدا، من لەگەڵ ئەو پێشەکیەی دۆرکهایمدا هاوڕام کە دەڵێـت دەروونناسیو زانستە کۆمەڵایەتیەکان دوو پڕۆژەی لێکجیاوازن، دەروونناسـی لـە زیندەوەرناسـییەوە نـزیکترە، بـەڵکو بەشـێکی ناجودایـە لێـی، تێبـینی ئەوەشـم کـردوە زۆربـەی زانایـانی دەروون، لـە رەفتارگەراکانـەوە تـاکو

فرۆیدیـەکان ئـەم بۆچـوونەیان قبـوولْ کـردووە، بـەڵام ئـەو کۆمەڵـەی بـەم جیاکردنەوەیە رازی نییە، لە ناخی کۆمەڵناسییەوە هاتووە.

ئەگـەر هـیچ واتایـەك نـەبێت بـۆ ئـەو نموونانـەی ئێـستا کـە لەسـەر دابەشکردنی زانستە کۆمەڵایەتییـەکانی ئـەمڕۆ بـۆ رێکخـستنە لێکجوداکـانی زانین (معرفە) وەستاوە، ئەبێ چی پێویست بێت لەسەرمان کە بیکـەین؟ لـە روویەکەوە ئەوانەی کە شارەزاییان لە زانستی کۆمەڵناسـیی رێکخـستنەکاندا هەیـە، چـەندین جـار ئاسـتی بـەرگری رێکخـستنەکانیان بـە رووی گۆڕانـە سـەپێنراوەکانو چـۆنیەتی دەسـتبەکاربوونی زیرەکانـەو بەهێزانـەی پێـشەواکانی روونکردۆتـەوە، بـۆ بـەرگرییکردن لـەو قازانجانـەی زۆر روونو دیارن لای ئەو کەسانەی سەرەداوی کاروبارەکانیان بە دەستە (گەرچی دانی پێـدا نـانێن)، هـەروەها زەحمەتـە گـۆڕینی رەوتـی گۆڕانکـاری بـەهێز، هـەر هەوڵێك لەم بارەیەوە مەسەلەیەکی ناواقیعیە، لـە روویـەکی دیکـەوە لـە نێـو هەریـەك لـە رێکخـستنەکانماندا پرۆسـەگەلێکی (بـێ پـلان) هەیـە کـە هـەوڵ دەدات بـۆ لابردنـی سـنوورەکان بـەبێ دەسـتێوەردانی هـەر پرۆسـەیەکی چاکسازیی مەبەستدار، وا دیارە هەندێك لە زانایان هەن کە دەگەڕێن بەشوێن چەند هاورێیەکدا بـۆ دروسـتکردنی هەنـدێك کۆمـەڵی بـچووك و تـۆڕی کـاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی کارەکەیان، ئەم تۆڕانەی کاریش هیچ گرنگیەك بە ناولێنانە رەمزییەکانی پسپۆڕییە مەعریفییەکان نادەن، ئەم دیاردەیـەش لـە زۆربوونێکی بەردەوامدایە.

سەرەڕای ئەمەش، لەگەڵ زۆربوونی پـسپۆڕییەکاندا بێـزاری ئـەو کەسـانە زۆر دەبێت کە بودجەی داراییان لەدەستدایە، لەوەی وەها دیارە کە نەبوونی عەقڵانییـەتێك بێـت بـەهۆی بەیەکداچـوونی پـسپۆڕیە مەعریفییـەکان، بـە

تایبەتی لەژێر ئەو پەستانە جیهانیانەدا کە داوای کەمکردنەوەی خەرجیی خوێندنی باڵا دەکات لە بریتی زۆرکردنی، وا دیارە ژمێریارەکان جڵەوی خێرایی ڕەوتی ئێمەیان بە شێوەیەك لەدەستدایە کە باشترین هەڵبژاردەمان نەبێت لەسەر ئاستی فیکری، بۆیە وەهای دەبینم کە زۆر پێویستە زانایان دەست بکەن بە پرۆسەیەکی دۆزینەوەی ڕێکخراوەیی، بە ڕەخساندنی بوارێکی فراوان بۆ ئەزموون، هەڵوێستوەرگرتنێکی پڕ لێبوردن بۆ یەکدی لە بەرانبەر هەوڵەکانماندا، تاکو ئەو پەیکەرەی ڕێکخراوەییە بدۆزینەوە کە کارکردنی لەوانی دی باشترە، دەکرێت سیستمە گشتییەکان macro و سیستمە تاکییەکان micro بە چوارچێوەیەك دابنێین کە کۆمەڵە جیاوازەکانی زانایان کۆ بکاتەوە، بەڵام دڵنیا نیم لەسەرکەوتنی ئەم کارە، ئەم چوارچێوەیە تا ڕادەیەك لە زانستە سروشتیەکاندا کاری پێدەکرێت، زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر ئاستی کرداری (پراکتیکی) پەیڕەوی دەکەن، یان ڕەنگە پێویست بێت خۆمان بەپێی کایە زەمەنییەکانی گۆڕان دابەش بکەین، بۆ: ڕەهەندی کورتو مامناوەندو درێژ، تا ئێستا من ڕایەکی جێگیرم لەسەر هیچ یەك لەم کایانە نییە، بۆیە پێم باشە کە هەموویان تاقیبکەینەوە.

بێگومان ئەوەی لای من ڕوونە، ئەوەیە کە پێویستە لەسەرمان کراوە بینو دان بە ناتەواوییەکانی بینشەکانماندا بنێین، پێویستە لەسەرمان خوێندنەوەکانمان لەوەی ئێستا فراوانتر بکەینو خوێندکارەکانیشمان زۆر هەڵبنێین بۆ هەمان کار، دەبێت خوێندکاری خوێندنی باڵا بە شێوەیەك وەربگرین کە بژاردەکانمان بۆیان فرەجۆرتر بێت وەك لەوەی ئێستا دەیکەین، پێویستە وازیان لێبهێنین ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیارییکردنی ئەو

خاڵە لاوازانەی کە پێویستیان بە یارمەتی ئێمە هەیە تێیدا ببینن تاکو بۆ پێشکەوتنیان سوودی لێوەربگرن، بە راستی فێربوونی زمانە جیاوازەکان گەلێك گرنگە بۆمان، چونکە ئەو زانایەی نەتوانێت بە سێ تا پێنج زمانی زانستی بخوێنێتەوە، ئەوا تووشی بەربەست و کەماسیەکی زۆر دەبێت لە وەرگرتنی زانیاریدا، گومان لەوەدا نییە کە فێربوونی زمانی ئینگلیزی زۆر گرنگە، بەڵام زانینی ئینگلیزی ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ دەتوانیت پتر لە ٥٠٪ نووسراوەکانی جیهان ئاگادار بیت، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەم رێژە سەدیە کەم دەبێتەوە، چونکە ئەو ناوچانەی کە رێژەیەکی زۆرتر لە زانایان بەرهەم دەهێنن زاناکانیان هەوڵ دەدەن کە بە زمانێکی تر بنووسن. زۆربوونی توانامان بۆ سوودوەرگرتن لە زمانەکانی دیکە شانبەشانی هەوڵەکانمان دەڕوات بۆ بەخشینی جیهانییبوون بە زاناکانمان، گەرچی ئەم دوو مەسەلەیە پڕاوپڕ وەك یەکیش دەرنەچن.

نازانم جۆری گەڕاندنەوەی رێکخستنی بونیادیی نوێی داهاتوو چۆن دەبێت، بەڵام گومانم هەیە کە هیچ ئاهەنگێك بگێڕدرێت بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ بەسەر هیچ یەك لە رێکخراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیە جیهانییەکانی ئێستادا، لانیکەم گەر هەمان ناویشی مابێت.

لە کۆتایی ئەم پەرتووکەدا هەوڵم داوە باس لەو مەسەلەیە بکەم کە بە بڕوای من سەرنجڕاکێشترین دەسپێکی تیۆریە، ئەگەر گرنگترینیشیان نەبێت، لەو کاتەوەی فەلسەفەو زانست لە سەدەی هەژدەهەمەوە لێکدابڕان، زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئەو دوو زانستە نەبوو، بە شێوەیەکی ناجێگیر لەو نێوەندەدا بوو، لە هەردوو لایەنی جەنگەکەوە تووشی گاڵتەو بێڕێزی بوو، لە نێوەندی ئەو دوو فەرهەنگەدا، بێگومان

زانایانی زانسته كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان بۆیه ئه‌م كاره‌یان كرد، هه‌ستیان كرد چارێكی دیكه‌یان نییه جگه له هاوپه‌یمانی، یان له‌گه‌ڵ زانایانی سروشت، یان زانایانی زانسته مرۆییه‌كان، به‌ڵام ئێستا ئه‌م دۆخه له ریشه‌وه گۆڕاوه، ئه‌وه‌تا له زانسته سروشتیه‌كاندا بزووتنه‌وه‌یه‌كی مه‌عریفی به‌هێزو گه‌شه‌سه‌ندوو هه‌یه، كه خۆی له (لێكۆڵینه‌وه‌كانی ئاڵۆزی ـ complexity studies)دا ده‌بینێته‌وه كه باس له ئاراسته‌ی كات‌و ونبوونی بێگومانییه‌كان (یه‌قینیات) ده‌كات، بڕوای وایه كه سیستمه كۆمه‌ڵایه‌تیه مرۆییه‌كان ئاڵۆزترین سیستمن، هه‌روه‌ها له زانسته مرۆییه‌كاندا بزووتنه‌وه‌یه‌كی مه‌عریفی به‌هێزو گه‌شه‌سه‌ندوو هه‌یه كه به روونی له (لێكۆڵینه‌وه فه‌رهه‌نگیه‌كان (cultural studies)دا دیاره و باوه‌ڕی وه‌هایه كه یاساگه‌لێكی بناغه‌یی نییه بۆ جوانی، ریشه‌ی به‌رهه‌مه رۆشنبیریه‌كان ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ بنه‌چه‌و كارتێكه‌رو شێواویه كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان.

لای من ئاشكرایه كه لێكۆڵینه‌وه ئاڵۆزه‌كان و لێكۆڵینه‌وه فه‌رهه‌نگیه‌كان هه‌ریه‌ك له زانسته سروشتیه‌كان و زانسته مرۆییه‌كانی گواستۆته‌وه بۆ بواری زانسته كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان، ئه‌و گۆڕه‌پانه‌ی كه پێشتر له چه‌قی جیهانی مه‌عریفه‌وه دوور بوو، ئێستا بۆته چه‌ق، ئێستا زانسته كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان بوونه‌ته چه‌قی مه‌عریفه و ئێمه‌ش ده‌مانه‌وێت زاڵ ببین به سه‌ر دۆزی "دووفه‌رهه‌نگی"دا و هه‌وڵدان بۆ یه‌كخستنه‌وه‌ی له یه‌ك گۆڕه‌پاندا، بۆ گه‌ڕان بۆ ئه‌و شته‌ی راست‌و باش‌و جوانه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا كه ئه‌م مه‌سه‌له‌یه مایه‌ی دڵخۆشیه، به‌ڵام زه‌حمه‌تێكی زۆرمان له رێدایه بۆ به‌ده‌ستهێنانی.

زانین (مه‌عریفه) له حاڵه‌تی نه‌بوونی بێگومانییه‌كاندا (یه‌قینیات) واده‌خوازێت هه‌ستین به چه‌ند هه‌ڵبژاردنێك، چه‌ندین بژارده له هه‌موو

شتێكدا، بژاردەكانی بكەرە كۆمەڵایەتیەكان social actors لە نێو ئەوانیشدا زانایانو ئەم هەڵبژاردنانەش ئەو بڕیارانە دەگرێتەوە كە پەیوەندی بە شتەوە هەیە كە لە خودی خۆیدا عەقڵانییە، ئیتر بێگومان ناتوانین وەها بنوێنین كە زانایان دەتوانن بێلایەن بن، واتە دابڕاوبن لە واقیعە كۆمەڵایەتییەكەیان، ئەمەش بەهیچ شێوەیەك ئەوە ناگەیەنێت كە هەموو شتێك وەرگیراو بێت، بەڵكو ئەوە دەگەیەنێت كە هەموو هۆكارەكان بە وردی لە هەموو بوارەكاندا هەڵسەنگێنین، بۆ ئەوەی بگەینە باشترینی بڕیارەكان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە پێویستە لە دەستپێكی یەكسانبوونمانەوە لەگەڵ یەكدی گفتوگۆ بكەین، راستە كە هەندێكمان خاوەن زانینێكی تایبەتە لە بواری گرنگیدانێكی تایبەتدا، پتر لە كەسانی دیكە، بەڵام هیچ كەس، یان كۆمەڵێك نییە خاوەنی زانین (معرفە)ێكی گشتی پێویست بێت بۆ بڕیاردانە عەقڵانییە بناغەییەكان، تەنانەت تا رادەیەك لە بوارە سنووردارەكانیشدا، بێ رەچاوكردنی زانینی كەسانی دیكە لە دەرەوەی بوارە پەیوەندیدارەكانیدا، گومان لەوەدا نییە ئەگەر پێویستیم بە نەشتەرگەرییەكی مێشك هەبێت دەگەڕێم بۆ باشترینو بە ئەزموونترین جەرڕاحی مێشك، بەڵام بۆ نەشتەرگەرییكردنێكی سەركەوتوو پێویستیمان بە چەند فەرمانێكی دادوەریو رەوشتیو فەلسەفیو دەروونیو كۆمەڵایەتییانەش هەیە، دامەزراوەیەكی وەك نەخۆشخانە پێویستی بە تێكەڵكردنی هەموو ئەم زانینانە هەیە لە بۆتەیەكی خاوەن ژیرییانەی جەوهەری، لەگەڵ ئەوەشدا، رەچاوكردنی بۆچوونەكانی نەخۆشەكەش پێویستە، پزیشكی نەشتەرگەری مێشك لە كەسانی دی پتر پێویستی بەم زانیاریانە هەیە، بە هەمان شێوە زانای كۆمەڵناسو شاعیریش، كارامەییەكان لە بۆشاییەكی بێ شێوەدا

ناتوێتەوە، بەڵکو هەر بە سروشتی پارچەیی (جزئی) خۆی دەمێنێتـەوەو بـۆ کاملبوونیشی پێویستی بە کارامەییە پارچەییەکانی دیکە هەیـە، لـە جیهـانی نوێدا زۆر کەم خۆمان بەم بابەتانەوە سەرقاڵ دەکەین، چونکە خوێندنمان بە پێـی پێویـست ئامادەمـان ناکـات بـۆ وەهـا کارێـك، کـاتێکیش دەزانـین کـە ژیریەتی ئەرکداریەتی (العقلانیة الوظیفیة) بوونی نییە، ئـیتر تـەنها چـارمان ئەوەیە کە دەست بکەین بە لێکۆڵینەوە لە ژیریەتی جەوهەری.

بڕوام وایە کە ئەمە ئەو راستیەیە کە (پریگۆگین) و (ئیزابێل ستینگەرز — Isabelle Stengers) ئامــاژەی پێدەکــەن کاتێــك دەربــارەی "گەڕاندنەوەی سیحر بۆ جیهان"[٨٩] دەدوێن، دیارە ئەمەش بێوەفـایی نییـە بـۆ ئـەو کـارە زۆر گرنگـە (واتـە رزگـارکردنی جیهـان لـە سـیحر)، بـەڵکو داکۆکییکردنە لەو راستیەی کە پێویستە لەسەرمان جارێکی دیکە پارچـەکان پێکەوەو لە تەنیشتی یەك دابنـێین، بێگومـان ئێمـە زۆر بـە خێرایـی هۆکـارە کۆتاییەکان رەتدەکەینەوە، بەڵام (ئەرەستۆ) بەم رادەیە نەزان نەبووە.

راستە ئێمە پێویستە رەچاوی هۆکارە کارامەو کاریگەرەکان efficient causes بکەین، بەڵام پێویستە گرنگییش بە هۆکـارە کۆتاییـەکان بـدەین، بێگومان زانایـان هۆکـارێکی نوێیـان بـەدیهێناوە بـۆ رزگـارکردنی خۆیـان لـە هــەزموونی سیــستمە لاهــووتیو فەلــسەفیەکان، بــە پابەنــدبوون بــە پەیڕەوگەراییەوە، بەڵام هەمان ئەم مەسەلەیە بۆتە ڕێگرێك لە بەردەمیاندا.

لە کۆتاییدا، لە جیهانی زانین (معرفە)دا هەموو مرۆڤەکان یەکسانن، ئـەم راستیەش یەکێك لە گرنگترین هاوکارییەکانی زانـستن، بۆیـە هـەموو کەسـێك دەتوانێــت رووبــەڕووی راســتبوونی وتــەزا (مقــولات)کــانی حەقیقــەتی بەدەستهاتوو ببێتەوە، بە مەرجێك بەڵگەی زانـستی ئـەزموونی (مەیـدانی —

empirical) وەها پێشکەش بکات کە بەرهەڵستی وتەزاکانی دیکە بکاتو بیخاتە بەردەم هەمووان بە مەبەستی ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی بە کۆمەڵی بۆ بکرێت. لەبەر ئەوەی زانایان رازی نەبوون بەوەی کە ببنە زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دیارە ئەوان بە هۆی کەمتەرخەمییانەوە (یان تەنانەت نەیانزانیوە) کە ئەم پێداگرتنە لەسەر بیرۆکەی پیرۆزیی یەکسانسازی مرۆڤەکان لە زانستدا مومکین نەبوو، بەڵکو پلەیەکی بڕواپێکراوی نەبوو لەو جیهانە کۆمەڵایەتیەدا کە مرۆڤەکان یەکسان نین، ئەوەی کە گومانی تێدا نییە کە رامیاری ترس لای زانایان دروست دەکاتو ئەوانیش پەناگای خۆیان لە گۆشەگیرییدا دەبیننەوە. ئەوان لە کەمایەتی بەهێز دەترسن، واتە ئەو کەمایەتییەی کە دەسەڵاتی بەدەستە، لە هەمانکاتدا لە زۆرینەی بەهێزیش دەترسن، واتە ئەو زۆرینەی کە رەنگە جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، لە دۆخێکی وەهادا ئاسان نییە کە جیهانێك دروست بکرێت یەکسانی نێوان مرۆڤەکان زۆرتر بێت، لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی زانستە سروشتیەکان ئامانجیانە، جیهان بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی پێویستە کە یەکسانییەکی پتری تێدا بێت لەوەی کە ئێستا هەیە، بۆیە تێکۆشان لە پێناوی یەکسانی لە زانستو یەکسانی لە کۆمەڵگەدا، لێکجودا نینو یەك تێکۆشانن، ئەمەش سەرلەنوێ ئاماژە بۆ مەحاڵبوونی جیاکردنەوەی گەڕان بە شوێن ئەو شتەی راستەقینەیەو گەڕان بەشوێن ئەو شتەدا کە چاکە، گەڕان بە شوێن ئەو شتەدا کە جوانە.

بێگومان خۆبەگەورەزانینی مرۆڤ گەورەترین سنوورێکە کە سەپاندوویەتی بەسەر خۆیدا، بڕواشم وایە ئەمە ئەو پەیامەیە کە دەبێ لە چیرۆکی ئادەم و بەهەشت وەریبگرین، ئێمە گەلێك لووتبەرزییمان نواند کاتێك لافی ئەوەمان لێدا کە سرووش (وحی)مان لە لایەن خوداوە بۆ هاتووە و بە دڵنیاییشەوە وتمان بەباشی لێی تێگەشتووین، یان بە واتایەکی دیکە، لە مەبەستی خوداوەندەکان تێگەشتووین، بەڵکو لووتبەرزییەکەمان زۆرتر دەرکەوت، کاتێك داکۆکییمان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەتوانین بگەینە راستیەکی ئەبەدی لە رێگەی بەکارهێنانی عەقڵی مرۆڤەوە، ئەو کەرەستەیەی کە هەڵەکانی لە ژمارە نایەن، ئێمەی مرۆڤ بەردەوام لووتبەرزییمان نواندووە لە هەوڵدانەکانماندا بۆ سەپاندنی وێنەی خۆمان بۆ کۆمەڵگەی نموونەیی بەسەر یەکدیدا، بە شێوەیەکی پڕ لە توندوتیژی دڕندەییش سەپاندوومانە.

ئێمە بەم لەخۆباییبوونەمان بە پلەی یەکەم ناپاکییمان لە خۆمان کردووە، ئەو ماتەوزەو رەوشتە پەسەندکراوانەی خۆمان کۆت کردووە کە رەنگە تێماندا هەبێت، هەروەها ئەو خەونانەی کە دەمێکە پەروەردەی دەکەینو ئەو زانینانەی کە رەنگە بەدەستمانهێنابێت، ئێمە لە گەردوونێکدا دەژین کە دڵنیایی (یقین)ی تێدا نییە، دەکرێت بڵێین کە بەردەوامیی نەبوونی دڵنیایی گەورەترین سیفەتی ئەم گەردوونەیە، چونکە ئەم نەبوونی دڵنیاییە داهێنان مومکین دەکات، داهێنانی گەردوونی و لە هەمانکاتدا داهێنانی مرۆیی، ئێمە لە جیهانێکی ناتەواودا دەژینو هەروەهاش دەمێنێتەوە، بەڵام ئێمە دەستەوسان لە بەردەم ئەم واقیعەدا دانانیشین،

بۆمان دەكرێت لـەم جیهانـەدا سـتەم كـەمتر بكەینـەوە و جیهـانیش جـوانتر بكەین، دەتوانین زانینمان لە بارەی جیهانەوە فراوانتر بكەین، بەڵام لـەپێناو ئەم ئامانجەدا دەبێت سەرەتا بونیادی بنێین، بۆ بونیادنانیشی دەبێت لەگەڵ یەكدی بـیر بكەینـەوە، هـەوڵ بـدەین لـە زانـینی پـسپۆڕی یەكـدی سـوود وەربگرین، ئەگەر ئەم هەوڵـەمان هێنایـە ئـارا، ئـەوا دەتـوانین لـە باخـەكانی زانیندا كار بكەین و بەرهەمەكانی بچنین.

لـە سـاڵی ١٩٨٠ز دا تـەرەنس هـۆپكینس Terrence K. Hopkins (كە پێكەوە كارمان كردوە) نامەیـەكی بـۆ نووسـیم، دەمـەوێت لێرەدا بیكەمە پوختەیەك بۆ هەموومان:

"هـیچ جێگایـەك نەماوەتـەوە بـۆ ڕۆیـشتن پێیـدا جگـە لەسـەركەوتن بـۆ سەرەوە و پاشان هەر بۆ سەرەوە و سـەرەوەتر، سـەركەوتنێك كـە دەشـێت وەریبگێڕین بۆ چـەند ئاسـتێكی بـاڵاو بـاڵاتر و بـاڵاتر، ئـەوەی كـە پێویـستە لەسەرمان كە بیكەین ئەوەیە كە زۆر بە پوختی و وردی و بە هەنگاوی كورت و گەڕان بە شوێن راستیدا كار بكەین، هەموو مەسەلەكەش لێرەدایە".

## پەراوێزەکان

١ــــ دەقــی ئــەم وتــارە لەگــەڵ پــەرتووکێکی نووســەر لــە ســاڵی ١٩٩٩ز دا بڵاوکراوەتەوە کە گرنگترین ئەو وتارانەی لە خۆگرتووە کە لە دەیــەی نەوەدەکانـدا بــۆ ژمارەیــەکی زۆر لــە ئەکادیمییــەکان لــە چــەندین شــوێنی جیــاوازی جیهانــدا پێشکەشی کردووە. پەرتووکەکەش بە ناوی:

The End of the World as We know it: Social Sciences for the Twenty First Century.

٢ـ ئەم نووسینەش بەشی پانزەهەمینە لـەو پەرتووکـەی ئێمانوێـڵ واڵەرسـتاین بە ناوی:

The End of the World as We know it: Social Sciences for the Twenty First Century (Minneapolis, London: University of Minnesota Press, ١٩٩٩).

ئەم وتارە لە لایەن واڵەرسـتاین وەك سـەرۆکی ڕێکخـراوی جیهـانی بـۆ زانـستی کۆمەڵناســی International Sociological Association لــە کۆنگرەی چواردەی ئەم ڕێکخراوە، پێشکەش کراوە.

ئەو وتارەش لە ٢٦/ یۆلیۆ/ ١٩٩٨ز دا لە بەردەم هەزاران زانای کۆمەڵناسدا کـە لە پێنج کیشوەرەوە روویان لە شاری مۆنتریاڵی کەنەدا کردبوو، خوێندرایەوە.

٣ـ Parsons,Talcott, The Structure of Social Action,٢nd ed.(Glencoe: Free Press, ١٩٤٩[١٩٣٧)).

٤ــــ Wallerstein,Immanuel et al.,Open the Social Sciiences: Report of the Gulbenkian Commission on the Restructuring of the Social Sciences(Stanford: Stanford University Press, ١٩٩٦), chap.١.

٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووهەم.

٦ـ Foucault, Michel, The Archeology of Knowledge (New York: Pantheon,١٩٧٢); and Bourdieo,Pierre, Homo Academicus (Stanford: Stanford University Press, ١٩٩٨).

٧ـ ئەگەر مرۆڤ سەیری یەکێك لە دوا وتارەکانی ڤێبەر بکات کە ناوی "زانست وەك پیشه" Science as a Vocationیە کە وتارێکە لە ساڵی ١٩١٤ز دا پێشکەشی کردووە، تێبینی ئەوە دەکرێت کە لە ڕستەی دووەمی وتارەکەیدا خۆی وەك "زانایەکی ئابووری ـ سیاسی" political economist ناساندووە. لە ڕاستیدا، لە دەقە ئەڵمانییەکەشدا بەم وشە ئەڵمانییە خۆی ناساندووە Nationalkonom کە لە هەمان واتای زانای ئابووری ـ سیاسی نزیکە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشەکانی دوایی ئەم دەقەدا ئاماژە دەکات بۆ ئەو کارەی کە "پێویستە لەسەر زانایانی کۆمەڵناسیی بیخەنە سەرشانیان"، بە گەڕانەوە بۆ ئەم ڕستەیەی کۆتایی، زۆر ئەستەمە دڵنیابین لەوەی کە ڤێبەر ئاماژەی بۆ خۆی کردبێت.

Weber, Max,"Sciences as Vacation" in From Max Weber: Essays in Sociology, ed. H.H.Gerth and C. Eright Mills(New York: Oxford University Press,١٩٤٦[١٩١٩],١٢٩,١٣٤.

٨ـ نموونەیەکی نوێ هەیە لە لای زانایەکی کۆمەڵناسی کەنەدی (کەن مۆریسن) Ken Morrison لە پەرتووکەکەیدا:

Marx, Durkheim, Weber: Formation of Modern Social Thought (London: Sage, ١٩٩٥). کاتێك لە پێناسی پەرتووکەکەیدا هاتووە: "هەموو پرۆگرامەکانی زانکۆکان بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی زانکۆ تەرکیز لەسەر مارکس و دۆرکهایم و ڤێبەر دەکەن وەك بناغەیەك بۆ کەلەپووری کلاسیکی لە تیۆری سۆسیۆلۆجیادا".

٩ـــ دەربـــارەی کەمبوونـــەوەی ڕێـــژەیی ڕۆڵـــی دۆرکهـــایم، بـــە تاییبـــەتی کەمبوونـەوەی ڕۆڵـی گۆڤـاری "سـاڵنامەی زانـستی کۆمەڵناسـی" L''Annee Scociologique

**سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:**

Clark, Terry N.,''The Structure and Functions of a :Research Institute

The Annee Sociologique'',Europian Journal of ٩١_Sociology ٩(١٩٦٨):٨٩

١٠ـــ Catlin,George E.G., Introduction to Enile Durkheim: The Rules of Sociologocal Method, trans.Sarah A.Solovay and John H. Mueller, ٨th, ed. .xii_(Glencoe: Free Press, ١٩٦٤ [١٩٣٨]), xi

١١ـــ Connell,R.w., ''Why Is Classical Theory Classical?'', American Journal of (١١) Sociology ١٠٢, No. .٦(May ١٩٦٧), ١٥١٤

١٢ـ Durkheim, Emile The Rules of Method, trans. .٣٦_W.D.Halls(Glencoe: Free Press, ١٩٨٢[١٩٣٨)), ٣٥

١٣ـ دۆرکهـایم وەڵامـی ئـەو بۆچـوونە دەداتـەوە کـە دەڵێـت کۆمەڵگـە لەسـەر چینێکی خواروو بونیاد دەنرێت کە لە کۆی هۆشمەندی تاکـەکانی دروسـت بـووە و دەڵێـت: "بـەڵام ئـەوەی کـە ڕوونـە ئەوەیـە کـە ئـەو بابەتـەی قبـووڵ ناکرێـت لای ڕاستیە کۆمەڵایەتیـەکان social facts لـە بوارەکـانی دیکـەی سروشـتدا بـە بـێ هیچ کۆتو مەرجێك وەردەگیرێت، کاتێك توخمەکانی هەر جۆرێك کۆدەبنەوە، ئـیتر لـە سـایەی ئـەم کۆبوونەوەیـەوە بـوار بـۆ دەرکـەوتنی چـەندین دیـاردەی نـوێ ڕێکدەخات، بۆیە مرۆڤ ناچار دەبێت بە وێناکردنی ئەو دیاردانە، نەك بەو سـیفەتەی

که له ناو توخمەکاندا هەبێت، بەڵکو لەو قەوارەیەدا که له یەکگرتنی ئـەو توخمانـە دروست بووە، دەبا ئێمەش ئـەم بنەمایـە بەسـەر کۆمەڵناسییدا پراکتیـزە بکـەین. ئەگـەر گریمـان کـە کۆمەڵگـە لـە چـەند تـوخمێکی جیـاواز پێکهـاتووە، ئـەم پێکهاتەیەش دەبێتـە هـۆی دەرکـەوتنی چـەند دیاردەیـەکی نـوێ کـە جیـاواز بێت لەوانـەی لـە دابڕانـی تاکـدا لـە هۆشـیاریەکەیدا دروسـت دەبێـت، ئـیتر هـیچ دەربازبوونێـك نییـە جگـە لـەوەی کـە ئـەو راسـتیە دیاریکراوانـە لـە نـاخی ئـەو کۆمەڵگەیەدایە کە بەرهەمی هێناوەو لە بەشەکانیدا نییە، واتە لە نـاخی تاکەکانیـدا نییـە". Durkheim, The Rules of Sociogical Method(١٩٨٢), ٣٨_٤٩

١٤_ ئەو سیفەتە تایبەتـەی لـە کـۆتی کۆمەڵایەتیـدا (القیـد الاجتمـاعی) هەیـە، ئەوەیە لە چەند نموونەیەکی سنووورداری گەردیلەییەکانەوە هەڵناقوڵێت، بەڵکو لـەو سـامەوە دێـت کـە لـە هەنـدێك هاووێنەبوونەکانـدا (التمـپلات) هەیـە. راسـتە کـە نەریتـەکان، چ ئەوانـەی تایبـەتن بـە تاکەکانـەوە، یـان ئەوانـەی بـە زگمـاکی پێمانگەیشتوون، لە هەنـدێك رووەوە هـەمان تایبەتمەنـدییان هەیـە، ئـەو عادەتانـە هـەژموونیان بەسـەرماندا دەبێـتو ناچـارمان دەکـەن بـە قبـووڵکردنی هەنـدێك بیروباوەڕو بەجێهێنانی هەندێك هەڵسوکەوتی دیارییکراو، ئەم عادەتانە لـە نـاوەوە بەسەرماندا زاڵ دەبن، چونکە بە تەواوی لە ناخی هەمووماندا هەن، لـە بەرانبـەردا، بیروباوەڕو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانیش لە دەرەوە کارمان تێدەکەن، بۆیە ئەو کاریگەرییـەی یەکـەمیان بـۆ سـەر ئێمـە هـەر لـە بناغـەوە زۆر جیـاوازە لـەو کاریگەرییەی لە رێگەی دووهەمەوە تووشمان دەبێت". هەمان سەرچاوە، (لا ٤٤).

١٥_ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٥.

١٦ـــ سـەرەڕای ئـەو راسـتیەی کـە دەڵێـت: (بیروبـاوەڕو هەڵـسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوە بەمشێوەیە پێماندەگات)، بێگومان ئەمە واتـای ئـەوە نییە ئێمە بەشێوەیەکی نەرێنی (سلبی) وەریدەگرینو گۆڕنکـاری بەسـەرداناهێنین،

کاتێك ئێمە بیردەکەینەوە لە دامەزراوە کۆمەڵیەکانو هەوڵ دەدەین خۆمان بەپێی ئەو بگونجێنین، ئەوا بە دڵنیاییەوە رەنگێکی تاکیانەی پێدەبەخشینو سروشتی تایبەت بە کەسیەتی خۆمانی پێدەبەخشین، هەر بەم شێوەیەش، لە کاتی بیرکردنەوە لە جیهانی هەستەکاندا، هەریەك لە ئێمە رەنگی خۆمانی پێدەبەخشینو خەڵکی جیاوازیش بە رێگای جیاواز لەگەڵ هەمان ژینگەدا دەژین، بۆیە هەریەك لە ئێمە تا رادەیەك رەوشتو ئاینو شێوازەکانی خۆی دروستدەکات.

هەر جۆرێك لە جۆرەکانی گوێڕایەڵی کۆمەڵایەتی social conformity کۆمەڵێکی تەواوی لە جیاوازییە تاکەکان هەڵگرتووە، سەرەڕای ئەوەش بواری رێپێدراو بۆ ئەو جیاوازییانە سنووردارە، دڵنیام کە ئەم بوارە بۆ دیاردە ئایینیو رەوشتیەکان زۆر کەمە، یان هەر نییە، کاتێك بە ئاسانی لادان لەم رێگایانە بە تاوان ناوزەد دەکرێت، بەڵام لە ژیانی ئابووریدا بواری جیاوازی فراوانترە..، بەڵام زوو یان درەنگ مرۆڤ دەگات بە سنوورێکی وەها کە نەتوانێت لێی دەرباز بێت، تەنانەت لەوەی کە پەیوەندی بە ژیانی ئابوورییەوە هەیە. (سەرچاوەی پێشوو لا ٤٧، ژمارە ٦).

١٧ـ هەمان سەرچاوە لا ٤٥.

١٨ـ هەمان سەرچاوە، لا ٣٢ـ٣٣

١٩ـــ لە دوایین گفتوگۆیدا بۆ تیۆری بژاردەی عەقلانی rational choice theory ویلیام گوود William J. Goode نووسیویەتی:

"ئێمەی زانایانی کۆمەڵناس عادەتمان وایە بەو هەڵسوکەوتە دەستپێبکەین کە ئامانجو مەبەستەکانی تا رادەیەك دیارن، هەوڵدەدەین ئەو گۆڕاوانە (المتغيرات) باس بکەین کە زۆربەی جیاوازییەکانمان بۆ روون دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەو گۆڕاوانە نەیانتوانی بەپێی پێویست پێشبینی بکەن، بۆ نموونە ئەگەر خەڵکی بەردەوام ئەو رێگا کردارانەیان هەڵدەبژارد کە ئەگەری بەدیهێنانی

ئامانجـەکانیانی کـەم دەکـردەوە، چ ئامـانجی مـاددیی بێـت، یـان رەوشـتی، یـان جوانگەرایی، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەو کەسانە بە ناعەقڵانی ئەژمار ناکەین، بەڵکو بـە وردیەکی زۆرترەوە سەرنجیان دەدەین بۆ دیارییکردنی ئـەو "قـسە پەنهانـەی" لـە پشت هەوڵـە خواسـتراوەکانیانەوەیە". Goode William, J.,''Rational Choice Theory'', American Sociologist, ٢٨ no ٢(Summer ١١٩٩٧), ٢٩

٢٠_ Marx,Karl, and Friedric Engels. The Comuunist Manifesto (New York: International Publishers, ١٩٤٨[١٨٤٨], ٩.

لەو پێشەکیەی چاپی ١٨٨٨ز دا کە ئینگلز زیـادی کـردووە، دەبیـنین جـارێکی دیکـە داکـۆکی دەکاتــەوە لەســەر ئــەوەی کــە "ئــەو وتــەزا (مقولــە) بناغەییــەی پێکهێنەری کرۆکی (مانیفێـستی کۆمۆنیـستی)یـە، لـە هـەموو قۆنـاغێکی مێژووییـدا بەرهەمهێنانو گۆڕینەوەی ئابووریو رێکخستنی کۆمەڵایـەتی کـە لـەو دووانـەوە بـە حەتمی هەڵدەقوڵێت، ئەو بناغەیەیە کـە مێـژوو و فیکـرو رامیـاری ئـەو سـەردەمەی لەسـەر بونیـاد دەنرێـت، تـەنها لـەو رێگەیەشـەوەیە کـە دەتـوانین مێژووەکـەی لێکبدەینەوە، هەموو مێژووی مرۆڤایەتیش (لە کاتی نەمانی کۆمەڵگـەی سـەرەتایی تیرەییەوە کە زەوی موڵکی هەموو کەس بووە) مێژووی ململانێی چینەکان بـووە، رووبەڕووبوونەوە بووە لە نێوان بەشـخوراوەکان و بەشـخۆرەکانداو دەسـەڵاتدارانو چینە چەوساوەکاندا، واتە مێـژووی ئـەو ململانێیانـە ئـەو کۆمەڵـە پەرەسـەندنانەیە کەوا ئەمڕۆ گەیشتووەتە قۆناغێك چینە ستەملێکراو و چەوسـاوەکان (پرۆلیتاریـا) نـاتوانن لــە ژێـر جڵــەوی دەســەڵاتداران و چەوســێنەران رزگاریــان ببێــت، تــاکو کۆمەڵگەی گەورە لە هەمانکاتدا و بە شێوەیەکی یەکجاری، رزگار بکرێت لە هـەموو جــۆرە چەوســاندنەوە و ســەرکوتکردنو جیــاوازی چــینایەتیو ململانــێ چینایەتیەکان". (سەرچاوەی پێشوو، لا ٦).

٢١ـ ماركس لەو گفتوگۆیەیدا لەسەر ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٨٤٨ز – ١٨٥١ز دەڵێت: "لە ژیانی تایبەتدا ئەوەی کە دیارە، هەر کەسێك جیاوازی دەکات لە نێوان ئەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوەو ئەوەی دەربارەی خۆی دەیڵێت، لە نێوان حەقیقەتی خۆیو ئەوەی دەیکات، لە ململانێ مێژووییەکانیشدا بە هەمانشێوەیە، پێویستە لەسەر مرۆڤ جیاوازی بکات لە نێوان دروشم و دەربڕینەکانی پارتەکاندا لە لایەكو حەقیقەتو مەسڵەحەتی ڕاستەقینەی ئەو حزبانە لە لایەکی دیکەوە، بە واتایەکی دیکە جیاوازی بکات لە نێوان تێگەشتنی لە خۆیو ئەو واقیعەی تێیدا دەژی".

Marx, Karl, The ١th Bronaire of Louis Napoleon .(New York: International Publishers, ١٩٦٣ [١٨٥٢], ٤٧

٢٢ـ" بێگومان دابونەریت (عرف) custom و سوودی ماددی material advantage بەس نین بۆ ئەوەی ببنە بناغەیەکی جێگیر و پێویست بۆ جۆرێك لە هەژموون، جگە لەمەش توخمێکی دیکە هەیە کە بریتیە لە (باوەڕبوون بە دروستی ـ الأعتقاد فى المشروعيه).

ئەزموون بۆمان روون دەکاتەوە کە نموونەیەکی وەها نییە کە لەوێدا هەژموون ئازادانە هەوڵ بدات وەك بناغەیەك بۆ بەردەوامبوونی خۆی سنوورێك بۆ خۆی لە نێو پاڵنەرە ماددی، یان سۆزی، یان ئایدیالیەکاندا دابنێت، هەریەك لەم سیستمانەی هەژموون هەوڵ دەدات بۆ چاندنی باوەڕ بوون بە دروستی و ڕەوایی لە مێشکی شوێنکەوتوانیدا، بەڵام بە پێی جۆری ئەو ڕەوایەتیە خواستراوە بە تەواوی چۆنییەتی گوێڕایەڵی و جۆری بەڕێوەبردنی تاکە ئامادەکان بۆ دەستەبەرکردنی ڕەوایەتی و شێوازی مومارەسەکردنی دەسەڵات تێیدا". Max Weber, Economy and Society,ed. Guenther Roth and .Claus Wittich, (New York: Bedmnister Press, ١٩٦٨), ٢١٣

٢٣ـ هەمان سەرچاوە، لا ٢١٧.

٢٤ـــ "بــه گــشتی پێویــسته بــۆ هەموولایــەك ڕوون بێــت كــه بناغــەی هــەموو دەســـەڵاتێك، لەگــەڵ ئەوەشــدا هــەموو ئامادەییــەك بــۆ گوێڕایــەڵی، بریتیــه لــه (بــاوەڕبوون)، كــه بــه هۆیــەوە پیادەكــارانی دەســەڵات دەبنــه خــاوەنی كۆمــەڵێك ئیمتیـــازاتی تایبـــەتی، دروســـتبوونی ئـــەم بـــاوەڕەش كـــارێكی ئاســـان نییـــه. كەواتە "دەسەڵاتی یاسایی" مەرج نییە هەمیشە پڕاوپڕ یاسایی بێت و باوەڕبوون بـــه یاســـاییبوونی دەبێتـــه مەســـەلەیەكی دامـــەزراوەیی و لەگـــەڵی رادێـــین، بۆیـــه یاسامەندی لـه بەشـێكیدا ئـەنجامی تەقلیـدە و شـكاندنی تەقلیـدیش ڕەنگـه ببێتـه هۆی لەناوبردنی ڕەوایەتی بە تەواوی، سەرەڕای ئەمەش، گومـان لـەوەدا نییـه كـه دەسەڵاتی یاسایی توخمی كاریزمای هەیە، لانیكەم بـه واتـا نەرێنییەكـەی، ئـەوەتا كاتێك دەوڵـەتێك لـه هەوڵەكانیـدا سـەركەوتوو نابێـت و ئەمـەش چـەندین جـار ڕوو دەدات، ئەمــەش رەنگــه بــەس بێــت بــۆ ڕمــانی و لــەناوبردنی هەیبەتەكــەیو رێگــا تەختكردن بۆ شۆڕشێكی كاریزمی دژی". (هەمان سەرچاوە، لا ٢٦٣).

٢٥ـ Freud, Sigmund, Civilization and its Discontents (New York: W. W. Norton, ١٩٦١ [١٩٣٠]).

٢٦ـ Frud, Sigmund, The Interpretion of Dreams (New York: Basic Books, ١٩٥٥[١٩٠٠]).

٢٧ـ له دەروونشیكارەكانەوە فێربووین كه كرۆكی پرۆسـەی كـەبت ئـەوە نییـه سنوورێك دابنێین بۆ ئەو بیرۆكەیەی غـەریزە دەنوێنێـت، یـان لـەناوبردنی غـەریزە، بەڵكو ئەوەیە كه وەهای لێ بكرێت هەستی پێبكرێت".

Freud, Sigmund, ''The Unconscious'' in Standard Edition (١٩٥٧[١٩١٥]). ١٤: ١٦٦

٢٨ـــ "ئەگــەر تێپەڕانــدنی پــسپۆڕیی راســتەوخۆ تێگەشــتنێكی قووڵترمــان پێدەبەخشێت، ئەوا بە تێپەڕاندنێكی رەوایە، هەروەك (كانت) ئاگاداری كردوینـەوە كه ئـەو راسـتیەمان بـیر نەچـێت كـه دەرككردنـەكانمان بەسـتراوەتەوە بـه هەسـته

زاتیەکانمان و نابێت بە پڕاوپڕی دەرککراوەکەی بزانین سەرەڕای بێئاگاییمان لێی، بە هەمانشێوە دەروونشیکاری ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی دەرککردنە هەستیەکان (الّدراکات الشعوریە) یەکسان نەکەین بە و پرۆسە زیهنییە ناهەستیانەی (العملیات الژهنییە اللاشعوریە) کە نوێنەری بابەتەکەیەتی، هەروەك ئەوەی کە ماددییە، بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە دەروونییە مەرج نییە هەمان ئەوە بێت کە لە واقیعدا لێمان دیارە". (هەمان سەرچاوە، ١٤: لا١٦٧،١٧١)

٢٩ـ هەمان سەرچاوە، ١٤: لا ١٨٢.

٣٠ـ"(من) وەها دەجولێتەوە وەك ئەوەی ترسی دڵەڕاوکێ هەڕەشەی لێدەکات، بەڵام نەك لە لایەنی پاڵنەری غەریزەییەوە، بەڵکو لە لایەنی دەرککردنەوە (الّدراك)، بەم شێوەیە توانای کاردانەوەی دەبێت دژی ترسی دەرەکی، ئەوەش بە هەوڵی راکردن کە لە فۆبیای خۆپارێزیی phobic avoidancesدایە. لەم پرۆسەیەدا کەبت لە دۆخێکی تایبەتدا سەرکەوتوو دەبێت، ئەو دۆخەش ئەوەیە کە رەهاکردنی نیگەرانی دەکرێت تا رادەیەك کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام لە بەرانبەر قوربانییدان بە ئازادی تاکەکەسی، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی راکردن لە داواکارییەکانی غەریزە بە گشتی بێسوودن، سەرەڕای هەموو شتێك، ئەنجامی راکردنی فۆبیایی لە ئاستی خوازراودا نییە". (هەمان سەرچاوە، ١٤: لا ١٨٤).

٣١ـ هەمان سەرچاوە، ١٤: لا ٢٠٣.

٣٢ـ "بێگومان جەنگین لەگەڵ بەربەستی (هەستکردنی نائاگا بە گوناح ) بۆ دەروونشیکار ئاسان نییە، چونکە ناتوانین بە شێوەیەکی راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ هیچ شتێك بکەین دژی جگە لە هەوڵدانێکی هێدی بۆ دەرخستنی رەگە نائاگا کەبتکراوەکانی، پاشان گۆڕینی بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغ بۆ هەستێکی هەستئاگاهی (شعوری) بە گوناه، ئەم هەوڵدانانەش لە بناغەدا پشت بە چڕوپڕی هەستەکان دەبەستن، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دژەهێزێك نییە خاوەن

توانایەکی لـەم شـێوەیە بێـت کـە چارەسـەر بتوانێـت رووبـەڕووی بێتـەوە، رەنگـە هەوڵـەکان پـشت ببەسـتن بـە ئەنـدازەی رێگاپێـدانی کەسـایەتی دەروونـشیکار بـە نەخۆش بەوەی کە خۆی بخاتە جێگـای (مـن)ی ئایـدیالی نەخۆشـەکە، ئـەم دۆخـە دەروونـشیکارەکە وەهـا لێـدەکات تـاکو رۆڵـی پێغەمبـەرو رزگارکـەرو لێبـوردەی گوناهەکان لەگەڵ نەخۆشەکەدا بگێڕێت، لەبـەر ئـەوەی یاسـاکانی دەروونـشیکاری بـە تـەواوی پێـچەوانەیە لەگـەڵ بـەکارهێنانی دکتـۆردا بـۆ کەسـایەتی خـۆی بـەم رێگەیە، پێویستە لەسەرمان بە ئەمانەتەوە دان بنێین بـە هـەبوونی سـنوور/ کـۆتی دیکەدا بۆ سەرکەوتنی دەروونشیکاری.

لە کۆتاییدا، ئامانجی شیکردنەوەکە ئەوە نییە کە کاردانـەوە پەسـەندکراوەکان بکاتە شتێکی مەحاڵ، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئازادی بداتە (مـن)ی نەخۆشـەکە تـا بڕیـار بدات چ رێگایەك بگرێتەبەر".

Freud, Sigmund, The Ego and the Id (New York:w. .٥١_w. Norton, ١٩٦٠[١٩٢٣], ٥٠

.٣٦_Freud, Civilization, ٣٤, ٣٥ _٣٣

Malek, Anouar,Civizilation and Social _Abdel _٣٤ Theory, vol. ١ of Social Dialects(London: Macmillan, .١٩٨١ [١٩٧٢]), XII

ئەو ئاماژانـەی دواتـر بـۆ ئـەم پەرتووکـە لـەم دەقـەدا لـە جێگـای خۆیـدا بـاس دەکرێت.

٣٥_ "سەرەتاکانی ئیلهامبەخشی initial inspiration بەڕێوەیـەو ریـشەی بەهێزی هەیە لە گۆڕینی جیهاندا لەم سـەردەمەدا، لـە دەرکـەوتنی هاوچـەرخبوونی رۆژهەڵاتـدا، واتـە ئاسـیاو ئـەفریقیاو ئـەمریکای لاتینـدا. گـەورەترین سـەختیی کـە رووبەڕووی تیۆری کۆمەڵایەتی دەبوویەوە لە کاتی پەیمانی (یالگـا)دا، ئـەو کاتـەی هەژموونی رۆژئاوا گەیشتە لوتکە، ئـەوە بـوو کـە چـۆن چـەند رێگـەو هۆکارێـك بـۆ

چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵگەکانو ئەو فەرهەنگە پشتگوێخراوانەی سەر بە چوارچێوە رۆشنبیرییە نارۆژئاواییەکانن بدۆزرێتەوە. بیرۆکەی باوەڕهێنانی رەهای پێشوەخت بە جیهانگەرایی universalism وەك دەرمانێکی گونجاو بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بیرۆکەیەکی سەرکەوتوو نییە، زۆر بە سادەیی دیارە کە نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی گونجاوی هەبێت بۆ ناوەوەی تایبەتمەندییەکان، ئەم بیرۆکەیەش لە لایەن ئاڕاستە فیکریە گەورەکانی نێو قوتابخانە نیشتمانییەکانی فیکرو کردار پەسەندکراو نەبووە، تیۆری کۆمەڵایەتی نازەمەنی تەنها دەتوانێت لە بەرهەمهێنانی ئەپستمۆلۆجیا خودیەکان (ذاتي) بۆ خاوەن ئایدیۆلۆجیا پیشەییەکان سەرکەوتوو بێت، ئەوانەی کە دابڕاون لە جیهانی واقیعی هەستپێکراو، لەو دیالێکتیکیەتە بابەتیە کۆمەڵگە مرۆییەکان لە چەند کات و شوێنێکی دیارییکراودا، دابڕاون لەو کاریگەرییە جوگرافیە ـ مێژووییە بناغەییانەی بە بێ وەڕسی کاردەکەن لەو بەشەی چیا سەهۆڵینەکەدا کە نادیارە". ( هەمان سەرچاوە، لا xi, xiii).

٣٦ـ Abdel Malek, Civilization and Social Theory, ٤٣.

٣٧ـ هەمان سەرچاوە، لا ٩٧.

٣٨ـ هەمان سەرچاوە، لا ١٥٦.

٣٩ـ هەمان سەرچاوە، ١٧١ـ١٧٢.

٤٠ـ هەمان سەرچاوە، لا ١٧٩.

٤١ـــ "لەوبەری رووبارەکەوە چەند چەمکێکیان دروستکردووە لەسەر رۆژهەڵات، لە رێگای پرۆسەیەکی جیاوازەوەو لە ژینگەیەکی تەواو جیاوازەوە، ئەگەر پێکهاتەی مێژوویی ـ جوگرافی نەتەوەو کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات ـــ ئاسیا و دەوروبەری چینو ناوچەی ئیسلامی لە ئاسیا و ئەفریقیا ـــ یەکسەر بۆت روون دەبێتەوە ئێمە لەبەردەم کۆنترین کۆبوونەوەی دانیشتوانی نیشتەجێو جێگیرترین

کۆمەڵگەکانـداین کـە خـاوەنی بناغەگـەلێکی کۆمەڵایـەتیو ئـابووریین لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا.

دیارە ئەم کۆمەڵە کۆمەڵگەیە لە دەوروبـەری ئـەو رووبارانـەدا دروسـتبوون کـە بەسەر ئۆقیـانووسو دەریـادا دەنـواڕن، ئەمـەش یارمـەتی کۆمەڵـە شـوانکارەکانی داوە کە بگوێزنەوە بۆ شێوازی بەرهەمو ژیانی کۆمەڵایەتی جێگیرتر، گونجـاوتر بـۆ کـشتوکاڵ کـردن و نیـشتەجێبوونی شـاریانە، لێـرەدا ئـەوە گرنگـە کـە رەچـاوی پەیوەندی پتەوی نێوان بەردەوامبوونی (durability) جێگیربوونی کۆمەڵگـە بـە درێژایی هەزاران ساڵو نێوان ئەو توخمە بناغەییە بابەتی، لەبەر ئەوەش کات هـیچ شـتێك بەسـەریدا زاڵ نابێـت دەتـوانین بڵـێین: بێگومـان چـەمکەکانی کـات پێـشکەوتووە وەك دیدگایـەکی ناشـیکاریانە، واتـە: دیدگایـەکی پشتیوانـسازی (تکافلی) و یەکگرتوو، ئیتر ناتوانرێت بگوترێت کە مرۆڤ کاتی هەیە، یان پێویـستی بە کاتە، ئەو کەسەی کە گەورەی بوونە، چـیدی نـابێ وەك کاڵایـەك تێیبگـەین کـە دەکڕدرێـتو دەفرۆشـرێت، بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە، ئـەوە کاتـە کـە مـرۆڤ دیـاریی دەکاتو بەسەریدا زاڵ دەبێت". (هەمان سەرچاوە: ل١٨٠ـ١٨١).

٤٢ـ عەبدولمەلیك سـەرجەم شارسـتانی رۆژئـاوا رەتناکاتـەوە، ئـەو رۆژهـەڵات ئاگادار دەکاتەوە دەربارەی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ رۆژئاوادا "ئەگەر رۆژهـەڵات دەیەوێت گەورەی چارەنووسی خۆی بێت، وا جوانە بۆی بـە وردی بـیر لـەو پەنـدە یابانییـە بکاتـەوە کـە لـە هونـەرە جەنگییـەکانی یابانـدا هەیـە: بـیرت نەچـێت ئـەو کەسـەی شـتە نوێکـانو کۆنـەکان دەزانێـت، تـەنها کەسـێکە دەتوانێـت ببێتـە مامۆسـتایەکی راسـتەقینە". (Abdel ـ Malek, Civilizations and Social Theory, ١٨٥).

٤٣ـ Braudel, Fernand, ? “History and the Social Sciences: The Longue Duree”, in Economy and Society

in Early Modern Europe, ed. P. Burke(London: Routtedge and Kegan Paul, ١٩٧٢), ٣٥.

٤٤ـ Sir John Maddox, blurb on cover of: Prigogine, IIya, The End of Certainty(New York: Free Press. ١٩٩٧).

٤٥ـ ناوی وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەی ئەم پەرتووکە (ساڵی ١٩٩٧ بڵاوکرایەوە) The End of Certainly ئەوەش وەرگێڕانێکە بۆ کارەکەی پریگۆگین کە ساڵی ١٩٩٦ز لە فەرەنسا لە ژێر ناوی: La fin des certitutes چاپ کراوە. بڕوام وایە دەستەواژەی کۆ (یەقینیاتەکان) (les certitudes) لەگەڵ بەڵگەکانیدا گونجاوترە.

٤٦ـ وەك زانراوە، یاسای نیوتن کە هێزو خێرایی ( relating force to acceleration) پێکەوە دەبەستێتەوە، لە سەدەی بیستەمدا یاسای میکانیکی کوانتۆم quantum mechanics و تیۆری ڕێژەیی جێگای گرتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تایبەتمەندییە بناغەییەکانی یاسای نیوتن وەك ــ حەتمیەتو هاوگونجان (تناسق)ی کات ـ هێشتا هەر ماوە، بەهۆی هەندێك هاوکێشەوە (وەك هاوکێشەی شرۆیدینگەر Schrodinger) یاساکانی سروشت دەگەیەنێتە قەناعەتە یەقینییەکان، بۆیە هەرکات مەرجە سەرەتاییەکان دانرا، ئەوکات دەتوانین هەموو شتێك کۆنترۆڵ بکەین، سروشت دەبێتە شتێکی ئامێرئاسا automation، دەتوانین لانیکەم مەبدەئیەن کۆنترۆڵی بکەین، چەمکەکانی جیددییەتو هەڵبژاردنو کردەوە خۆڕسکەکان تەنها لە دیدگا مرۆییەکەمانەوە واقیعی دەبن، چەمکی سروشتی ملکەچ (الطبیعة المستسلمة Passive nature)و ژێردەستی یاسا حەتمیەکانو پێچەوانەکراوەی کات، چەمکانێکی تایبەت بە جیهانی ڕۆژئاوان، چونکە لە چینو یابان سروشت خودی بوون دەگەیەنێت."(Prigogine, End of Certainly, ١١ ــ١٢) ئەو ئاماژانەی لەمەودوا دێن بۆ ئەو پەرتووکە لەم دەقەدا، لە کاتی خۆیدا باس دەکرێن.

سەرنج بدە لێکچوونی ئەم چەمکە لەگەڵ داکۆکییکردنی عەبدولمەلیك لە بوونی دوو شارستانی جیاواز بە پێی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ فەکتەری کاتدا.

٤٧ـ تەماشای لا ٢٦ — ٢٧ بکە.

ئەگەریەتی (الاحتمالیە probability) رۆڵێکی جەوهەری دەبینێت لە زۆربەی زانستەکاندا، لە زانستی ئابوورییەوە بگرە تا زانستی بۆماوەزانی Genetics، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت: ئەگەریەتی تەنها حاڵەتێکی عەقڵیە هێشتا ماوەو نەفەوتاوە، پێویستیشە لەسەرمان کە هەنگاوێکی دیکە بنێین بۆ ئەوەی روونی بکەینەوە کە چۆن ئیحتیمالیەت لە نێو یاسا بناغەییەکانی فیزیادا هەیە، چ فیزیای تەقلیدی، یان فیزیای کوانتۆم.

ئەو بەڵگانەی دەڵێن پشێوی (entropy) (پێوەری نەزانییە) بەڵگەی ناڕاستن، چونکە ئەم بەڵگانە لە ناخیاندا ئەوە دەگەیەنن کە نەزانینەکانمان ـــ یان ئەو تۆزە دەنکانەی پاش لەبێژنگدان ماونەتەوە ـــ دەمانگەیەننە یاسای دووەمی (دینامیکیی گەرمی thermodynamics)، بۆ ئەو کەسەی بە شارەزاییەوە تێبینی دەکات، کە لاپلاس بە دێوێکی چواندووە جیهان بە تەواوی وەها دیارە کە قابیلیەتی ئەوەی تێدا بێت لە رێگای کاتەوە بگەڕێتەوە، ئەوکات دەبینە باوکانی کاتو پەرەسەندن، نەوەك منداڵی کاتو پەرەسەندن!.

لە دیدگای ئێمەوە، یاساکانی فیزیا، لە داڕشتنە تەقلیدیەکەیدا، جیهانێکی ئایدیالی و جێگیرو زۆر جیاواز لەو جیهانە ناجێگیرو پێشکەوتووەی ئێمە تێیدا دەژین، هۆکاری سەرەکی بۆ رەفزکردنی بیری پووچی ئاوەژووکردنی شتەکان irreversibility ئەوەیە، چیدی ناتوانین تیری زەمان ببەستینەوە بە پشێویەوە، پەرەسەندنە ناهاوسەنگەکانی (nonequilibrium) ئەمدواییانەی زانستی فیزیا و کیمیا ئاماژە بۆ ئاڕاستەیەکی جیاواز دەکەن، بە روونی بۆمان دەردەخات کە تیری کات سەرچاوەی سیستمە، رۆڵی بونیاتنەری بیرۆکەی ئاوەژووکردنی شتەکان زۆرتر روون دەبێتەوە لەو حاڵەتانەی کە زۆر دوورە لە

دۆخـی هاوسـەنگی، لـە کاتێکـدا ناهاوسـەنگی دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی چـەند شـێوەیەکی نـوێی پێکەوەگـونجان Prigogine, End of Certainty, ١٦ـ١٧، ٢٥ـ٢٦)

٤٨ـ Prigogine, End of Certainty, ٢٩.

٤٩ـ "بێگومان هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە کە میکانیکای کلاسیکی Classical Mechanics ناتەواوە، چـونکە ئـەو پرۆسـانە ناگرێتـەوە کـە ئـاوەژوو نـاکرێن و جـووتی زۆربـوونی پـشێوین، بـۆ ئـەوەی ئـەو پرۆسـانە لـە قـاڵبی خۆیـدا دابنـێین، پێویـستە نـاجێگیری‌و نـەگونجان لـە ناویـدا دابنـێین، بێگومـان ئـەو نەسـەقانەی قابیلیـەتی گونجانیـان تێدایـە چـەند حاڵـەتێکی ریزپـەڕە، زۆربـەی نەسـەقە ناجێگیرەکان، هەر لە کێشەی تەنی سێ ڕەهەندیەوە، زەمینەی ئەوەیان تێدا نییـە کە خۆبگونجێین". (Prigogine, End of Certainty, ١٠٨)

٥٠ـ Prigogine, End of Certainty. ٦٩.

٥١ـ هەمان سەرچاوە، لا ٧١

٥٢ـ "ئەم بیرۆکەی ئێمە گەڕانەوەیـە بـۆ واقیعیـەت، بـەڵام بێگومـان گەڕانـەوە نییـە بـۆ حەتمیـەت، ئـیتر شـانس/ ئیحتیمالگـەرایی ڕێگـەی گونجـاو نییـە بـۆ قبووڵکردنی نەزانی، بەڵکو ئەو شانس/ ئیحتیمالگەراییە بەشێکە لە عەقڵانییـەتێکی نوێی درێژکراوە، بێگومان قبووڵکردنمان کە داهاتوو ملکەچـی سروشـتی حەتمیـەت نابێت، ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە گەیشتووینەتە کۆتایی یەقینیاتـەکان، ئایا ئەمـە داننانە بە تێکشکانی عەقڵی مرۆڤ؟ پێچەوانەکەی ڕاستە، چـونکە کـات‌و واقیـع دوو شتی پێکەوە بەستراون بە شێوەیەك ناتوانرێت کۆبکرێنەوە، نکووڵیکردن لـە کـات دەکرێـت دڵدانـەوەی عـەقڵی مـرۆڤ، یـان سـەرکەوتن بێـت بـۆی، ئـەم نکووڵیـەش هەمیشە هەڵوەشاندنەوەی واقیع دەگەیەنێت، ئەوەی کە ویستمان چاودێری بکـەین ڕێگایـەکی تەسـکە لـە نێـوان دوو وێناکردنـدا، کـە هـەردووکیان دەمانگەیەنێتـە نامۆبوون: جیهانێك ئـەو یاسـا حەتمییانـە حـوکمی دەکـات کـە بوارێك بـۆ لێبڕان‌و

جددییبوون ناهێڵێتەوە. Prigogine End of Certainty, ١٣١, ١٥٥ ١٨٣, ١٨٧, ١٨٨..

٥٣ــ زۆر شتێکی جوانە لەم خاڵەدا بگەڕێینەوە بۆ بروداڵ Braudal تا ببینین چۆن ئەو دارشتنانەی کە پێش سێ دەیە نووسیویەتی، زمانێکی وەك ئەوەی پریگۆگین Prigogin بەکاردەهێنێت، ئەو هەوڵەکانی خۆی باس دەکات کە ویستوویەتی "یەکبوونو جۆربەجۆر بوون لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا" لە زاراوەیەکدا کۆبکاتەوە کە وەك خۆی دەڵێت لە هاوڕێ پۆڵۆنییەکانی وەرگرتووە و ئەوەش بریتیە لە زاراوەی"لێکۆڵینەوە ئاڵۆزەکان".

Braudel, Fernand. ''Unity and Diversity in the Uman Sciences'' in on History (Chicago: University of Chicago Press, ١٩٨٠[١٩٦٠]), ٦١

ئەو مێژووەی کە تەنها رووداوەکان دەگێڕێتەوە histoire evenementielle کە بە تۆزی دەزانێت، بە مێژوویەکی هێڵئاسای دادەنێتو ناوی دەنێت "مێژوویەکی یەك ئاڕاستە". linear

Braudel, Fernand, ''History and Sociology'' in On (History, ٦٧).

داواش دەکات رای جۆرج گۆرفیچ Georges Gurvitch قبووڵ بکەین بۆ کۆمەڵگەی جیهانی global society لە نموونەیەکدا کە دەمانخاتەوە یادی چەمکی لك لێبوونەوە bifurcation. "گۆرفیچ پێیوایە هەریەك لە (سەدەکانی ناوەڕاست لە رۆژئاواو لە کۆمەڵگەی هاوچەرخماندا) لە نێوان چەند چارەنووسێکی جیاواز، کە لە ریشەوە جیاوازن، وەهای دەبینم کە ئەم هەڵسەنگاندنە گونجاوە بە هۆی جۆربەجۆربوونی خودی ژیانەوە، واتە داهاتوو یەك رێگا نییە، کەواتە پێویستە لەسەرمان تەنهائاڕاستەیی لە دیتنی مێژوودا رەدبکەینەوە".

Braudel, Fernand, “The History of Civilizations: The Past Explain the Present’’, in On History, ٢٠٠).

٥٤ـ دوو کورتکراوەی دەربارەی سروشـتی لێکۆڵینـەوەی زانـستی فیمینیـستی کردۆتە بەڵگە. دەقی یەکـەم لـە کۆنـستانس جـۆردان Jordan, Constance, Renaissance Feminism: Literary Texts and Political Models(Ithaca: Cornell University Press, ١٩٩٠),١. کـە نووسـیویەتی: "لێکۆڵینــەوە فیمینیـستیەکە پــشت بــەو بـاوەڕە دەبەسـتێت کـە ئافرەت ئەزموونێکی جیاوازی هەیە لە پیـاو لـە ژیانـدا، ئـەم جیاوازییـەش شـایەنی لێکۆڵینەوەیە". دەقی دووەم لە جوان کیلی:

Kelly, Joan, Woman, History, and Theory: The Essay of Joan Kelly (Chicago: University of Chicago Press, ١٩٨٤).

کە نووسیویەتی: "مێژووی ئافرەتان دوو ئەنجامی هەیـە: گێڕانـەوەی ئافرەتـان بۆ مێژوو و گەڕاندنەوەی مێژوو بۆ ئافرەتان".

٥٥٠ بڕوانــە: (Kelly, Women, History and Theory, ١) "هەوڵـدان بـۆ زیـادکردنی ئافرەتـان بـۆ بنـەماکانی مەعریفـەی مێـژوویی، یارمـەتی مێژووی ژنانی داوە کە تیۆری چـالاك بکـەن (لـەم بـوارەدا) کـە بێگومـان وێناکـانی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی لەق کردووە.

ئەو کارەی لە سایەی دروستکردنی ئیشکالیەت دەربـارەی سـێ خـەمی گرنگـی مێژوویی، بۆ کراوە:

١ـ دابەشکردنی مێژوو بۆ چەند ماوەیەك periodization.

٢ـ جۆرەکانی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی.

٣ـ تیۆریەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

٥٦ـ Keller, Evelyn Fox, Refections on Gender and Science(New Haven: Yale University Press, ١٩٨٥), ٣ـ٥.

٥٧ـ سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠.

کیلـــەر ئـــاوا دەنووســـێت: "خوێندنـــەوەی یاســـاکانی سروشـــت لـــەپێناو ناوەڕۆکەکەیـدا بۆمـان دەردەخـات". ئـەو هەوڵـەی زاناکـان پێیهەڵدەسـتن بـۆ بێلایەنکردنی خۆی بە مەبەستی بـەدیهێنانی بابـەتیبوون، هـەروەها بۆمـان ئاشـکرا دەکات کە ئەو وێنە بێلایەنییەی بەرهەمی دەهێنن لەخۆیدا جۆرێکـە لـە ئیمـزا (کـە دەلالـەت لەسـەر خۆیـان دەکـات)، کەواتـە ئاگـادار بـوون لـە کاریگەرییبەخـشە دەروونییـەکانی "تیـۆری هەڵبـژاردن" ڕێنموونییمـان دەکـات بـۆ ئـەو ڕێگـە زۆر پەنهانانـەی کـە لـەوێوە ئایـدیۆلۆجیا دزە دەکـات بـۆ زانـست ــ تەنانـەت لای ئـەو زانایانەی کـە نییـەتپاك بـوون، بەهـەرحاڵ دەبێـت لـەبیرمان نەچـێت یاسـای بۆیـل Boyle هەڵە نییە، پێویستیشە لەسـەر هـەر ڕەخنەیـەکی چـالاك کـە ڕوو دەکاتـە زانست دان بنێت بەو سـەرکەوتنانەدا کـە نکـووڵی لێناکرێـت، دان بـەو هەوڵانەشـدا بنێـت کـە بوونـە مایـەی ئـەم سـەرکەوتنانە. یاسـای بۆیـل بـە ڕاسـتی پێناسـێکی بڕواپێکراومـان پێدەبەخـشێت، پێناسـێك لـە تاقیکردنـەوەی دووبارەبوونـەوەی ئەزموونو خۆگرتنی لۆجیکی (التماسك المنگقـی)دا دەردەچـێت، بـەڵام گرنگـە کـە بـزانین کـە ئـەم یاسـایەی بۆیـل گوتەزایەکـە (مقولـە) تایبەتـە بـە کۆمـەڵێك لـە دیاردەکانـەوە، ئامـانجی بـەدیهێنانی قـازانجی تایبەتیـە، بـەپێی هەنـدێك پێـوەری لەسەرڕێکهاتووی وەك باوەڕپێکراوەکانو سوود، بەکاردەهێنرێت، حوکم دەرکـردن بـۆ دیـارییکردنی ئـەوەی کـام لـە دیاردەکـان شـایانی لێکۆڵینەوەیـەو جـۆری ئـەو زانیارییانەی کە لامان گرنگـە ــ دیـارییکردنی وەسـفەکانی (یـان تیۆریـەکانی) ئـەو دیاردانەی کە بە تواناترو ڕەزامەندیبەخشترو بە سوودترو بڕواپێکراوترـ لە بناغـەدا پـشت دەبەسـتێت بـە مومارەسـەی کۆمەڵایـەتیو زمانـەوانیو زانـستی حوکمـە پێشنیازکراوەکان، زانایانی هەموو پسپۆڕییەکان دەژین و کار دەکـەن بـە پێـی ئـەو بڕوایانەی وا دەنوێنن کە جێگیرن، بەڵام لە ڕاستیدا گـۆڕاوە، یـان ئەگـەر لێـدانێکی کاریگەری بەربکەوێت بۆی هەیە بگۆڕێت، بۆ ئەوەی حەقیقەتی ئـەم ئاسـۆ فیکریـە

تەسكانە دەرك بكەین پێویستە تـەنها بـەو چـاوەوە بـۆی بنـواڕین كـە جیـاوازی و ناكۆكیەكان دەردەخات، ئەمەش بە دەرچوون دەبێت لە بازنەی كۆمەڵگەی زانایـان (هەمان سەرچاوە: لا ١٠ـ١٢).

٥٨ـــ " بیرۆكـەی ئـەم پەرتووكـە ئەوەیـە كـە ئایـدیۆلۆجیای زانـستی نـویێ، سەرەڕای ئەو سەركەوتنەی كە ناتوانین نكوڵی لێبكـەین، لـە ناخیـدا چـەندین جـۆر ساردی و سەربەخۆیی و نامۆبوونی هەڵگرتووە، من ناڵێم هەبوونی زانستێكی تەواو بابەتیی (موچوعی بالكامل) لانیكەم خەونێكی بەدینەهاتووە، بەڵام وەهـا زانـستێك بۆ خۆی هەڵگری تـۆوی دژایـەتیكردنی خۆیـەتی، مەبەسـتم ئەنجامـە زینـدووەكانی وێنە پێچەوانەكەی خۆیەتی". (هەمان سەرچاوە، لا ٧٠).

٥٩ـ هەمان سەرچاوە، لا ١٧٨.

٦٠ـــ Harway, Donna J., Simians, Cyborgs, and Women: The Reinvention of Nature(New York: Routledge, ١٩٩١), ٤٥.

ئامـاژە داهاتووەكـان بـۆ ئـەم پەرتووكـە لـەم دەقـەدا لـە جێگـای خۆیـدا بـاس دەكرێت.

٦١ـ هەمان سەرچاوە، لا ٦١.

٦٢ـ هەمان سەرچاوە، لا ١٥٠.

٦٣ـــ لای هـاروای Haraway ئـەم مەسـەلەیە "ئـەوە دەگەیـەنێت هـەوڵی دووبـارە بونیادنانـەوەی سـنوورەكانی ژیـانی ڕۆژانـە بـدرێت، لەگـەڵ هـەبوونی پەیوەندیـەكی جـوزئی بـەوانی دیكـەوە، پەیوەنـدی لەگـەڵ بەشـەكانی دیكەمانـدا، ئەمەش خەونێك نییە بۆ بەدەستهێنانی زمانێكی هاوبەش، بەڵكو بـۆ دروسـتكردنی فرەزمانییەكی بەهێزو لە قاڵب نـەدراو. ( Haraway, Simians, Cyborgs, and Women, ١٨١).

٦٤ــــهەمان سەرچـاوە، لا ١٩١. دەگاتــە ئــەوەی کــە دەڵێـت: "تەنــەکان وەك بابەتی زانین (معرفە) هۆکاری بەرهەمهێنی خاڵەکانی یەکتربڕی ماددی و مەعنـەوین کــە ســنوورەکانی لــە کــاتی کارلێکردنــە کۆمەڵایەتیەکانــدا ڕووندەبێتــەوە، ئــەم سنوورانەش بە چەند پرۆسەیەکی نەخشەدار دیـاریکراوە، چـونکە شـتەکان پێشتر بەم شێوەیە نین، شتەکان کۆمەڵێك پـڕۆژەی سـنوورین، بـەڵام ئـەم سـنوورانە لـە ناوەوە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، گەلێکیش ئاڵۆزن، ئەوەی بە شێوەیەکی کـاتی لــە نــاو ســنوورەکاندایە وەك بەرهــەمهێنێك‌و بــەدیهێنێك بــۆ واتاکــانی تەنــەکان دەمێنێتەوە، بێگومـان سـنوور دیـاریکردنیش کـارێکی پـڕ مەترسـیە، مەبەسـت لـە بابەتگەرایی جیابوونەوە نییە، بەڵکو مەبەست پرۆسەی بونیادنانە لە هـەردوولاوەو زۆربەی کاتیش نایەکسانن، یـان بریتیـە لەسـەرەڕۆییەك لـە جیهـانی"ئێمـە"دا ئـەو جیهانەی کە بێگومان لەوێدا نـەبوون دێـت بەسـەرماندا، واتـە نـاتوانین بـە تـەواوی کــۆنترۆڵی بکــەین". ( Haraway, Simians, Cyborgs, and Woman,٢٠٠_٢٠١).

٦٥ـ ئەرکی مرۆڤی سپی لەسـەر زەویـدا قورسـتر دەبێـت، بەتایبـەتی بەرانبـەر کۆمەڵگــەکانی باشــووری گــۆی زەوی، لــە مــاوەی ٥٠٠ ســاڵی ڕابــوردووی مێــژوودا هــەرکاتێك پەیوەندییــەکی داگیرکارانــە لــە نێــوان بــاکوورو سروشــت و بــاکوور و دەرەوەی بـاکووردا هــەبوبێت، ئــەوا کۆمەڵگــەی داگیرکــەر هەڵوێـستی بـاڵا بــوون دەنوێنن‌و بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆیان دەربارەی داهاتووی زەوی و گــەلان و فەرهەنگــەکانی دیکــە. بیرۆکــەی قورسـایی خۆبــەباڵاگری (تعـالی) مرۆڤــی ســپی لەوەوە هاتووە کە مرۆڤ باوەڕی بەباڵابوونی خۆی هەیە، لەم بیرۆکـەوە واقیعیـەتی ئەو ئەرکە قورســە دەردەکــەوێت کــە دەکەوێتــە سەرشــانی سروشــت و ئافرەتــان‌و کەسانی دیکـە، کەواتـە، ڕزگـارکردنی باشـوور لـە کـۆتی داگیرکـەر زۆر بـە تونـدی پەیوەندی بە دۆزی ڕزگاربوونی باکوور لە قورسایی سەرشانی هەیە".

Shiva, Vandana, in Maria Mies and Vandana Shiva. .Ecofeminism(New Delhi: Kali for Womaen, ١٩٩٤), ٢٦٤

٦٦ـ هەمان سەرچاوە، لا ٢٦٥.

٦٧ـ "لە کاتێکدا دەبینین کە خودی زانست ئەنجامی چەند هێزێکی کۆمەڵایەتیە و چەند ئامانجێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەو کەسانە دیاری دەکەن کە دەتوانن بەرهەمی زانستیی بەکاربهێنن، بێگومان چالاکی زانستی هاوچەرخ پلەیەکی مەعریفی تایبەتی نواندووە بەوەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەوە بێلایەنە. کەواتە زانست سروشتێکی دووفاقی هەیە: لە ڕوویەکەوە چارەسەری تەکنەلۆجیانە بۆ کێشە کۆمەڵایەتیو ڕامیارییەکان پێشکەش دەکات، بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە خۆی بێبەری دەکات لەو کێشە کۆمەڵایەتی و رامیاریە نوێیانەی دروستی دەکات، بۆیە مەسەلەی دەرخستنی پەیوەندی نهێنی نێوان تەکنەلۆجیای زانستو کۆمەڵگە، لابردنی پەردە لەسەر دۆزە نادیار و پەنهانکراوەکان دۆزێکە بەستراوەتەوە بە پەیوەندی نێوان باکوور و باشوور، هیچ هاوسەنگی لێپێچانەوەیەك نابێت دەربارەی پەیوەندی نێوان باکوورو باشوور تا لێپێچینەوەیەکی کۆمەڵایەتی نەکرێت لە ئەستۆی بونیادەکانی زانستو تەکنەلۆجیا و ئەو سیستمانەی پێویستییەکانی بۆ جێبەجێ دەکەن، بەدڵنیاییەوە وروژاندنی گومان دەربارەی توانای ڕەهای زانست و تەکنەلۆجیا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان هەنگاوێکی گرنگە بەرەو رزگارکردنی باکوور" . (هەمان سەرچاوە، لا ٢٧٢ـ٢٧٣).

٦٨ـ Harding, Sandra, The Scince Question in .Feminism, (Ithaca: Cornell University Press, ١٩٨٦),٤٧

هاردینگ نووسیویەتیو دەڵێت: "لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتییدا ئێمە دەمانەوێت لێکدانەوەمان هەبێت بۆ ڕەنگو شێوەکانو بڵاوبوونەوەی ئەو باوەڕو کردەوانەی مرۆڤ کە لە ڕووکەشدا بە ناعەقڵانی دیارە، گەرچی لە ڕووی

فەرهەنگیـشەوە بـڵاوە، هـەروەها گفتوگـۆکردن لەسـەر ئـەم باوەڕانـەو ئاسـتی بڵاوبوونەوەیان، وە ناشتوانین بـەردەوام بـین لەسـەر خەیاڵـەکانمان کـە لێکدانـەوە بـاوەڕ (اعتقـاد)ی و هەڵـسوکەوتە کۆمەڵایەتیـە ناعەقڵیـەکانمانن، وە ناشـتوانین بەشێوەیەکی گشتی، تێگەشـتنمان بـاش بکـەین بـۆ ئـەو جیهانـەی زانـستی فیزیـا لێکدانـەوەی بـۆ دەکـات، مەگـەر سـوور بـین لەسـەر ئـەوەی کـە زانـست لـە ڕووی شیکردنەوەوە دابڕاوە لـە جیهـانی کۆمەڵایـەتی، ژمـاردنی شـتەکانو دابەشـکردنی هێڵ تەنها هەڵسوکەوتی کۆمەڵایـەتی بـاون، دەشـکرێت ئـەم هەڵسوکەوتانە چـەند ڕێگایــەکی بیرکردنــەوەی دژەکـۆ (متنــاقچ) دەربــارەی چــەمکی شــتەکان لــە لێکۆڵینەوەی ماتماکیدا دروست بکەن.

سـەرەڕای ئـەوەی ئەسـتەمە ئـەوەمان بـە خەیاڵـدا بێـت کـە چـۆن هەڵسوکەوتەکانی پیاوانو ژنان لە ڕووی ڕۆڵـی کۆمەڵایەتیانـەوە دەکرێـت کاریگـەر بێت لـە قبـوولکردنی چـەند چـەمکێکی تایبـەتی لـە زانـستی بیرکاریـدا، بـەڵام ئـەم جۆرە حاڵەتانە ئەوەمان بۆ دەردەخـات کـە ناکرێـت بـەو بیـانووەی کـە نـاوەڕۆکی فیکریو لۆجیکی ماتماتیـك بـەدوورە لـە کاریگەرییـە کۆمەڵایەتییـەکان پێـشوەخت ئەم ئەگەرە دووربخەینەوە ". (لا٥١،٤٧).

٦٩ــ جەنسن Jensen لە پێداچوونەوەیدا بـۆ پێـنج پـەرتووك دەربـارەی ئـەم مەسـەلەیە دەڵێـت: "جگـە لـە زانـستی مەیموونـەکان، زۆربـەی زانـستەکان بەشـێوەیەکی نیمـچەتەواو ڕوویـان وەرگێـڕاوە لـە هەوڵـە فیمینیـستیەکان بـۆ بەخـشینی نـاوێکی نـوێ بـە سروشـتو دووبـارە بونیادنانـەوەی زانـست، جگـە لـە پێشنیازکردنی بونیادنانی چەند نموونەو پۆلێنکردنێك کەوا کەمتر هـەرەمیی بێـتو نـەرمتر و قـوڵتر بێـت لـە نموونـە ڕەسـەنە نێرینەییـەکان، هـیچ ڕوون نییـە پێداچـوونەوەی فیمینیـستیەکان بـۆ زانـستو دووبـارە بونیادنانـەوەی بـە کـوێ دەگات، ڕەنگە هەڵـسوکەوتە فیمینیـستیەکان چـەند ڕێگایـەکی نـوێ بـۆ بـوون لـە جیهاندا دروست بکەن، لەوێـشەوە لـەدایکبوونی چـەند ڕێگەیـەکی نـوێ بـۆ زانـینی

جیهان‌و پێناسکردنی، یان ڕەنگە بەرهەمە کۆتاییەکانی بینشە مەعریفیە نوێکان (ئەپستمۆلۆجیا نوێکان) چەند نەخشەیەك بۆ سنوورەکانی زمان‌و مەعریفە دەکێشێت‌و کاریگەری پەیوەندییەکانی هێز لای نێرو مێ لە بونیادنانی مەعریفەدا کەمدەکاتەوە".

Jensen, Sue Curry,"Is Science a Man? New Feminist Epistemologies and Reconstruction of Knowledge'' .Theory and Society ١٩, no.٢(April ١٩٩٠).٢٤٦

٧٠_ Latour, Bruno, We Have Never Been Modern ( . Combridge: Harvard University Press, ١٩٩٣),٦

ئاماژەکانی داهاتوو بۆ ئەم کتێبە لەم دەقەدا لە کاتی خۆیدا باس دەکرێت.

٧١_ Latour, We Have Never Been Modern, ١٠

٧٢_ ئایا پەیوەندییەك لە نێوان کاری وەرگێڕان‌و نێوەندگیریی لەگەڵ کاری پاککردنەوەدا هەیە؟ پێمخۆشە تیشکێك بخەمە سەر ئەم پرسیارە. گریمانەکەی من ـــ کە نەگەیشتووەو ناکامڵە ـــ پێیوایە کە کاری دووهەمین بۆتە هۆی مومکینبوونی کاری یەکەمین، هەرچەند خۆمان لە بەرهەمهێنانی دوورەگەکان مەنع بکەین، موتوربەکردن لە نێوان جۆرەکاندا ئیحتیمالی زۆرترە، ئەم مەسەلەیەش یەکێکە لە کۆدژ (تناقچ)ەکانی جیهانی مۆدێرنە، پرسیاری دووهەم پەیوەندی بە جیهانی پێش مۆدێرنەوە هەیە، واتە بە جۆرەکانی دیکەی فەرهەنگەوە، جارێکی دیکە گریمانە سادەکەی من ئەوەیە کە لێبڕانی فەرهەنگەکانیتر بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی دووڕەگەکان دەبێتە هۆی سنووردانان بۆ زۆربوونی.

ئەم ناتەرییبیە دابەشبوونێکی گەورە ڕووندەکاتەوە لە نێوان ئەوان: واتە هەموو فەرهەنگەکانی دیکەو لە نێوان ئێمە ـــ واتە رۆژئاواییەکان ـــ، ئەمەش وادەکات چارەسەری کێشەی گرێکوێرەی رێژەیی لە کۆتاییدا مومکین بێت، بەڵام پرسیاری سێهەم پەیوەندی بەم کێشەی ئێستاوە هەیە: ئەگەر مۆدێرنە چالاك بێت

لــە كــارە دووســـەرەكەيدا (المــزدوج) كــە خــۆی لــە جياكردنـــەوەو زيادكردنـــدا دەبينێتــەوە، بۆچــی ئــەمڕۆ خــۆی لاواز دەكــات، بــەوەی ڕێگريمــان لێــدەكات كــە بەراستی نوێگەر بين؟ لێرەوە پرسياری كۆتاييی‌و قورسترين ئەمەيە: ئەگـەر دابـڕان لە نێوان ئێمەو بوونمان بە نوێگەر دروست بـووە، ئەگـەر چيدی نەشـتوانين كـاری زۆركـردن‌و كـاری پاككردنــەوە جيابكەينــەوە، ئايــا دەبينــە چــی؟ بێگومــان ئــەم گريمانە كاڵ‌و نەگەيشتووەی من وەك گريمانەكەی پێش خۆی ئەوەيە كـە پێويـستە لەسەرمان لە خێراييمان كەمبكەينەوەو ئاڕاسـتەمان بگـۆڕين، زۆربـوونی دڕنـدەكان ڕێكبخەين، ئەوەش بە دانپێدانان بە بوونيان". (هەمان سەرچاوە، لا ١٢).

٧٣ ـ ئەگەر ئەنترۆپۆلۆجيا (زانستی مرۆڤناسی)يەك دابنرێت بۆ جيهـانی نـوێ، كارەكەی ئەوە دەبێت بە هەمان ڕێگە بۆمان باس بكات كـە چـۆن هـەموو لقـەكانی حكومەتەكـەمان ڕێكخـراوە، لەناويـشيدا سروشـت‌و زانـستە سروشـتيەكان‌و فيزيـا، چۆن‌و بۆچـی ئـەو لقانـە لـە يەكدی جيادەبنـەوە، هـەروەها پێويـستە لەسـەرمان لێكدانـــەوەمان بـــۆ ئـــەو ڕێكخـــستنە جۆربەجۆرانـــەی ئـــەو لقانـــەی لەيەكـــدی نزيككردۆتــەوە هــەبێت". (هــەمان سەرچــاوە، لا١٤ــ١٥). ناونيــشانی فــەرعی بــۆ نوسـخەی فەرەنـسی ئەسـڵی كـە لـە ناونيـشانە ئينگليزيەكـەدا لابـراوە بريتيـە لـە: Essai d`anthropologie syme`trique سەيری:

Latour, Bruno, Nous nn`avons jamais e`t` modernes: Essai d`anthropologie syme`trique(Paris, La De`couverte, ١٩٩١).

٧٤ــ بە هۆی متمانەبەخشين بەو دەستوورە لەوەدا كە جياكردنەوەيەكی تـەواو دەكات لە نێوان مرۆڤ و ڕەگەزە نامرۆڤەكان، توانای لابردنی ئەو جياوازيەش، ئـەوا دەسـتوور وا دەكـات لـە مۆدێرنيـستەكان ببنـە ئـەو مرۆڤانـەی كـە نابـەزن، ئـەنجا ئەگـەر ڕەخنـەيان لێبگريـت‌و بڵێيـت سروشـت دەسـتكردی مرۆڤـە، ئـەوا دەڵـێن سروشت شـتێكی بـاڵاترە لـە مـرۆڤ، زانـست تـەنها هۆكارێكـە بـۆ نزيكبوونـەوە لـە

سروشت و ئەوان لەو سنووره تێناپەڕن، ئەگەر پێیان بڵێیت کۆمەڵگە بالآتره لێمانو یاساکانی بێکۆتایی ئێمە تێدەپەڕێنن، پێتدەڵێن ئەوان یاساکانی سروشتو ئەو ئازادییانەی مرۆڤ کە ناکرێت زەوت بکرێت، تێکەڵ ناکەن".

(Latour, We Have Never Been Modern, ٣٧)

بە هۆی گەڕانەوەم بۆ نوسخە فەرەنسیە ئەسڵیەکە هەڵەی وەرگێڕانەکەم راستکردەوە.

(Latour, Nous jamais e`t`e modernes, ٥٧)

لە دەقە ئینگلیزیەکەدا ڕستەی سێهەم بە هەڵە نووسرابوو: "ئەگەر پێیان بڵێیت ئێمە ئازادینو چارەنووسمان بەدەست خۆمانە، پێتدەڵێن کۆمەڵگە بالآترەو یاساکانی ئێمە تاوەکو ناکۆتا تێدەپەڕێنن".

٧٥ـ لاتۆر Latour بە سەرنجدانی دەرکەوتنەکانی لە جیهانی مەعریفەدا ئەم دژەڕووکەشی (مفارقە)یە ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: "بۆ ماوەیەکی زۆر پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگایان بە خۆیان دابوو دژی سیستمی باوەڕی خەڵکی بە گشتی بن، ئەو سیستمەی باوەڕ بە سروشتاندنی (تگبع) شتەکان ناو دەبەن، کاتێك خەڵکی ئاسایی وەها خەیاڵ دەکەن کە هێزی خوداکانو نهێنی سامانو کێشکردنی جلوبەرگو جوانیو هونەر هەمووی لەو تایبەتیە بابەتییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەنێو سروشتی شتەکاندایە، خۆشبەختانە پسپۆڕەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان زانینیان زۆرترەو ڕوونیدەکەنەوە کە تیرەکە بە ئاڕاستەکەی تردا دەڕوات، واتە لە کۆمەڵگەوە بۆ شتەکان، بۆیە خوداکانو سامانو جلوبەرگو هونەرو جوانی تەنها پەردەیەکن بۆ پیادەکردنی پێویستیو گرنگییدانە کۆمەڵایەتییەکانمان، لە کاتی ئیمیل دۆرکهایمەوە ئەمە نرخی چوونە ناو پیشەی زانستی کۆمەڵناسی بووە. لەگەڵ ئەمەشدا سەختیەکە لە گونجاندنو ڕێکخستنی ئەم جۆرە لە دژایەتیو شێوەیەکی دیکە کە ئاڕاستەکانی تیرەکان بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەدا دەڕۆن، خەڵکی بە گشتی و چالاکوانە کۆمەڵایەتیەکان و

هاونیشتمانە ئاساییەکان بڕوایان وەهایە کە ئازادن و دەتوانن بە ئازادیەکی تەواو حەز و پاڵنەر و ستراتیجیەتە عەقڵیەکانیان بگۆڕن، بەلام خۆشبەختانە پسپۆڕەکانی زانستە کۆمەلایەتیەکان پاسەوانگەلێکی وریا و ئامادەن و دژایەتیو سەرکۆنەو گاڵتە بەمجۆرە باوەڕە سادەیە دەربارەی ئازادی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکەن، ئەمجارە سروشتی کۆمەڵگە ـ واتە ئەو ئەنجامە زانستیانەی لەسەری یەکڕاین ـ بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە کە ئەوە سروشتی شتەکانە کە ویستە نەرم و لاستیکیەکانی مرۆڤە لاوازەکان دروست دەکات و شێوەی پێدەبەخشێت". ( Latour, We have Never Been Modernn ٥١_٥٣).

٧٦_ هەڵەیەکیش لە وەرگێڕانەکەدا هەیە، دەقە ئینگلیزیەکە کاتی ڕابوردووی تەواو بەکاردەهێنێت، بەلام ئەمە وەرگێڕانێکی هەڵەیە، بەلام دەقە فەڕەنسیەکە کاتی رابوردوو بەکاردەهێنێت `passé compos`

٧٧_ Latour, We Hve Never Been Modern,٤٧.

٧٨_ "مۆدێرنیستەکان بوونەتە قوربانیی سەرکەوتنەکەیان، لەکاتێکدا دەستوورەکەیان دەتوانێت هەندێك دژەنموونە لەخۆبگرێت، واتە هەندێك لەو هەلاوێردنانەی (استپناوات) ئەم دەستوورە لەسەری دەژی، بەلام کاتێك هەلاوێردنەکان زۆر دەبن و چینی ڕەشۆکی خەڵكو جیهانی سێهەم لە پێناوی دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵگەکانی دیکە بە ڕێگایەکی کوێی لەگەڵ هەندێکیدا کۆدەبنەوە، ئەوکاتە ئیتر دەستوور زۆر بەسوود نابێت بۆمان، بە ڕاستی زۆربوونی دووڕەگەکان (هجینات) چوارچێوەی دەستووری مۆدێرنیستەکانی پڕکردۆتەوە". (Latour, We Never Been Modern, ٤٩_٥١)

٧٩_ Latour,We Never Been Modern, ٦٩.

٨٠_ هەمان سەرچاوە، لا ٩٠

٨١_ هەمان سەرچاوە، لا ١٠٣_١٠٤

٨٢ـ هەمان سەرچاوە، لا ١٣٩

٨٣ـ تەماشای: دەبرە گۆڵد Deborah T. Gold، لە پێشەکی: Fertilization of the Life Course and Other ـCross'' Theoretical Paradigrams'', section ٣ of The Gerontologist ٣٦, no.٢(April ١٩٩٦), ٢٢٤.

"زانستی کۆمەڵناسی لەم دەیان ساڵەی ڕابوردوودا بووە زانستێکی مەعریفی وەها کە زۆر زیادەڕۆیی کردووە لە پسپۆڕییەکانیدا، سەرەڕای ئەوەی زاناکانی کۆمەڵناسی رەنگە باوەڕیان وەها بێت کە فێرکردنێکی فراوان پێشکەشی خوێندکارەکانمان دەکەین، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە خوێندکارەکان بۆ ئەوە هەڵدەنێین کە بواری ئەزموون و لێهاتووییان تەسك بکەینەوە، بەدبەختیش لەوەدایە کە ئەم وێناکردنە تەسکە ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی بەو شتانەی لە دەرەوەی پسپۆڕیی خۆیاندایە ئاگادار نین. ئەگەر زانایانی کۆمەڵناسی بەم ئاڕاستەیە بەردەوام بن، ناتوانین پێشبینی دەرکەوتنی تالکۆت پارسنز Talcott Parsons یان ڕۆبێرت مۆرتن Robert Morton بکەین لە سەدەی بیست و یەکدا کە دیدگەیەکی زانستیی فراوانتر بهێنێتە ئاراوە، لەبری ئەوە، وا چاوەڕوان دەکرێت کە زانایانی کۆمەڵناسی لە داهاتوودا بواری لێهاتوویی و ئەزموونداری خۆیان زۆرتر و زۆرتر بەرتەسکتر بکەنەوە".

ئەوەی شایانی تێبینییە کە ئەم شتە (وتارە) رازاوەیە لە گۆڤارێکی زۆر پسپۆڕییدا بڵاوکرایەوە کە ناوی (گۆڤاری زانستی پیری)یە The Gerontologist.

٨٤ــ "دەتوانین بڵێین نموونەی بکەرە کۆمەڵایەتیە سادەکان لە دیدی کۆمەڵناسیەوە ـ بەو شێوەیەی لە نموونە تیۆرییەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ تیۆری "هەڵبژاردنی عەقڵانی"و "تیۆری گەمە"(game theory) ــ دا دەردەکەوێت،

راست نییه له نزیکەی هەموو بۆنەکاندا، بۆیە پێویستە پۆلێن و لێکدانەوەکانمان، کارلێککردنی بەردەوام لە نێوان پێشبینییە دامەزراوەییەکان و وێناکان و کاریگەرییەکان و شێواندنەکان و هەڵسوکەوتەکان لەخۆبگرێت".

Smelser, Neil, Problematics of Sociology(Berkeley: University of California Press, ١٩٩٧), ٢٧.

٨٥ـ McNeil, William. Mysthistory and Other Essays(Chicago: University of Chicago Press, ١٩٨٦).

٨٦ـ "ئایا مێژوونووس ئەو کەسەیە کە دەزانێت؟ نەخێر، بەڵکو ئەو کەسەیە لێکۆڵینەوە دەکات. پێشەکی پەرتووکی:

Lucien Febvre, G, Friedmann: Humanisme du travail et humanite`, Cahiers des Annales ٥(Paris: A. Colin, ١٩٥٠), v.

٨٧ـ وای دەبینم کە نادڵنیایی (عدم الیقین) ئەو دۆزە جەوهەریە بوو کە نەیل سمەلسەر Neil Smelser قسەی دەربارەی کرد، ئەوەش لەو وتارە سەرۆکایەتیەیدا لە کۆمەڵەی ئەمریکی کۆمەڵناسی لە ساڵی ١٩٩٧ز دا کاتێک گفتوگۆی لەسەر زاراوەی دژەیەکی ناوەکی (التناقض الداخلي) کرد کە لە مەرتۆن Merton ی خواستبوو، بە پلەی یەکەم وەك ئەو نەگۆڕە دەروونیانەی کە پاڵنەری بکەرە کۆمەڵایەتیەکانن، نەوەك وەك نەگۆڕە بونیادیەکانی جیهانی ماددیی، لەگەڵ ئەوەشدا سملسەر دەگاتە ئەو کورتەیەی کە من زۆر هاوڕام لەگەڵی، کە بریتیە لە: "تەنانەت دەتوانین بڵێین دژەیەکی ناوەکی ناچارمان دەکات بیر بکەینەوە پتر لەوەی کاری بەباشترزانین (تفضیل) دەیکات، بەهۆی ئەوەی کە ململانێ وەهامان لێدەکات کە بیر بکەینەوە پتر لەوەی کە حەز و رەغبەت دەیکات".

Smelser, Neil, ''The Rational and the Ambivalent in the Social Social Sciences'',American Sociological Review,٦٣, no.١ (Feb. ١٩٩٨),٧.

٨٨ـ Michel Cazenave, de, Dictionnaire de I`ignorance (Paris: Bilbilothe`que Sciences Albin Michel, ١٩٩٨)).

٨٩ـ (چەمکی رزگارکردنی جیهان لە جادو/ وەهم disentchantment) سەرچاوەکەی بەرزنرخاندنی جیهانی زەمینییە (ئەمەش پارادۆکسە)، بۆیە شایانی ئەو گرنگیپێدانە فیکریەیە کە ئەرەستۆ وازی لێهێناوە بۆ جیهانی ئاسمان، زانستی کۆن نکوڵی لە بوون (کینونە) و جۆراوجۆربوونی سروشتی کردووە، بەڵام لای ئەرەستۆ بە تایبەتمەندییەکانی جیهانی نزمی زەمینی داناون، بەم واتایە، زانستی کۆن ئاسمانی هێنایە خوارەوە بۆ سەرزەوی...، بە دڵنیاییەوە گۆڕانی ڕیشەیی لە دیدگەی زانستی نوێ کە بریتیە لە گۆڕان لە ئاڕاستەی جیهانی کاتیی ناجێگیر و چەندین، دەکرێت وەك ئاڕاستەیەکی پێچەوانە سەیر بکرێت بۆ ئەو بزووتنەوەیەی کە جیهانی ئاسمانی ئەرەستۆی هێنایە خوارەوە بۆ سەرزەوی، بەڵام ئێستا ئێمە جیهانی زەوی بەرز دەکەینەوە بۆ ئاسمان".

Prigogine, IIya and Isabelle Stengers. Order out of Caos: Man`s New Dialogue with Nature(Boulder: New Sciences Library, ١٩٨٤), ٣٠٥ـ٣٠٦.

# فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| ئاستەنگ | التحدی |
| عەقلّەزموونی ناتیۆری | الامبریقیه غیر النظریه. |
| بالآچوو | متعالی |
| بکەری کۆمەلآیەتی | الفاعل الاجتماعی |
| بێگومانییەکان | الیقینیات |
| پەڕگیر(توندڕەو) | متطرف |
| ترسەزالّی | فۆبیا |
| خۆڕەگەزاندن | جەندەر |
| دژەڕووکەش | مفارقه |
| دەروونشیکار | المحلل النفسي |
| ریزپەڕ | استثناء |
| رێنیشانگەل | معالم |
| سروشتاندن | تطبع |
| کەسایەتی سەرچاوەیی | شخصية مرجعية |
| کەسایەتی کاریزمی | کەسی لێهاتوو و ئیلهامبەخشی شوێنکەوتووانی |

| | |
|---|---|
| کۆپەیوەندی | ترابط |
| کۆتی کۆمەڵایەتی | قيد اجتماعي |
| گۆڕاو | المتغير |
| لقەکۆمەڵە | الجماعة الفرعية |
| مامناوەندەکایە | المدى المتوسط |
| مێژووی زنجیرەیی | التأريخ المشهدي |
| نێرینە سەنتەری | التمركز الذكوري |
| هاوتاکاری | المقارنة |
| هاوڕایی کۆمەڵایەتی | التوافق الأجتماعي |
| هەستەناوەکی | حدس |
| وتەزا | مقولة |